پرسی جەستە
"لە یارییەکی بوونگەراییدا"

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەرێوەبەرێتی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەرێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

پرسی جەستە

"لە یارییەکی بوونگەراییدا"

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

سلێمانی
2012

بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

www.dengekan.com

- نووسەر:
- بابەت:
- پیت
- هە
- نە.
- نەخشەسازیی ناوەوە:
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
- قەبارەی کتێب: A4 2/1
- زنجیرەی گشتیی کتێب: ()
- تیراژ : () دانە
- چاپ: چاپخانەی
- نرخ: () دینار
- ژمــارەی ســپاردنی ()ی ســاڵی 2012ی وەزارەتــی رۆشــنبیریی و لاوانی دراوەتیٚ.

بەرێوەبەرێتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی

گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نویٚ

ژمارەی تەلەفۆن: 3301949

ناوەڕۆك:

- ئافرەت و سێکسگەرایی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا
- فەلسەفەی جەستە
- پرسی جەستە، لە یارییەکی بوونگەرایی
- سێوی مەعریفە، بازنە داخراو/کراوەکانی جەستە
- سێوی مەعریفە، لەنێوان یەکسانی و جیاوازی
- ئافرەت لەنێوان ڕۆشنبیریی نێر و ئابلۆقەی زماندا
- سێنترالیزمی نێرایەتی
- چەمکی توندوتیژی لەنێوان فیکر و زانستدا
- تیۆری توندوتیژی ڕەمزی لای پییێر بۆردیۆ
- بونیاد/هاپیتوس/ پرۆسیسەکردن، لای پییێر بۆردیۆ

ئافرەت و سێکسگەرایی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا

لە پێشەکی ئەو کتێبەدا هەوڵدەدەم قسە لە یەکێك لەو کتێبانە بکەم، کە چ وەك تیۆریزەکردن و چ وەك پراکتیکی کۆمەڵێك کاری لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەو کۆمەڵە کارەش کۆمەڵێك نووسەرو توێژەری شارەزای بواری ئافرەتانی لە پشتەوە و (بینار ئیلکارکان) توێژەری تورکی لە بواری ژناندا بە ئامادەکردن و هەڵبژاردن و وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی تورکی هەڵساوە و وەرگێری عەرەبی (موعین ئیمام) کردوویە بە عەرەبی. کتێبی (ئافرەت و سێکسگەرای لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا) یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە بە یارمەتی ڕێکخراوی (ئافرەت لە پێناو ئافرەتدا) بە چاپ گەیەنراوە.

ڕێکخراوی ناوبراو ڕێکخراوێکە چاو بەو شوێنانەدا دەگێڕێت، کە مافی ئافرەتانی تیا پێشێل دەکرێت، هەروەها ئەو کتێبە لە ڕێگای بەدواداچوون و توێژینەوە لەسەر ئەو ژنانەی، کە دوچاری ستەمی ڕەگەزایەتی بوونە، لە ڕێگای ئەو بێنرخکردنانەی، کە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ئافرەتان دەکرێتەوە و ئافرەتانی لەو ڕێگاوە پێ پەراوێز کراوە، توانیویەتی پەنجە بخاتە سەر برینەکانەوە و لەوێشەوە هەوڵدەدات بە شێوازی تایبەتیانە (واتە هەر نووسەر و توێژەرێك بە شێوازی تایبەتی خۆی) ئازاری ئەو برینانە نیشانی مرۆڤی دنیا بدات.

وەك گوتمان لە پشت ئەو دەرکەوتنە چەندین نووسەر و توێژەری بواری ژنان دێتە قسەکردن و تیۆردارِشتن، هەر لە فاتیمە ئەلمەڕنیسیەوە بۆ لەیلا ئەحمەد و ئەلیفە ڕەفعەت و میرفت و بوسێنە شەعبان تا دەگاتە نەوال ئەلسەعداوی و عائیشە دوزکان و ئامادەکاری ئەو کتێبە،... هتد. هەر یەکێك لەوانە لە ڕێگای دواندن و توێژینەوە و بە دواداچوونی ئەو هەموو ستەم و بێنرخکردن و ڕاوەدوونانی ئافرەتان و قسەکردن لەسەر مێژووی چەوسانەوەی ئافرەت و دەسەڵاتی نێرایەتی بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا نووسین و توێژینەوەکانی خۆیان درێژە پێ دەدەن، هەر لەوێشەوە پێمان دەڵێن، کە سیستمی نێرسالاری لە ڕێگای حوکمکردن بە سەر ئافرەتانەوە دەیەوێت هێزی نێرایەتی خۆی بە سەر کۆمەڵگاو بەتایبەتی ژناندا پراکتیزە بکات. بە مانایەکی دیکە لە ڕێگای ئەو میکانیزمەوە تەحەکوم بە مافی ئافرەتانەوە دەکات و بە هەموو شێوەیەك دەیانچەوسێنێتەوە.

ئەوە و سەرەڕای ئەو توندو تیژییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەی، کە پیاو بە دژی ژنان پیادەی دەکات، ئافرەت بۆتە وەرەقەیەك هەم بۆ سێکس و هەم بۆ بواری ئابوری و سیاسی. هەڵبەتە ئەو بەکارهێنانە نامرۆییانە جگە لەوەی پیاو وەك بوونەوەرێکی دڕندە دەخاتە ڕوو، لەبەرانبەریشدا ئافرەت وەك چەوساوەترین بوونەوەر (بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی) نیشان دەدات.

ئەگەر ڕەگەزی نێر بۆ ئەو هەموو چەوسانەوە و بێنرخکردنە قسەیەکی هەبێت، ئەو قسەیە هەر تەنها پەیوەندی بە قبوڵنەکردنی ڕەگەزێکی دیکەی جیاوازەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کلتور و عەقڵانیەتێکەوە هەیە، کە خودی نێر بەرەو جۆرێك لە بیرکردنەوە ئاڕاستە دەکات، بێ ئەوەی ئەو هەموو گۆڕانکارییە گەورانەی دنیا، ئەو هەموو بەرەوپێشچوونانەی دنیا

بتوانێت بە شێوەیەك لە شێوەكان، ئەو ئاراستانە لەگەڵ خۆیدا بەرەو گۆڕان بكاتەوە، ئەوەش پەیوەندی بە بنچینەی ئەو عەقڵانیەتە دایە، كە بەردەوام خۆی بە حەقیقەتی ڕەها دەزانێت، لەو كاتەدا هەموو گۆڕانكارییە مەعریفی و فەلسەفی و زانستی و تەكنۆلۆژییەكان لەلای ئەو، جگە لە لێدانی ئەو بنەما و پرنسیپە، یان جگە لە ئایدیۆلۆژیایەكی دژ، شتێكی دیكە نییە، واتە لای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی فەندەمێنتاڵی هەموو گۆڕانكاری و پێشكەوتنە مرۆییەكانی سەردەم لە پشتییەوە جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیا ئامادەیە كە نیازی ڕەشكردنەوەی ئەوی لەخۆدا هەڵگرتووە, هەموو ئەوانەش ئەو زێتر سووڕتر دەكات، نەك هەر هێندەش بەڵكو دەبێتە ڕاپۆرتێك بۆ بەرجەستەكردنی حەقیقەتەكانی، بە مانایەكی دیكە هەموو ئەو پێشكەوتنە مرۆییانە بەلای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی فەندەمێنتاڵ تەنها جەختكردنە لەو حەقیقەتە ڕەهایانەی، كە ئەو چەندان ساڵە بانگەشەی بۆ دەكات.

كەواتە بەلای ئەوەوە هەموو ئەو بەرەوپێشچوونەی فیكر و فەلسەفە و تەكنۆلۆژیا و زانست و كەشفكردنەكانی دیكە جگە لە دووبارە بەرچاو خستنی حەقیقەتێك، كە خۆی بە كامڵ و تاك و تەنیا دەزانێت شتێكی دیكە نییە، ئەو حەقیقەتەش حەقیقەتێكە، كە پێیوایە جگە لەو حەقیقەتێكی دیكە وجودی نییە.

بەمجۆرە فەندەمێنتاڵەكانی ڕۆژهەڵاتی لە شوێنی گۆڕینی دنیابینیەوە، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەهێننە ناوەوە، گەڕانەوەش بۆ ڕابردوو لە نزیكترین پێناسەیدا پەیوەندی بە فەرامۆشكردنی فیكرو نەبوونی دنیابینی و نەبوونی جیهانبوونی هەیە، وەك چۆن پەیوەندی بە نەبوونی بابەتبوونداییە. بە مانا (هابرماسی)یەكەش **كاتێك فیكر دەكەوێتە فەرامۆشییەوە، ئیتر تەواوی ئازادی و ئامادەگی خۆی لەدەست دەدات و ناتوانێت پارێزگاری لە خۆی بكات. هەر فیكرێك نەتوانێت پارێزگاری لە خۆی بكات و نەتوانێت ئامادەگی خۆی بسەپێنێت، ئەوە وەك بابەتیش لە بری ئەوەی وەك بكەر دەربكەوێت، وەك ڕەمز ئامادە دەبێت.** هەموو ئامادەگییەكی ڕەمزیانەش دەكەوێتە سەرووی واقیع و سەرووی پانتاییە حەڵاڵەكانەوە، بۆیە مرۆڤی فەندەمێنتاڵ لە بری پەنابردن بۆ گفتوگۆی جیاواز و بیروڕای جیاوازو دنیابینی جیاواز، هێز و توندوتیژی پراكتیزە دەكات، جا چ توندوتیژی فیكری بێ، یان توندوتیژی ڕەفتار ئامێزی دیكە.

لێرەوە ڕەنگە بتوانین بڵێین بەشێكی زۆری ئەو وسبەلێكراوە ئایینیانەی، كە بە كۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتییەوە بەندن، وسبەلێكراوی سێكسگەرایین (زاراوەی سێكسگەرایی لەگەڵ هاتنە ئارای مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەو دیموكراسیەت،... هتد. هاتە ناوەوە، ئەگەرچی ئەو وشەیە لە كلتوری ڕۆژئاوا لە (200) ساڵ بەر لە ئێستا بەكار هێنراوە، بەڵام پێش بە زاراوەبوونی تەنها بۆ گژوگیا بە مانای (جنس) كەڵكی لێوەرگیراوە، بەڵام دوای ئەوە وەك زاراوە تەعبیر لە كۆمەڵێك هەست و ڕەفتار و كاردانەوە سێكسییەكان دەكات، كە بەشێوەیەكی سروشتی لە ئینساندا كار دەكەن) بە مانایەكی دیكە ئافرەت بە گشتی ئایین سنوورەكانیان بۆ دیاری دەكات. كەواتە ئافرەت نەك هەر تەنها ناتوانێت لە كۆمەڵگادا بە شێوەیەكی ئەكتیڤ خۆی بنوێنێت، بەڵكو بە شێوەیەك كۆتوبەند كراوە، یان بە شێوەیەك پەراوێز كراوە كە حەقی ئەوەشی نییە بێتە نێو ژیانەوە.

کاتێک ئایین سنوورەکانی ژیان دیاری دەکات و هەموو گۆڕانکارییە مرۆییەکان بە دەرچوون و یاخی و هەڵگەڕاوە دەچوێنێت، ئیتر هەموو مافە مرۆییەکانیش دوچاری بنبەستبوون دەکاتەوە، هەموو جیاوازییەکانیش گۆشەوگۆش سەردەبڕێت، لێرەوە هەوڵدەدەم بڵێم هەموو ئەو گوتارە ڕۆژهەڵاتی و ئایینیانەی کە بانگەشە بۆ مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و جیاوازییەکان دەکەن، جگە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، جگە لە بێنموودکردنی پێشکەوتنەکانی دنیای مۆدێرن و گاڵتەکردن بە داهێنانەکانی مرۆڤایەتی شتێکی دیکەیان پێ نییە، چونکە وەک گوتمان لە بنەڕەتدا ژیان دەخاتە ئایندەیەکی دواخراوەوە، ئایندەیەک کە دیار نییە، بێئەوەی هیچ ئەرزشێک بۆ ئێستای ئیبداع و ئێستای ژیان و جیاوازیەکان دابنێت. ئەوەش ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی کۆمەڵگایەکی داخراوە، چونکە بەردەوام لە هەوڵی تەلبەندکردنی هێز و وزەکانی ژیاندایە، هەمیشە ترسی مەرگمان لەنێودا دەچێنێت، تاکو ژیانمان لەبەر چاو تاڵ بێت. فەندەمینتاڵی ڕۆژهەڵاتی پەیڕەوی عەقڵ و بیرکردنەوەیەک دەکات کە ئەوەندە مەرگدۆستە، ئیتر ژیان و چێژی ژیان و ئیبداعی مرۆڤایەتی وەک شتێکی بێ نرخ سەیر دەکات. هەموو ئەوانەش ئەگەر بەشێکی زۆری بۆ نووچدان و بنبەستبوونی فیکری بگەڕێتەوە، بەشێکی بۆ ئەو مرۆڤە تەمبەڵەی خۆرهەڵات دەگەڕێتەوە کە ئەسڵەن هەستکردنی بە فەردانیەت تیا نادۆزیتەوە، هەمیشە لە چاوەڕوانی ئاڕاستەکردن دایە، ئەگینا هیچ جولەیەکی تێدا بەدی ناکەیت.

بە مانایەکی دیکە لەبەر ئەوەی لەمرۆی ژیان و ئیبداع و تەکنۆلۆژیادا هیچ بەشدارییەکی جیدی نییە، بۆیە بە ڕابردووەکانی خۆی دەنازێت و شانازی پێوەدەکات، بە دیوەکەی دیکەش هەمیشە سنوورەکانی ژیان بەدەوری خۆیدا تەسکتر دەکاتەوە و هەمیشە لە کوشتنی جیاوازییەکان بێ سڵکردنەوە بەردەوام دەبێت، بە مانایەکی دیکە هەموو ئەو هەوڵ و بزاڤە نوێخوازانەی کە بە نیازی بەشداریکردنی گفتوگۆو دنیابینی سەردەم دێنە ناوەوە بە کافر و هەڵگەڕاوە وەسفیان دەکات و دەیانخاتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوە و فتوای کوشتنیان بە سەردا دەدات.

نووسەران و توێژەرانی کتێبی ناوبراو بەشێک لە تیۆر و قسەکردن و دواندنەکانیان ڕاستەخۆ پەیوەندی بەو دەرهاوێشتەیە دایە و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو سەردەمەشمان بیر دەخەنەوە، کە لەژێر سێبەری ئایین زۆر نارەواو داپڵۆسێنەرانە مامەلەیان لەگەڵ ژنان کردووە، هەروەک ستراتیژییەتی ئەو گوتارانەشمان بۆ شیدەکەنەوە، کە دەیانەوێت لە ڕێگای هەڵدانی ماف و مافی ئافرەتان و بە پیرۆز تەماشاکردنیان، سیاسەتی کۆنترۆڵکردن و خستنەناوەوە پراکتیزە بکەن، تاکو لەوێوە وسبەلێکراو و بێدەنگ کردنەکان زێتر برەو پێ بدەن و بەرجەستەتری بکەن.

نەوال ئەلسەعداوی یەکێک لەو ئافرەتانە بوو، کە کۆمەڵگای میسری هەوڵی زۆری بۆ بێدەنگکردنی دەدا، بەردەوام چالاکیەکانی پەراوێز دەکرد، نەک هەر هێندەش بەڵکو دووچاری زیندان و ڕاوەدوونانیشی کردەوە، بەڵام نەوال ئازایانە هەموو ئەو کۆتوبەندەی بڕی و ڕۆژانێک توانی ژان و ئازارەکانی ڕەگەزی مێ تا ئەو ئاستە بەرێت، کە ئیتر قبوڵکردنیان بێتە مەرجێک بۆ بەمرۆڤبوونی ڕەگەزی نێر و نێرایەتی لە ڕۆژهەڵاتدا.

سەرەڕای نووسەرانی دیاری وەك فاتیمە مەرنیسی، كە لە ڕێگای بەراوردكردن و تیۆرەكانییەوە توانیویەتی مرۆڤگەراییوونی مێینە و سێكسگەرای بە شێوەیەكی زانستی وا بەرجەستە بكات، كە بێتە شوێنی سەرنجی فیكری مۆدێرن و پۆست مۆدێرنە، هەروەك كارەكانی هەر یەك لە لەیلا ئەحمەد و بوسێنە و میرفەت لە ڕووی بەدواداچوون و دواندن و توێژینەوە و بەرجەستەكردنی ژانۆژوارەكانی ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان لەو كتێبە بەردەكەوێت و لە زۆربەی توێژینەوەكانیان باس لە ڕەگەزایەتی و نێرسالاری دامودەزگاكان و ئایین و سیاسەت دەكەن. قسە لەوە دەكەن كە ئەگەرچی مێژوو زۆرجار باسی ئافرەتانیان هێناوەتە ناوەوە، بەڵام كەمترین پانتاییان بۆ قسەكردنی سێكسگەرایی تەرخان كردووە، ئەوەش وەك (دینیز كاندیوكی) نووسەر و توێژەر بۆی دەچێت ڕاستەخۆ پەیوەندی بە وسبەلێكراو و سێكسگەرایی مێینەوە هەیە، هەموو ئەو لێكۆڵینەوانەی كە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كراون جەخت لەو خاڵە دەكەنەوە و لەلایەك بە ئایین و لەلایەكی دیكە بە مەسەلەی كۆمەڵایەتی و سیاسەتەوە پەیوەستی دەكەن، لە حاڵەتێكدا كە بە سیاسەت پەیوەست دەكەن، دێنە سەر قسەكردن لە بارەی سیستمی حوكمرانی ڕۆژهەڵات و نێرایەتی ئەو حوكمرانە، بەڵام كاتێك بە ئایینی پەیوەست دەكەن، دێنە سەر ئیسلام و ئایینی ئیسلامی و لە ڕووی كۆمەڵایەتیشەوە ئەو ترسەمان نیشان دەدەن، كە هەر یەك لە نێر و مێ لەو ڕووەوە دوچاری دەبنەوە، هەڵبەتە ئاستەكانی ئەو ترسەش بە ناوكۆییە سیاسی و ئاینیەكانەو بەندە، بۆ نموونە لە ناوكۆیی سیاسیدا مەسەلەكانی سێكسگەرایی و ئازادی مێینە بەدناوكردنی ئەو سیستمەی لێدەكەوێتەوە كە حوكمرانی بە دەستە، وەك چۆن لەناوكۆیی كۆمەڵایەتییەوە بەدناوكردنی دابونەریت و خێزان دەگەیەنێت، بۆیە ئایین كە لە ڕۆژهەڵات ژیان بە هەموو شێوەكان بەڕێوە دەبات، بۆ مەسەلەی ژنانیش بە كۆمەڵێك دوالیزمەوە دێتە ناوەوە، یەكێك لەوانە ئەو دوالیزمەیە كە لەلایەك كۆتەكانی ئافرەت توندتر و سنوورەكانی تۆختر دەكات، لەلایەكی دیكە ئافرەت وەك دایك بە پیرۆز سەیر دەكات و وەك هەڵگری دابونەریتەكانی كۆمەڵگا تەماشای دەكات، بە مانایەكی دیكە دەیەوێت بڵێت كۆمەڵگای باش ئەو كۆمەڵگایەیە كە ئافرەتەكانی شەرمن و ئابڕوودار و بێخەوشن، هەڵبەتە ئەوەش یەكێكە لەو ستراتیژییە سیاسییەی كە ژنانی پێ لە خشتە دەبردرێت، لەوێشەوە دەیانەوێت هەموو ئەو پەیوەندیانە كۆنترۆڵ بكەن، كە ژن بە ژیان و سیاسەت و مەسەلەكانی دیكە دەبەستێتەوە، سەرەڕای سێكس و سێكسگەرایی و چێژی سێكسی، چونكە نێر پێیوایە سێكس خزمەتێكە لە لایەن ژنانەوە بە پیاوان دەبەخشرێت، لە بنەڕەتدا بە مەبەستی دابنكردنی دڵنیایی و خۆشی پیاو ئەنجام دەدرێت، لێرەدا ئەسڵەن ڕازی بوونی ژنان لەبەر چاو ناگرن، چونكە ئەركی ژنان ئەوەیە كە خۆیان بخەنە بەر خواستی مێردەكانیان، بەڵام وەك دەزانین پەیوەندی سێكسی تەواو ئەوەیە، كە جێگای ڕەزامەندی هەر دوو لا لەبەر چاو بگیرێت، چونكە لەبەر چاو نەگرتنی هەست و نیازەكانی یەكتر دەبێتە مایەی پشتگوێ خستنی یەكتر و كاریگەری قووڵی لەسەر پەیوەندی هاوسەرێتی هەیە.

سێكس وەك (مەسعود مەعتەمەد) دەڵێت بە لەزەتی تەواوەوە یەكێكە لە نیازە بنەڕەتییە سروشتییەكان كە دەبێتە هۆی دامركاندنەوەی بەشێكی

زۆری ئاڵۆزی دەروونی و هەڵچوونە دەروونییەکان و بە دەستهێنانی ئارامی دەروونی، ئەو دیاریدەیە دامرکێنەر و ئارامبەخشە سروشتییە ئەگەر بە شێوەی تەواو و بە گوێرەی پێویست ئەنجام بدرێت سەلامەتی لێدەکەوێتەوە...

لەلایەکی دیکە بزاڤە نیشتیمانییەکانیش دوور نین لەو بیرکردنەوەیە، یان بە مانایەکی دیکە ڕەنگدانەوەی ئایین زۆر بە جوانی لەمیانی بزاڤە سیاسیەکانیشەوە ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، جا چ بزاڤی ناسیونالی بێت یان چەپ و ئەوانیدیکە لەسەر هەمان شێوازی حوکمرانی ئایینی و بە هەمان عەقڵانیەتی نێرسالاری جەخت لەوە دەکەن کە ڕەفتاری ژنانی مەقبول لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بە فشار خستنە سەر ئافرەتان و دانانی مەرجەکانی گوتاری سیاسی و بە تایبەتی ناسیونالیزم بەندە، بە مانایەکی دیکە ژنان تەنها لەژێر ئەو گوتارەوە دەتوان ئەکتیڤبوونی خۆیان بنوێنن و چالاکیەکانی خۆیان پرۆسیسە بکەن.

کەواتە ئەوە هەر تەنها ئایین نییە ژنان بە هەموو مانایەك دەچەوسێنێتەوە، بەڵکو ئەوە بزاڤی سیاسیشە پەیڕەوی لەو چەوسانەوەیە دەکات، بەو مانایە چەوسانەوەی ژنان هەر تەنها بە دیدی ئایینیەوە بەند نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە نایەکسانی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری. بێدەنگکردنی ژنان لە ڕووی قەدەغەکراوە ڕۆشنبیرییەکانەوە هێزی گەورەی هەژموونی کۆمەڵگای نێری لە پشتەوەیە، بۆیە پێویستە هەمیشە بزاڤی ئافرەتان خەمە تایبەتیەکانی خۆیان بخەنە پێش خەمە ئایینی و نیشتیمانیەکانەوە، چونکە هەتا ئافرەت لە لایەن پیاوانە وەك مرۆڤ تەماشا نەکرێت، چۆن چالاکیەکانی بە هەند هەڵدەگیرێت.

کەواتە پێویستە ئافرەت بەر لەوەی بیر لە ئازادکردنی نیشتیمان بکاتەوە، بیر لە ئازادکردنی خودی خۆی بکاتەوە، ئەوە بە نیسبەت پیاوانیش هەر ڕاستە، چونکە لە ڕۆژهەڵات پیاو بە قەد ئەوەی خۆی لەنێو مێگەلدا دەبینێتەوە، ئەوەندە وەك تاك هەست بە بوونی خۆی ناکات.

لێرەوە یەکێك لە کارە هەرە سەرەکیەکانی بزاڤی ئافرەتان لەوەدایە، کە بتوانێت ئازادییەکان بۆ خۆی دابین بکات، بتوانێت وەك مرۆڤ ئەرزش بۆ خۆی بگێڕێتەوە، بەر لەوەی ئەولەویەت بداتە مەسەلە نیشتمانیەکان، ئەولەویەت بداتە ئازادییە فەردییەکان و شوناس و مافە مرۆییەکانی خۆی، بەر لەوەی ئەولەویەت بداتە مەسەلەکانی ئایین، ئەولەویەت بداتە ڕەتکردنەوەی لاقەکردن بە هەموو ماناکانییەوە، ئەولەویەت بداتە چێژ و مەسەلەکانی دیکەی تایبەت بە ژیانی تایبەتی ئافرەتانەوە، نەك ململانێی سیاسی و ئایینی و ئایدیۆلۆژیەکانی دیکە، لە بیریشمان نەچێت زۆرجاران بە ناوی نیشتیمانپەروەری و ئایین و ناسیونالیزم و شۆڕشگێریەتی و مەسەلە سیاسیەکانی دیکە کۆمەڵێك نێر دێنە ناوەوە کە ئەسڵەن بروایان بە مافی ئافرەت و ئازادییەکانی ئافرەتان و سێکسگەراییەوە نییە، نەك هەر هێندەش بەڵکو هەمیشە کار بۆ کۆنترۆڵکردن و بێنرخکردن و لەباربردنی هەموو چالاکیەکانی ژنان دەکەن، بۆیە بەرگریکردنی ژنان لەو مەسەلانە بەبێ وەدەستهێنانی ئازادی خۆیان ئەوەندە بێمانا دەکەوێتەوە، کە هەمیشە

قسەکردن لەو بارەوە بەرە و ناکۆکی و گۆشەگیری و ئیشکالیەتی دیکەی مرۆییمان دەکاتەوە.

فەلسەفەی جەستە

بێگومان زمان سروشتێکی تەمومژاوی هەیە. لەمیانی لایەنە نادیارەکەی زمانیشدا ڕەگەزدۆزی بەرجەستە دەبێت، لێرەوەیە زمان گەمە دەکات و ئێمە گەمە بە زمان دەکەین. بە مانایەکی دیکە زمان گەمەکەری تێدایە وەك چۆن چەندین ڕێسا و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە هەندێکیان لەگەڵ یەکتر جیاواز و نێودژ دەکەونەوە. لەسەر ئەو بنەمایە دەمەوێ بڵێم هەر لە چاخی ناوەڕاستەوە بۆچوونی نێر و نێرسالاری دەڵێ: ئافرەتان لەپاش پیاوانەوە دێن، چونکە وشەی (Female– مۆنپ) لە وشەی (Male– مژکر) وەرگیراوە.. یان چونکە لە وشەی لاتینی (Femina) هەڵهێنجراوە، واتای وشەی (Femina)ەش بە (أدنى إیماناً) دێت.[1] ئەو دوالیزمییە هەر تەنها لە زماندا بەرجەستە نییە، هەڵبەتە مەبەستم ورووژانی پرسیاری زمان پێش بیرکردنەوە دەکەوێ یان بیرکردنەوە پێش زمان دەکەوێ نییە. بەڵکو بەگشتی مەبەستم ورووژاندنی دوالیزمەکانە، واتە جگە لەو دابەشکردنە (نێر/ مێ) دەبینین فیکری یۆنان و فیکری سەدەکانی ناوەڕاست و ئایینەکانیش، جەستەی مرۆڤیان دابەشی دوو بەش کردووە، جەستە و ڕۆح، یەکەمیان هەڵگری لەناوچوون و دووەمیان نەمرییە. بێگومان وەك دەردەکەوێ ئەو تێڕوانینە بۆ جەستە لە ئاستێکی نزمی بیرکردنەوەدا خۆی دەبینێتەوە، بە بەراورد بە تێڕوانینی ئەمڕۆ بۆ جەستە. وەك چۆن ئەگەر ئەمڕۆ سەیری (Womina– امراه) بکەین، دەبینین لە دەستەواژەی (Woe toman– الویل للرجل) هەڵێنجراوە.[2] وەك چۆن ئەمڕۆ چەمکی جەستە وەك چەمکێکی سێنتراڵی سەیر دەکرێت، لەو بارەشەوە بزاڤی ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکییان لە بڵاوکردنەوەی ئاگایی لەبارەی تێگەیشتنی جەستەدا گێڕاوە. بەمجۆرە ئەگەر دوێنێ گوتاری فیکری بۆ تەماشاکردنی جەستە کەوتبێتە نێو سیستمی ئەخلاقییەوە، ئەوە ئەمڕۆ قسە لەوە دەکرێت کە جەستە وەك شتێکی ماددی لە بنەڕەتدا لە هەموو بەها ئەخلاقییەکانەوە دوورە، نە پیرۆزە و نە پیس، بەڵکو ئەوە بەهای ئەخلاقییە خۆی بە جەستەوە هەڵواسیووە، بێگومان ئەوەش بۆ سروشتی کۆمەڵگا و ڕۆشنبیریی نێرایەتی باو دەگەڕێتەوە.

کەواتە جەستە ئەو زیندانە نییە وەك فەلسەفەی کلاسیکی تێیگەیشتووە، هەر تەنها سەرقاڵی ئارەزووەکان و شەهوەتەکان بێت، ئەوە جەستە نییە مرۆڤ دەخاتە ئاستی ئاژەڵ و بەها مرۆییەکان دەخاتە لەرزەوە، ئەو بۆچوونە سلبییە بۆ جەستە وەك چۆن مرۆڤایەتی مرۆڤ وندەکات، بە دیوەکەی دیکەش لە مانای حەقیقی ژیان دوورمان دەخاتەوە. جەستە بۆ خۆی بە هەموو دەرکەوتە و ڕووخسارییەوە تەعبیر لە ژیان دەکات. ئەو زەوییە کە بە ژیانەوە پەیوەستمان

---

[1] – بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە (جان جاك لوسیرکل، عنف اللغة، ترجمة و تقدیم: د. محمد بدوي، النظمة العربیة للترجمة، بیروت- لبنان، ط2 2006، ص 100-101.

[2] - م.س. ث. ل101.

دەکات، زەوی یەکەمە کە دەبێ لەوێوە پێشوازی لە ژیان بکەین و لەوێوە مامەڵەمان لەگەڵ ژیان ڕێکبخەینەوە. جەستە ئەو یەکەمەیە کە پەیوەستبوونمان بە ژیان ڕادەگەیەنێت، ئەو پردەیە کە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوومان بەیەکەوە دەلکێنێ، جەستە شیاوێکی بێ کۆتاییە، بۆیە هەمیشە لە بزاڤی بەردەوامدایە، هەمیشە بەدوای ئاسۆ نەبینراوەکانەوەیە.

جەستە و دەروون

ئەگەر وای دابنێین کە جەستە هەر تەنها بابەت بێ لەو شوێنەدا کە دەتوانین بیبینین و دەستی لێبدەین و بە میتۆدی زانستییەوە دراسەی بکەین، ئەوە لە دیدی فینۆمینۆلۆژیدا ناتوانین لە پەیوەندی نێوان جەستە و دەروون تێبگەین، چونکە ئەو جەستەیەی کە بابەتە جەستەی من نییە، بەڵکو جەستەی ئەویدیکەیە وەک دەیبینین، یان ئەو لەشە خاوەیە کە لە ژووری توێکاری پزیشکی داوای توێکاری کراوە، بەڵام جەستەی تایبەتی من وەک (مۆریس میرلۆپۆنتی 1908–1961) دەڵێت: دەرک ناکرێت، وەک چۆن بابەتە دەرەکییەکان دەرک دەکرێن، بەڵکو من دەژیم ئێستا لە ناوەوەدا زیندووم.

(رینیە دیکارت Rene Descartes،1586–1650) جیاوازی لەنێوان جەستە و دەروون دادەنێ، هەریەک بە سەربەخۆ لە ئەویدیکە تەماشا دەکات، هەر یەکێکیشیان جەوهەری خۆی هەیە کە لە ئەویدیکە جیا دەبێتەوە. دەروون جەوهەری سەربەخۆی خۆی هەیە و ماهیەتەکەشی بیرکردنەوەیە. جەستەش جەوهەری تایبەت بە خۆی هەیە و ماهیەتەکەشی درێژبوونەوەیە. بۆ ئەو جیاکردنەوەیەش سێ بەڵگە دەخاتە ڕوو: بەڵگەی یەکەم، بەڵگەی هەنوکەییە، لە هێنانی ئەو بەڵگەیە دیکارت دەیەوێ بڵێ مرۆڤ دەشێ لە هەموو ئەو شتانەی دەوری داوە هەتا ئەو جەستەیەی کە تێیدا نیشتەجێیە خۆی ڕووت بکاتەوە و تەنها لە ڕێگای دەروونەوە بڵێ هەم، چونکە ئەو ڕووتکردنەوەیە بوونی ئێمە ڕەتناکاتەوە، کەواتە بوونی ئێمە لە دەروونەوەیە نەک جەستەی ماددییەوە. بەڵام ئەو جەستەیەی کە خۆمان لێداماڵی ناتوانێ دەروون ڕەتبکاتەوە، چونکە دەروون (جەوهەری) بوونە، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی جەوهەری دەروون لە جەستە جیا بکەینەوە. بەڵگەی دووەم: بەڵگەی یەکتایی دەروونە، واتە دەروون قابیلی دابەشبوون نییە، دەروون بە یەکتا دەژمێردرێت و دابەش نابێ، ناتوانین دەروون بەش بەش بکەین، ئەگەرچی دەروون هەندێ شتی دەوێ وەک من دەمەوێ بگریم، من دەمەوێ بخەوم/ من دەمەوێ پێبکەنم... هتد، لە ویستە کردە شێوە جیاوازەکان، بەڵام هەموو ئەو ویستە کردە شێوە جیاوازانە لە ناوەڕۆکدا یەکن و بۆ تاکە دەروونێك دەگەڕێنەوە، خودی دەروون بە هەموو ئەو ویست و کردە جیاوازانە هەڵدەسێ، ئەوەش هەرگیز دابەشبوون نییە، بەڵکو ئەوە تاکێتی دەروون دەسەلمێنێ و تەواو پێچەوانەی جەستە دەکەوێتەوە، چونکە جەستە دابەش دەبێ بۆ هەردوو دەست هەردوو قاچ، سەر و سك،... هتد، ناشێ هەردوو دەست

سەر بە هەردوو قاچەکان بن، وەك چۆن ناشێ سك بە هەردوو دەستەوە پەیوەست بێت، بەمجۆرە پەیوەستبوون بە بەشەکان جیاوازە و ناشێ بۆ یەك رەگەزییان بگەڕێنینەوە، ئەوەش یەکێکی دیکەیە لە جیاوازییەکانی نێوان جەستە و دەروون. بەڵگەی سێیەم: دەروون دەرك بە زانیارییە سادەکان دەکات، لێرە دیکارت مەسەلەی فەنابوون (مردن) و (نەمری) دوای مەرگ بەرجەستە دەکات، جەستە دوای مردن قابیلی لەناوچوونە، بە پێچەوانەی دەروون کە بە نەمری دەمێنێتەوە، ئەگەرچی بەڵگەی ئەو مانەوەیەش نە لە پسپۆری ئەودایە و نە لە پسپۆری فەلسەفەدایە، بەڵکو شتێکە دەکەوێتە سەرووی عەقڵی بەشەرییەوە و هیچ بەڵگەیەکی زانستی بەدەستەوە نییە، پەنا بردنە بەر ئەو مەسەلەیە لە تایبەتمەندییەکانی لاهوتە نەك فەلسەفە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی مردن و نەمری لای دیکارت بە یەکێك لە جیاوازییەکانی جەستە و دەروون دەژمێردرێت. کەواتە ئەوەی دیکارت پێی دەڵێ فیکری رووت یان سەربەخۆ ئەوەیە کە دەکەوێتە نێو دەروونەوە، بەرانبەر ئەوەش جەستە دیار و لەبەرچاوە و دەشێ بکەوێتە ژێر کاریگەری سروشت و دەوروبەر، جەستە دەوروبەر ئابلۆقەی داوە، جەستە پێویستی بە راڤەکردن و لێکدانەوە نییە، چونکە دیارە و نادیار نییە، بە پێچەوانەی دەروون کە نادیار و تەمومژاوییە. بەیەکگەیشتنی نێوان جەستە و دەروونیش لای دیکارت شتێکی روحییە، تا ئەوەی لە مردندا لێکجیا دەبنەوە.

جەستەی فینۆمینۆلۆژی بە هەموو مەبەست و نیازەکانییەوە ئەوەیە کە جەستە هەر تەنها جەستە نییە، هەر تەنها ئەندامێك نییە، کە فیزیۆلۆژیا و زانستی دەروونی ئەزموونگەرا تێیدا رەنگبداتەوە. وەك دەزانین جەستە مۆرکێکی وجودی هەیە، بۆیە لەگەڵ شۆڕشی فینۆمینۆلۆژیادا تەواوی وێناکردنەکان بەرانبەر جەستە لە رەگەوە هاتنە گۆڕان، چونکە فینۆمینۆلۆژیا گەڕانەوەیە بۆ خودی شتەکان وەك چۆن هەن، هەڵبەتە یەکەم ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ ژیان لە رێگای جەستەوەیە، لە رێگای جەستەوە مرۆڤ تەعبیر لە خودی خۆی دەکات. (ژان پۆل سارتەر 1905–1980) دەڵێت: جەستە ئەو ئاوازەیە کە لە رێگای هیچ ئامرازێکەوە ناتوانرێ تەعبیری لێبکرێت، تەنها لە رێگای خۆی نەبێت.[3]

(سپینۆزا، باروخ ئۆر بندیك SPINOZA, 167–1632 (Baruch or Benedict) فەیلەسوفی هۆڵەندی دامەزرێنەری رێبازی ئەندازەخوازی لە فەلسەفەدا، پێیوایە جەستە و دەروون یەك بوونن. ئەو بیرکردنەوەیە لەوێوە هاتووە کە پێناسەی سپینۆزا بۆ (جەوهەر) تەواو پێچەوانەی پێناسەی دیکارت بۆ جەوهەر دەکەوێتەوە. ئەگەرچی دیکارت لەبارەی جەستە و دەروون لە ئەرستۆ و ئەفلاتوون جیا دەبێتەوە، لای دیکارت مرۆڤ دەروونی هەیە، جەستەش تەواو لە دەروون دەکات، جەوهەرێکی سەربەخۆی هەیە، کە دەجوڵێ، دواتر بە

[3] - فلسفة الجسد، ميشيلان مارزانو، ترجمة، نبيل ابو صعب، بيروت، 2011، ص57.

تەنیا لە جەستەدا چارەسەر دەبێ و دەجوڵێ، بە پێی ماددیبوونی، جولەی میکانیکی کە دەروون هیچ بەشدارییەکی نییە. دەروون بۆ خۆی سەربەخۆ نییە ئەوە مرۆڤە، جەستە جەوهەرە، پەیوەندی نێوان جەستە و دەروون، پەیوەندییەکی جەوهەرییە و جەوهەری سێیەم بەرهەم دەهێنێ ئەویش جەوهەرە، لە ڕێگای ئەویشەوە "بۆ خۆی سەربەخۆ دەبێت" ئەگەر دیکارت بنەمای پیناسەکەی بۆ وشەی "جەوهەر" ئەرستۆییانە بکەوێتەوە، واتە ئەوەی کە هۆکارە بۆ خود، لەو لۆژیکەوە "خودا" هەموو ئەوەبێ کە هەیە و خودا تاکە جەوهەر بێت، ئەوە جەوهەر پێکهاتووە لە یەك جەوهەر ئەویش خودایە، لێرەدا جەوهەر یەکە، بەڵام حاڵەتەکان فرە و بێ کۆتایین. بەو مانایەی ئەوەی هەیە ماهیەتی ئەوە، بێ کۆتا لە خەسڵەتەکان، بەڵام خەسڵەت لای سپینۆزا ئەوەیە کە عەقڵ لە جەوهەری فیکر و درێژبوونەوەدا دەرکی دەکات. واتە سپینۆزا جیاوازی لەنێوان جەوهەر و وجودی بێ مەرج و دنیای شتەکان یان حاڵەتە بێ کۆتاییە فەردییەکان و هەر یەك لە جەستەی و فیکری دەکات. عەقڵی بێ کۆتا دەتوانێ دەرك بە جەوهەری بێ کۆتا بکات، لە هەموو شێوە و دەرکەوتەکانیدا، بەڵام عەقڵی مرۆیی کۆتائامێز ناتوانێ وەك شتێکی بێ کۆتایی دەرك بە ماهیەتی جەوهەر بکات، تەنها لە دوو ڕووخساردا نەبێت، ئەویش درێژبوونەوە و فیکرە. ئەو دوو خەسڵەتەش دوو پێداویستین بۆ جەوهەر. هەموو خەسڵەتێکیش لەو خەسڵەتانە پێکدێت، مرۆڤ تەنها دوو خەسڵەت دەرك ناکات، ئەویش خەسڵەتی لێکدان (لێکدان لای سپینۆزا هەڵچوونی جەوهەرە). واتە ژمارە بێ کۆتاییەکان لە فیکر، لە سروشت، یان لێکدانێك کە خەسڵەتی درێژبوونەوەی لێکدانەکانە، یان لێکدانێکە لە لێکدانەکانی خەسڵەتێك کە جەستە دیاری دەکات بەوەی کە وەك خەسڵەتێکی دیکە لێکدانێکە لە لێکدانەکان کە مرۆڤ نایناسێ، مرۆڤ نایناسێ بەو مانایەی کە لێکدانێکە لە لێکدانەکانی خەسڵەتی فیکر و لێکدانێکە لە لێکدانەکانی خەسڵەتی درێژبوونەوە. بەرانبەر ئەوەش دەروون دوو لێکدان دیاری دەکات، پەیوەندی ئەو دوو لێکدانە (واتە درێژبوونەوە و فیکر) لێکدانێك بەرهەم دەهێنێ ئەویش مرۆڤە. مرۆڤ لای سپینۆزا ئەو مەخلوقەیە کە پەیوەستە بە حاڵەتی درێژبوونەوە (جەستە) و حاڵەتی فیکر (دەروون).

مرۆڤ لە دووتوێی ئەو دوو حاڵەتەدا بەشێکە لە سروشت. سپینۆزا یەکبوونی ئیرادە و عەقڵ بەرز دەکاتەوە و پێیوایە ڕەفتاری مرۆڤ بەدوای پارێزگاریکردنی خود و بەرژەوەندییە کەسییەکاندا دەگەڕێت. ئەو فیکرە میسالییە لەبارەی ئازادی ئیرادە ڕەتدەکاتەوە و ئیرادە بەوە پێناسە دەکات کە هەمیشە لەسەر پاڵنەر وەستاوە. لە هەمان کاتتدا دەڵێت لەوانەیە ئازادی وەك ڕەفتارێك لەسەر مەعریفەی پێویست وەستا بێت. هەڵبەتە ئەو ڕاڤەکردنە بۆ ئازادی ڕاڤەکردنێکی ڕووتە و مێژوویی نییە.

سپینۆزا مرۆڤ وەك گواستنەوە بۆ مرۆڤ (لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ) دیاری دەکات. پارێزیکردن لە مانەوە، ناشێ کردەیەکی دەروون بێت و بکەوێتە دەرەوەی جەستەوە، هەر دەبێ جەستە و دەروون لە هەمان ئاستی هێز و کاردابن بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوە. بەمجۆرە سپینۆزا بەیەکەوەبوونی ئەنتۆلۆژی دەخاتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە دەروون جەستەی بینراوە و لە

لایەکی دیکە خەسڵەتی بیرکردنەوەی هەیـە. دەروونـی بینـراویش خەسـڵەتی درێژبوونەوەی جەستەی هەیە، ئەویش بوونە.[4]

جەستە و لەش

(هۆسـرەل، ئەدمۆنـد Edmund Husserl (1859–1938) لـە کتێبی (ڕامانەکانی دیکارتی) جیاوازی لەنێوان جەسـتە (الجسـد) و لـەش (الجسـم) دەخاتــە ڕوو. لــەش لــە ڕێگــای کــات و شــوێن و دەرککردنــە هەستییەکانەوە گرفتەکانی خـۆی چارەسـەر دەکـات. هۆسـرەل پێیوایـە گرفتی لەش بەرە بەرە دەبێتە گرفتێکی بەدوایەکداهاتوو یـان خولئـامێز واتە: لەش، خوازە، ڕەمـز... لەوێشـەوە فەلسـەفە هەوڵـدەدات تـەعبیری لێبکات و ئاڕاستەمان بەرەو دنیای خۆی دەبات، چونکە هـەتا هەسـتیش بۆ خۆی دەکەوێتە نێو لەشەوە.

(ئیمانۆیـل لیفینـاس **Emmanuel Levinas** 1906–1995) دەڵێت: من لەشی من نییە، هەتا بە ئەویدیکەوە بەند بم، بـەر لـەوەی بـە جەستەی خۆمـەوە بەنـد بم. واتــە بـە ڕای لیفینـاس ئـەوە ئەویدیکەیـە وا دەکات من لەدایك بم، جا ئەوە چ بە بیۆلۆژیاوە بەند بێـت، یان لە ڕێگای دەستبازی و هەوەستەبازییەوە بێ.

ئەگەر شوێنگەی لەش ئەوەبێ کە شوێنێ داگیر دەکات، ئەوە لەشـی مرۆڤ ئەوەیە کە تۆ پێکدێنێ و تۆی تێدا دەردەکەوێت، ئەو شـوێنەی کـە لێی لەدایك دەبیت، ئەو شوێنەیە کە ئارەزووەکانی تێـدا دەردەکـەوێت و دەردەکەوێت کە ئێمە چ جۆرە بوونەوەرێکی ئەخلاقین؟! ئـەو ئاماژەیـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە کرۆمۆسـۆمەکانی لەشـی مرۆڤـەوە دەکـات، چـونکە بیرکردنەوەیـەك هەیـە پێیوایـە هـەموو خەسـڵەتە ئەندامییـەکان فیزیاوین و دەکەونە ژێـر کاریگـەری (A.D.N)، واتـە جـین و پـرۆتین و سیفەت. بەو مانایەش دەوروبـەر و ژینگـەی تایبـەت و فشـاری دەوروبـەر هـیچ لـەو سـیفەتانە زیـاد و کـەم ناکـات. هـەر لەبـەر هەنـدێش لـە 19ی ئــاداری 2003 (نیکــۆلای ســارکۆزی) فەڕەنســی یاســای ئاسایشــی ناوەخۆی دەرکرد، کە جەخت لەسەر پەنجەمۆری تاوانبار دەکاتەوە.

وەك دەزانین کۆی ئەو بیروڕا جیاوازانە لەبارەی کرۆمـۆس و ژینگـە و فشــارەوە دەکەونــە نێــو ئــەنترۆپۆلۆژیای سروشــتی و ڕۆشــنبیریی و کۆمەڵایەتییەوە...، بەڵام سەدەی بیستەم جەختی لەسەر واقیع کـردەوە و پێیوایە هـەموو ڕووداوێـك بـە زەرورەت کردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە، بـەو مانایـەش لـەش بـۆ خـۆی لەڕاسـتیدا جگـە لـە بەرهـەمێکی ئـەو پێکهاتـە کۆمەڵایەتییە–ڕۆشنبیرییە شتێکی دیکە نییـە. کەواتـە هـەر کۆمەڵگایـەك خاوەنی لەشی خۆیـەتی وەك چـۆن خـاوەنی زمـانی خۆیـەتی. هـەر وەك زمـان دەشـێ لـەش بکەوێتـە ژێـر ئـیرادەی کۆمەڵایەتییـەوە و دەشـێ

[4] - علاقة الوعی و الجسد، 2/7/2007. و سبینوزا باروخ او بندیکت 1632-1677، بڕوانە ئینتەرنێت.

بکەوێتــە ژێــر ئــیرادەی یاســا و کــەش و کاریگــەری دەرهاوێشــتەکانی ڕۆژانەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا لەش واقیعێکی کەسییە.[5]

بزاڤی بونیادگەری و فۆکۆ وای دەبینین کە لەش هــەر تــەنها دەقێکــە کــە ڕۆشــنبیریی نووســیویەتی، بــەو مانایــەش لــەش دەبێتــە خــەیاڵ و کۆمەڵێك نواندنی عەقڵی و وێنەیەکی نەستی ئامادە. لەو بیرکردنەوەیــەدا تاکە ڕێگایەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆشنبیریی باو هەڵوەشانەوەی ئــەو دەقەیە لە ڕێگای بەرهەمهێنانی دەقێکی دیکەوە.

---

[5] ـ فلسفة الجسد، میشیلان مارزانو، ص 57،58، ص61، ص86، ص90، 95.

ئەگەرچی مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی، بەڵام هەر لە سوکرات و ئەفلاتوونەوە تا بە شۆڕشی فینۆمینۆلۆژیا دەگات، جەستەیان وەك زیندانی ڕۆح و لەوێشەوە بە ئارەزووەکانیان لکاندووە، دەمەوێ بڵێم ئەو دیدە مرۆڤ لە مانای زەوی دوور دەخاتەوە، بەڵام جەستە لای (نیتشە، فریدرچ ڤیلهیلم Friedrich Wilhelm Nietzsche 1844–1900) بە هەموو ڕووخسار و دەرکەوتەکانیەوە بۆ خۆی ژیانە و ڕووکارەکانی هێز دەنوێنێ، فیکرەی جەستە لە فیکرەی ڕۆح و دەروون جوانترە، جەستە زەوی یەکەمە، پابەندبوونمان بە ژیان ڕادەگەیەنێت، بۆیە پێویستە وەك چۆن پێشوازی لە ژیان دەکەین بە هەمان شێوەش جەستە بخەینە پێشەوە، چونکە جەستە پردێکە لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، شیانێکی بێ کۆتاییە، بۆیە بێ وەستان هەمیشە لە جولەدایە و هەوڵی کەشفکردنی ئاسۆ نادیارەکان دەدات.[6] بەمجۆرە ناتوانین بەبێ جەستە قسە لە بیرکردنەوە بکەین.

بێگومان مرۆڤ لە ڕێگای جەستەوە هەیە، ژیانیش بە دڵنیایی بەبێ جەستە دەکەوێتە نێو وەهمەوە، کەواتە ژیان ژیانی جەستەیە، لێرەوە بڕواهێنان بە جەستە جێگیرترە لە بڕواهێنان بە ڕۆح (دەروون). کەواتە ئەگەر ژیان لە دەرەوەی جەستە لە وەهم بکات، چۆن دەشێ لە دەرەوەی جەستە قسە لە بیرکردنەوە بکەین؟ ئەوە جەستەیە بیر دەکاتەوە، یان بەشێوەیەکی وردتر بیرکردنەوە لە جەستە هەڵدەقوڵێ.

لەلای نیتشە جەستە کۆمەڵێك هێزە بەیەکەوە ئیرادەی هێز دروست دەکەن، هەر لەوێشەوە کە جەستە دەبێ بە خاوەنی ویستی هێز مژدەی مرۆڤی باڵا ڕادەگەیەنێ و شیانی چوونە نێو بازنەکانی زەمەنی بەدوایەکداهاتوو و گەڕانەوەی ئەبەدی ڕێگای بۆ خۆش دەبێت.[7]

وەك دەردەکەوێت نیتشە تێگەیشتنی تەقلیدی بۆ جەستە و ڕۆح بەتاڵدەکاتەوە، پێیوایە دەشێ هیچ پەیوەستبوونێك لەنێوان جەستە و ڕۆحدا بوونی نەبێت، واتە دوالیزمییەتی جەستە و ڕۆح هیچ بەهایەکی نییە.

[6] - فريديريك نيتشة، هكذا تكلم زرادشت، ترجمة، فلكس فارس، دار القلم، بيروت- لبنان، ص33.

[7] - ه.س.ث. ل57.

پرسی جەستە
لە یارییەکی بوونگەرایی

(مۆریس بلانشۆ1907–2003) ئەزموونی ئەدەبی و ئەزموونی مەرگ بەیەکدەچووێنێ، هەرگیز بەدوای دەلالەت و ماناوە نییە، وەک چۆن نکۆڵی لە تاک خوێندنەوەیی دەکات و پێیوایە یەک خوێندنەوەیی ناتوانێ ڕاڤەکردن بسازێنی. زمان لای بلانشۆ دەبێ پەیوەندی دوورکەوتنەوە لەگەڵ شتەکان، لەگەڵ ئەو شتانەی دەیەوێت ناویان لێبنێ، دابمەزرێنێ. بابەت ڕەتدەکاتەوە، چونکە ناونانی ئەو لەپێناو بە بابەتکردنی شتەکان نییە، بەڵکو لەو ساتەی کە ناو لە بابەت دەنێ، دەیەوێ حەقیقەتی ماددی لێبسێنێتەوە، کەواتە ناونانی ئەو لەپێناو حەقیقەتیش نییە، بەڵکو لەپێناو ونبوون (مەرگ) دایە.[8] بەو مانایە دەتوانین بڵێین نووسین لای ئەو پەنمانی بێدەنگییە لەنێو وشەدا، بەڵام پرسی ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا پەنمانی زمان دەتوانێ وەک پێویست کردەیەکی ئیبداعی بەرجەستە بکات؟

زمان کۆمەڵێک وزەی جۆراوجۆر و ئەویدیکەی لەخۆدا هەڵگرتووە و لە ناوەوەی خۆی نوێنەرایەتی ئەو هێزانە دەکات، بەڵام چۆن دەتوانین جیاوازییەکانمان لە میانی بونیادی تاکە فیکرێکی دامەزراوی ڕەها (واتە زمان) دابمەزرێنین؟ ئایا عەقڵ دەتوانێ کۆی پێکهاتەکانی ئەو تاک لایەنییە، یان ئەو چەشنگیرییە هەڵوەشێنێتەوە و بۆشاییەک لەو نێوەدا دروست بکات، یان ئەوە جەستەیە لە ڕاکردنە بەردەوامەکانیدا دەتوانێ ئەو جێگیربوونە بروخێنێ؟ لەنێوان زمان وەک دامەزراو و جەستە وەک ڕاکردنی بەردەوام بەرەو نادیار، دەگەینە ئەو سەرەتا مەحاڵەی کە بلانشۆ ئاماژەی بۆ دەکات، یان دەگەینە ئەوەی کە نایگەینێ. ئەوەی کە نایگەینێ دەبێتە شوێنی لێوردبوونەوەی بەردەوام و بیرکردنەوە و پرسی بەردەوام.

کەواتە ئەوە بیرکردنەوەی بەردەوام و پرسی بەردەوامە دەشێ نادیار یان ئەوەی کە نایگەینێ ڕووناک بکاتەوە، ئەوە پرسی بەردەوام و لێوردبوونەوەیە لە گومانی بونگەرایی، خەونەکانمان ڕەنگینتر و جیاوازییەکانمان نیشان دەدات.

بەڵام پرسیارکردن هەر تەنها دەرئەنجامێکی مەعریفی ئەو سەرنج و تێبینیانەی پێشوو نییە، لەمیانی ئەو پەند و قسە نەستەقانەوە هەڵناقووڵێ کە ڕۆژانە پرۆسیسەیان دەکەین، دەروشانەوەی چەمکی ئاگایی قەیرانە وجودییەکەمان، یان ڕاکردنمان بەرەو نادیار نییە... پرسیارکردن لەسەر دەمەتەقێی جێبەجێکردن و هەرەسهێنان ڕاست نابێتەوە، بەڵکو پرسیارکردن جەستەی ڕووتی ئێمەیە، جەستەی ڕووتی ئێمەش کیمایی لەدایکبوون و مردن، سنوورەکانی دیاری دەکات. بەبێ پرسیارکردن، بوون جگە لە یارییەکی قێزەوون شتێکی دیکە نییە، بەبێ

[8] - رولان بارت، مغامرة فی مواجهة النص، تالیف، فرانك ایفرار و اریك تینه، ترجمة، د. وائل برکات، دار الینابیع، دیمشق، ط1 2000، ص82.

پرسیارکردن، بوون جگە لە سەفەرکردنێکی زەبوونانە شتێکی دیکە ناکێشێ.

لەنێوان ڕەتکردنەوە و تەجاوزکردندا مەسافەیەکی زەمەنی هەیە، پرسیارەکان دادەڕێژێ و بناغەی چەمکەکان هەڵدەنێت، ئەزموونی ڕەتکردنەوە و تەجاوزکردن تەوەرەی هەموو بیرکردنەوەیەکی ئایندەخوازانە دادەمەزرێنێ. گرنگ ئەوە نییە بتوانین وەڵامی یەکلاکەرەوە بخەینە بەردەست، گرنگ ئەوەیە توانای پرسیارکردنمان هەمیشە سەوزبێ.

پرسیارکردن هەر تەنها ڕوخساری تراژیدی تاکە کەسیمان (لە پەیوەندی بە زەمان و مەرگ) هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو لە ئاستی مەعریفیدا ئەوە ناوکۆیی (context) بونگەراییە وامان لێدەکات لە ڕێگای کۆمەڵێك مەرجی بیرکردنەوە و لێوردبوونەوە بگەینە بۆشاییەك کە سەرەتا و کۆتایی حەقیقەتی خودی مرۆیی دادەمەزرێنێ.

کەواتە کاتێ پرسیار دەکەین، مردن بەبیر خۆمان دەهێنینەوە، بەڵام نەك وەك یارییەك بۆ بێدەنگ بوون، بەڵکو وەك ئاسۆیەك بۆ دامەزراندن. دامەزراندنێك کە لە ڕێگای تەجاوزکردنەوە مەیسەر دەبێ، دامەزراندنێك کە تەواوی زمانی بیۆلۆژی و فیزیکی و ئاییزا و کەش و چارەنووس تەجاوز دەکات، دامەزراندنێك کە نوێنەرایەتی بۆشاییە بوونگەراییەکەمان دەکات. دامەزرانێك کە مردن دەکاتە پەراوێزی جیاوازی.[9]

پرسیارکردن ئاسۆیەك بۆ زمانێکی دیکە دادەمەزرێنێ، ڕێچکەیەکی نوێ دەکێشێ، ئەو ڕێچکە نوێیە بەدوای میکانیزمی پەیوەستبوونی نێوان خود و پرسیار و مردندا دەگەڕێت. بەمجۆرە بۆشاییەکانی بوون لەنێوان تەقلیدی زمانەوانی کە وەك لۆژیکی نوێنەرایەتیکردن ماوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هەرەسهێنان و تەجاوزکردنەدایە. کەواتە هیچ مەرجێك بۆ خود لە دەرەوەی پرسیارکردن بوونی نییە، ئەگەرچی مردن بەرەو کۆمەڵێك جێبەجێکردنی جیاواز و بێ کۆتایی جەستە دەبێتەوە. بەو مانایەش ئەگەر ناوکی فەلسەفە پرسیارکردن بێ، ئەوە بۆشایی ماهیەتەکەی پێکدەهێنێ، هەر لە ڕێگای پرسیارکردنیشەوە دەگەینە ئەوەی کە لەگەڵ بوون کۆمان دەکاتەوە، دەمەوێت بڵێم ئەوەی لەگەڵ بوون کۆماندەکاتەوە، جگە لە بێدەنگی شتێکی دیکە نییە. بۆیە وەك چۆن لە جەستەی ڕووت دەترسین، سڵ لە بێدەنگیش دەکەینەوە، لە ڕووتی دەترسین، چونکە ژیان لەوپەڕی ڕووتی دامەزراوە، لە بێدەنگیش دەترسین، چونکە ماهیەتەکەی لە بۆشاییەوە هەڵدەقوڵێ. جەستەی ئازاد لە ڕێگای زمانی دابڕاو لە ناوکۆیی گشتی لە بوون نزیك دەبێتەوە، هەر ئەو زمانەشە کە گۆمی مەنگی یەقینەکان دەشڵەقێنێ و دامەزراوەکان دەروخێنێ و تەجاوزی بەڵگەنەویستەکان دەکات، هەر لەوێشەوە زمان بە ئازادییەوە پەیوەست دەبێ و تەعبیرەکانی فەزای ئازادانەی داهێنان لەخۆ دەگرێ، فەزای ئازادیش لە ڕێگای مرۆڤی ئازادەوە نەبێ مەیسەر نابێ.

[9] - سعيد بوخليط، سؤال الفلسفة! في أفق لعبة وجودية صميمية، بروانة: سایتی گوگول.

(ژیل دۆلۆز Gilles Deleuze 1926–1995) دەڵێ: ئێمە ناتوانین پرسیاری فەلسەفە چییە بخەینە ڕوو، تەنها ئەو کاتە نەبێت، کە پێشوازی لە پیری دەکەین و بە شێوەیەکی دەستلێدراو لەگەڵیدا دەدوێین. ئەوەش بۆ ئەوەیە تاکو وەك پێویست بە وردی قسەی لێبکەین، نەك وەك گوزەرکەرێك. هەڵبەتە وەك لە کتێبی (فەلسەفە چییە) لە نووسینی (دۆلۆز و گیتاری)دا هاتووە، فەلسەفە داهێنانی چەمکە (فەلسەفە هونەری پێکهێنان و داهێنان و دروستکردنی چەمکەکانە).

ئەمڕۆ فەلسەفە ڕێسا و یاسایەکی جێگیر و چەسپاوی نییە، بەڵکو ڕەفتارێکە بەدوای دۆزینەوە و داهێنانی کۆمەڵێك چەمکدا دەخولێتەوە.. دۆلۆز پێیوایە فەلسەفە (نە لێوردبوونەیە و نە بیرلێکردنەوە و نە گەیشتنە، بەڵکو لە چوارچێوەی داهێنانی چەمکە تایبەتەکاندا دەخولێتەوە) بیرکردنەوە نییە، چونکە کەس پێویستی بەوە نییە فەلسەفە لە هیچ شتێك بیری بۆ بکاتەوە... لێرەوە هەست دەکەین ئێمە زۆر شتمان پێشکەش بە فەلسەفە کردووە کاتێك دەمانەوێت تەنها بێتە هونەری بیرکردنەوە و لە هەموو شتێکی دیکەی دەکەینەوە. فەلسەفە گەیشتن نییە (چونکە فەلسەفە دوا پەنای بۆ بەیەکگەیشتن، لە پێناو کۆبوونەوەدا نییە) پێویستە بزانین کە (لێوردبوونەوە و بیرکردنەوە و گەیشتن) پانتایی مەعریفی پێکناهێنن، بەڵکو لەناو هەموو پانتاییەکاندا ئامرازی گشتین بۆ پێکهێنان.[10]

فەلسەفە بە پرسیارەوە بەندە، فەلسەفە نابەخشێ، بەڵکو دادەهێنێ، دەبێ دابهێنێ، پێکناهێنێ، بەڵکو بۆ خۆی تێزێکی خودییە.. وەك دەزانین داهێنان و تێزی خودی وەك یەك دەکەونەوە. هەموو داهێنانێك بۆ خۆی وەك پێویست تێزێکی خودییە. کاتێك وەك بەهایەکی مەعریفی پرسیار تەجاوز دەکەین، دەگەینە بازنەیەك کە یەکلاکردنەوەی قورس دەکەوێتەوە، ئەویش پەیوەندی جەستە و پرسیارکردن و پەیوەندی فەلسەفەیە بەو نوێنەرایەتیکردنانەوە. جەستە بە پرسیارەوە دادەمەزرێ، وەك چۆن لە هەمان کاتتدا هەڵگری پرسیارە و کۆی ڕووداوەکان لە ڕێگای پرسیارەوە لەخۆ دەگرێت. کەواتە پرسیار جەستەیەکی ونە و جەستە پرسیارێکە پێویستی بەدیاریکردن هەیە. بەمجۆرە دەشێ لە ڕێگای فەلسەفەوە بەهای سروشتی خود و جەستە بخەینە بەرچاو.

ئەگەر گۆشەگیری چڕبوونەوەی جەستە لەخۆ بگرێت، ئەوە مردن ئەو تەوەرەیە کە بەدەوری جەستەدا دەخولێتەوە. لێرە لەنێوان مردن و گۆشەگیریدا دەشێ کەشفی ئەو پرسیارانە بکەین کە نکۆڵی لە هەموو ئەو بەها و بابەتانە دەکەن، کە کۆمەڵێك مرۆڤ دەیسەپێنن.

10 - أمل فؤاد عبيد، جيل دولوز والسؤال الفلسفي، شبكة النبأ المعلوماتية- الجمعة 8 /كانون الأول/ 2006 -16 /ذي القعدة/ 1427

بەیەکگەیشتنی یەکەم لە ڕێگای جەستەوەیە، ئەوە جەستەیە ساتەوەختی لەدایکبوون و مردن وەك ڕێچکەیەکی ئەنتۆلۆژی وێنە دەکات، بەڵام دەشێ بپرسین ئەو پێوەرە چییە کە دەتوانێ لەنێوان شیاوی فەلسەفی و ئەویدیکەدا دابڕان بسازێنێ؟ لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێك دەکەوێتە ژێر هەمان دەسەڵاتی بایۆلۆژییەوە. ئیتر جیاوازییە کردە فەلسەفییەکان و ئەوانیدیکەی کردە فیزیکیەکان، لە بنەڕەتدا لە سروشتی بۆشاییەوە هەڵدەقوڵێن، بۆشاییەك کە جەستە لەگەڵ خۆ دەبات، بەڵام نەك وەك بارستەیەکی ماددی کە کۆمەڵێك خەسڵەتی ماددی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەڵکو وەك سروشتی تەوزیفکردنێکی نوێی بایۆلۆژی، وەك بوونێکی خودییانە، ئەوەش هەر تەنها مەسەلەیەکی ئاگاییانەی بوونگەرا نییە، یان هوشیارییەك کە لەنێوان هەستەکانەوە بلەرێتەوە، چونکە بوونی خود تەواوی ئەوانە تەجاوز دەکات، بەڵکو ئەوە مەسەلەی هەڵوێست و چارەنووسە، نەك هەر هێندە بەڵکو دابڕانێکی گەورەیە لەگەڵ بوون (لەدایکبوونی بایۆلۆژی). هیچ فەلسەفەیەك بەبێ جەستە نییە، بەتایبەتی جەستەیەك، کە لە فەلسەفە ڕادەکات.[11]

فەلسەفە لە ڕێگای دووبارە دروستکردنی پەیوەندی ئەنتۆلۆژی نێوان جەستەو پرسیارەوە دەشێ گرفتەکان چارەسەر بکات، بەو مانایەش خەسڵەتی مردن لە بیرکردنەوەی نافەلسەفیدا بەجۆرێك لە جۆرەکان بەندە بە کۆمەڵێك کۆنتێکستەوە (سیاق–context) کۆمەڵێك کۆنتێکست کە لە خودی خۆیان جیاوازن، کۆمەڵێك کۆنتێکست کە بەهایەکی فرە و جیاواز بە چەمکی ناسنامە دەبەخشن. کەواتە پرسی جەستە پرسێکە دەکەوێتە دووتوێی لۆژیکی گومانی فەلسەفییەوە، لەسەر تەجاوزکردنی بەردەوامی دامەزراو و چەسپاو خۆی دەنووسێتەوە، هەموو شیانەکانی خۆی لە مردندا کەشف دەکات، بەڵام وەك داهێنان و خەلقکردن.

مردن کۆتایی نییە، وەك چۆن دابڕان نییە لەگەڵ بوون، بەڵکو کۆنتێکستی خودە و لە ڕێگای خۆیەوە کۆمەڵێك چەمك بە زەمان و مەکان دەبەخشێت و خۆی لە وێناکردنی فیزیاییانە جیا دەکاتەوە و وا دەکات ئەوانیدیکەی جیاواز بەڵگەیەکی ڕێژەیی بن بۆ بوونێکی هەڵە. مردن دەلالەتی خۆی بە فرەیی ڕەها دەبەخشێ. مەرگی فەلسەفە تێزی مەرگی بیۆلۆژی بەهێزتر دەکات، بەپێچەوانەشەوە پرسی فەلسەفە مەرگ وەك میکانیزمێك بۆ بوون دەخاتەوە.

[11] – هـ. س.پ.

سێوی مەعریفە

بازنە داخراو/کراوەکانی جەستە

"جەستە، تیشکۆی مەعریفە و کانی ژیانە"

جەستە لە فیکری هاوچەرخدا بە یەکێك لە وەسیلە بنەڕەتییەکانی تەعبیرکردنی خود دادەنرێت. بەو مانایەش مرۆڤ لە رێگای جەستەوە لە ئەویدیکە دەگات، وەك چۆن هەر لە رێگای جەستەوە دەرك بە شتەکان دەکات. جەستە هەر تەنها قالب، یان تەن نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا خودە و ئامرازی (مـن)ە بۆ چەسپاندنی خودی خۆی و وێناکردنەکانی خۆی لە دەرەوە، وەك چۆن بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووبەڕووی شێوە جیاوازەکان بێتەوە، بە گۆڕینی مەرجەکانی واقیع و ناوکۆییەکانی خۆی هەڵدەسێت. لێرەوەیە دەربڕینی جەستەی مرۆ بە ڕەفتاری خودی ئەو جەستە و وەزیفەکانی و جولەکانییەوە پەیوەست دەبێت! بەو مانایەش جەستە لەنێوان خۆی و ڕەگەز و زمان پەیوەستبوونێك بەخۆی دادەمەزرێنێ. کەواتە جەستە نیشتمان و شوێنی لەدایکبوونی خۆیەتی، وەك چۆن ئامرازی ئەو دەلالەتانەیە کە خود لە رێگایەوە لە خودی خۆی دەردەچێت و دەکەوێتە نێو دنیایەك لە خۆی و بۆ بوونی تایبەتی خۆی دەبێتە کۆمەڵێك پەیوەندی و ڕەمز، هەر لەوێشەوە دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنانی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیا.

(مــۆریس میرلۆپــۆنتی Merleau-Ponty 1908–1961) پێیوایە مرۆڤ لە رێگای جەستەوە بوونی خۆی لە جیهان ڕادەگەیەنێت. جەستە ئامرازێکە بۆ ئامادەگی لە جیهان و بوون بە بەشێك لە واقیع. هەروەها دەڵێ جەستەی من لەبەرانبەرم نییە، ڕووبەڕووی منە، واتە بابەتێکی وەستاو بە خۆی نییە، یان شتێك نییە لە دەرەوەی من بێت و بێ من سەربەخۆ بێت، بەڵکو من جەستەی منە. لێرەدا دەرککردن ئەوە نییە کە کلاسیکیەکان و قوتابخانەی دەروونی تەقلیدی بە چالاکی فیکری و دەروونی دایدەنێن، بەڵکو دەرککردن ئەو پەیوەندییە پتەوەیە کە دەکەوێتە نێوان جەستە و ئامادەگی جەستە لە جیهاندا، نەك هەر هێندە، بەڵکو جەستە لای میرلۆپۆنتی بنەڕەتی هەموو دەرککردنێکە. جەستە دەریچەیەکە شتەکانی لێوە دەبینین. ئەو پێیوایە ئەگەر قسەکردن تەعبیر لە فیکر بکات، ئەوە جەستە تەعبیر لە جیهان دەکات. دنیا و جەستە لەنێو بینراودان، کەواتە دەبێ واز لەو حوکمانە بهێنین کە جەستە دەخەنە نێو جیهان و بینین دەخەنە نێو جەستەوە، یان بە پێچەوانەوە. چونکە هەر یەك لە جیهان و جەستە بەنێویەکداچوونە، یەك لەنێو ئەویدیکەدا دەبینرێت.[12] بەڵام وەك دەزانین هەر لە سێوەکەی ئادەمەوە، جەستە دەکەوێتە بەر ئازار و سزا و چەوسانەوە، لەبەر ئەوەی بە سەرچاوەی گوناح دادەنرێت؟! ئەوەی ئەو گوناحەی جەستەش پاك دەکاتەوە جگە لە سزادان، دەستبەسەراگراتن و داخرانی

---

[12] - بونتي, موريس ميرلو , المرئى واللامرئى , ت. د .سعاد محمد خضر, دار الشؤون الثقافية العامة , بغداد , 1987 , ص126.

www.dengekan.com

جەستەیە. یەکەمیان ڕیسوابوونی جەستە نیشان دەدات و دووەم قەدەغەکردن. ئەگەر ڕیسوابوونی جەستە وێرانکردنی جەستە بنوێنێ، ئەوە قەدەغەکردن بێ بەهایی جەستە وێنا دەکات. ڕیسواکردن و قەدەغەکردنی جەستە تەعبیر لە دیدێك دەکات، کە پێیوایە بەختیاری بە بەندکردن و داخستنی جەستەوە بەندە؟! ئەو دیدە پێیوایە بۆ ئەوەی مرۆڤ خزمەت بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت، پێویستە جەستە لە ڕێگای ڕیسواکردن و قەدەغەکردنەوە لە خراپەکان پاك بکاتەوە؟! بەڵام لەبەرانبەر ئەو دیدە دیدێکی دیکە ڕەوایەتی بە خۆی دەدات و پێیوایە هەڵەی یەکەم جگە لە بانگەشەکردن بۆ ئازادی شتێکی دیکە نییە، پاکبوونەوەش لە گوناح جگە لە بێ بەهاکردنی جەستە، ڕیسواکردن و بەزینی جەستەش دەگەیەنێت؟! ئەو دیدە، پاکبوونەوەی جەستە لە ئازادی جەستەدا دەبینێتەوە، نەك لە قەدەغەکردن.

دیدی یەکەم بەهای مرۆڤ لە ڕیسوابوونی جەستەدا هەڵدەگرێتەوە، بەڵام دیدی دووەم هەموو بەهاکان هەڵدەوەشێنێتەوە تەنها ئەوە نەبێ کە بە جەستەوە بەندە، هەر لە پەرستنی جەستەوەش سرووتێك دەسازێنێ. دیدی یەکەم پێیوایە لەبەر ئەوەی جەستە بۆگەن دەبێ، بۆیە هەموو شتێ بێ بایەخ و بۆشە، بەڵام دیدی دووەم دەیەوێ پارێزگاری لە جەستە بکات و پێیوایە هەموو تەگەرە دروستکردنێك بۆ جەستە، تەگەرە دروستکردنە بۆ خودی ئازادی! بەو مانایەش جەستە بە پێش جەستەو پاش جەستەوە نابەستێتەوە، بەڵکو خودی جەستە بە بنەمای بەختەوەری دادەنێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەڵێت:

جەستەیەکی ئازادم بدەرێ، دەروونێکی میهرەبان وەرگرەوە، بەڵام جەستەی ڕیسوا و بەزیوو نە میهری تێدایە و نە ئازادی.[13]

کەواتە سێوەکەی ئادەم لە داری مەعریفەوە چنراوە، خواردنی سێو، جگە لە مەعریفە و ژیان شتێکی دیکە نییە، ئەگەر مەعریفە هۆیەك بێ بۆ بەردەوامییەتی مرۆڤایەتی، ئەوە ژیان پانتاییەکە بۆ لەخۆگرتنی هەموو جولە و ڕیتمە جیاواز و گونجاوەکانی مرۆڤایەتی. بەو مانایە جەستە، ژیان و مەعریفەی لێدەکەوێتەوە؟! بۆیە پێویستە ڕێزگرتن و بە پیرۆزگرتنی وەك ئەرکێکی مرۆڤانە سەیر بکرێت.

ئەو بەهەشتەی کە ئادەم بەر لە تامکردنی مەعریفەی جەستە تێیدا دەژیا، ڕەمزی هاوسەنگی بوو. بۆیە کاتێك مرۆڤ لە بەهەشت دەرکرا بەدوای ئەو هاوسەنگییەدا وێڵ بوو، بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگییە دووبارە وەدەست بهێنێتەوە وێڵ بوو، بەدوای فیکرەی زۆر دوور کەوت، چونکە نەیدەزانی ڕێگای گەڕانەوە بۆ هاوسەنگی لە خودی جەستەودایە.. ئەوە خودی جەستەیە هاوسەنگی دەسازێنێ! ئیتر لێرەوە دەبینین هاوگونجانی فیکر و جەستە تەعبیر لە هاوسەنگی ژیان دەکات و بێ ئەو هاوسەنگییە ناتوانین بەرگەی ژیان بگرین، بۆیە جەستە، بە تیشکۆی مەعریفە و کانی ژیان ناس دەکرێت. ئەگەرچی بیروڕای جیاواز لەبارەی داخران و پەردەپۆشکردنی ئەندامە سێکسییەکانی جەستە لە ئارادا هەیە، بەڵام (فرۆید، سیگمۆند **Sigmund Freud (1856–**

13 ـ حنا عبود، تفاحة ادم، دراسة فی النظریة الفلسفیة عند د.ه. لورانس، دار المسیرة-بیروت، ط ص7، 37،16.

www.dengekan.com

1939)[14] داپۆشینی ئەندامە سێکسییەکان بە پیرۆزییەوە دەلکێنێ، بەلام دەشێ ئەو داپۆشینە بە پیسییەوەش بەند بکەین. وەك چۆن دەشێ هەردوو هۆکار وەك هۆیەك بۆ داپۆشین تەماشا بکەین.

لێرە لەنێوان پیسی و پاکژی، لەنێوان هەڵەی یەکەم و سزادان، لەنێوان کۆت و بەند و ئازادی، سێوەکەی ئادەم لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە بۆ ئەفسانەو ئایین و تا دەگاتە تراژیاکانی گریك درێژبۆتەوە و گەمەی جۆراو جۆری لەبەرانبەردا دەکرێت. چەمکی سێوەکەی ئادەم بە دیدێکی میتافیزیکییەوە بەندە، هەر لەو دیدەشەوە سێوەکەی ئادەم بە ڕەمزی کەوتن وەسف دەکەن؟! سێوی ئادەم هۆی دەرکردنی ئادەم و حەوا. لە سێوی ئادەمەوە، ئادەم و حەوا ژیانی هەتا هەتایی بەهەشتیان دۆڕاند، سێوی ئادەم لەبەرانبەر ڕۆح دەبێتە ئەهریمەنی فاوست و مەعریفە پێشکەش دەکات! ئەوەی کە دەگوترێ ئادەم بەختەوەری نەمری دۆڕاند، دەشێ لەوێوە کورتی بێنێ کە بنبەستبوونی نەزانیش دەدۆڕێنێ!! لێرەوە فیکرەی دووەم ئازادی بەرز دەکاتەوە و مەعریفە وەك بنەمای پێشکەوتن تەماشا دەکات.

لەنێوان سێو و کەوتن، لەنێوان کەوتن و نەفرەت، نەفەرەتی هەتا هەتایە، مرۆڤ هەموو ڕۆژێ سێو دەکرمێنێ! سوپاسگوزاری و پیاهەڵدان.. پاکبوونەوە دابین ناکات. کورسی دانپیانان، ئەو تاوانە ناسرێتەوە! بۆیە مرۆڤ دووچاری نائومێدی دەبێت. هەڵەی یەکەم ئەوەی مرۆڤ دەبێ باجەکەی بدات، هەڵەی جەستەیە نەك هیچ هەڵەیەکی دیکە. بۆیە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، ئایینەکان، نۆرم و ترادیسیۆنەکان، پاکبوونەوە بەسەر جەستەدا فەرز دەکەن، تا مرۆڤ نوێ بێتەوە؟![15] بەلام جەستە لەناو دەچێت، بێگومان نیگەرانی مردن وەك مەسەلەیەکی فەردی سەیر دەکرێت، هەر دەبێ لەگەڵی بسازێ و بەدوای چارەی گونجاودا بگرێت؟!

ئۆدیب پاشا چاوی خۆی بەهۆی سێوەکەی ئادەمەوە لە دەستدا، ئەو کەشیشەی کە لە تاقیکردنەوەیەکی خەونئامێزدا بیر لە سێوەکەی ئادەم دەکاتەوە، چۆن ئیمان لە دەستدەدا... لێرەوە لە هەموو ئەو نموونانە بۆمان دەردەکەوێ چۆن هەڵە و گوناح دوای سوپاسگوزاری بەرەو پیرۆزی دەچێ و چۆن پیرۆزییەکان بە تەنها بیرکردنەوە لە سێوی ئادەم وێران دەبن.

کەواتە کۆی ئەو کارەسات و تراژیدیایانەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە، کۆی هەڵە و پاکبوونەوەکان... هەموو ڕزگاربوونێك لە سێوەکەی ئادەم، پێویستی بە ئازار و سزا و مەرگەوە هەیە، یان دانپیانان و تۆبە و پەشیمانبوونەوە... بەو مانایانەش هەموو ئەفسانەکان و ئایینەکان و ترادیسیۆنە سەرەتاییەکان، مرۆڤ وەك وامدارێك سەیر دەکەن، کە هەوڵدەدات بەلگە بۆ تاوانەکانی خۆی

14- فروید سیغموند Sigmund Freud (1856–1939) پزیشکی دەروونی نەمساوی، بە بەناوبانگترین زانای دەروونی لە فیکری نوێ دێتە ژماردن. دامەزرێنەری ڕێبازی دەروونشیکارییە (Psychoanalysis).

15- حنا عبود، تفاحة ادم، دراسة في النظرية الفلسفية عند د.ه. لورانس، دار المسيرة-بيروت، ط 1 1980، ص116.

بهێنێتەوە، بەڵام لێرە چۆن دەشێ ڕوویەکی دیکەی ئەو تێڕوانینانە وێنا بکەین، چۆن دەشێ خوێندنەوەیەکی دیکەیان بۆ بەئەنجام بگەیەنین. لە کۆی ئەو کارەسات و تراژیدیایە، چۆن کۆی ئەو بەتاوانبارکردن و ڕیسوایی و بێ نرخکردنانە، کۆی گوناحەکان وەك بەخشندەیی و ناز و خۆشی و چاکەکردن بخوێنینەوە!! چۆن لەگەڵ جەستە، لەگەڵ سێوەکەی ئادەم ئاشت ببینەوە؟! لەبری ئەوەی مرۆڤ بخەینە نێو ئازار و سزا و ژانوژوار... دەشێ دلشاد و بەختەوەری بکەین.. دەشێ سێوەکەی ئادەم وەك چاکەکاری و بەخشندەیی و ڕێگایەك بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی، وەك وەسیلەیەك بۆ گەیشتن بە مرۆڤی حەقیقی سەیر بکەین؟! هەر لەوێشەوە دەشێ سێوەکەی ئادەم وەك سرووتێك بۆ بە پیرۆزڕاگرتنی جەستە و ڕێزگرتنی جەستە تەماشا بکەین؟! واتە دەشێ کۆی ئەو تەماشاکردنە سەرەتاییانەیە بە بەخشندەیی و ناز و خۆشی بگۆڕینەوە. جەستە وەك ژیان ببینین و ژیانیش لە مەعریفە و ڕۆحدا درێژ بکەینەوە.

جەستە، بە کوێ دەگات؟ لەپاش فەلسەفەی جەستە چی وەستاوە؟ وەك دەزانین هەرگیز کەسێتی مرۆڤ ئەو کەسێتییە هاوگونجاوە نییە، کە لەگەڵ خودی مرۆڤ تەبا بێتەوە، بەڵکو کەسێتی مرۆڤ بارستاییەکە لەنێودژی و خاوەنەکەی هەمیشە هەوڵی بەیەکگەیشتنی ئەو نێودژیانە دەدات. هەندێکجار کەسێتی بە دژی خۆی ڕادەبێتەوە و لاملی دەکات و سوورە لەسەر ناتەبایی، بەڵام مەرج نییە ئەو نەگونجان و ناتەباییە لە نائاگاییەوە بێت، بەڵکو لە زۆربەی جاردا بە ئاگاییەوە بە ئەنجامی دەگەیەنرێت. بۆ نموونە زۆرجار پەندیارێك، بانگەشەی بۆشی جەستە دەکات.. کەچی لە ناخەوە بێ سنوور بایەخ بە جەستەی خۆی دەدات! یان سەیر دەکەین یەکێك لە ڕووکاردا زۆر دڵخۆش خۆی دەنوێنی، بەڵام کە دەچیتە ناخی دەبینی چەند غەمبارە... بە کورتی لەپشت ئەو ناهاوسەنگییەی ناوەوەی جەستە مەرگ وەستاوە، وەك چۆن فەلسەفەی جەستە لە مەرگدا خۆی دەدۆزێتەوە! ئەو هەموو بایەخدانە بە جەستە، ترسی مەرگی لە پشتەوەیە. کەواتە بۆ ئەوەی بە فەلسەفەی جەستە بگەین، دەبێ فەلسەفەی ئازادی جەستە ڕابەرایەتیمان بکات. بۆ ئەوەی بە ئازادی جەستە بگەین، پێویستمان بە هاوسەنگی نێوان جەستە و ئاگایی هەیە. هەموو هاوسەنگییەکی نێوان جەستە و ئاگایی، دەلالەتی ئارامی و دڵنیایی و هێمنی جەستە دەنوێنێ. هەر لە ڕێگای ئارامی و هێمنی و دڵنیایشەوە جەستە دەتوانێ پێشبینی بکات. واتە لە ڕێگای هەستی ڕاستگۆیانەی جەستەوە فیکر دەتوانێ ئاگایی بدۆزێتەوە، هەر بەو مانایەشەوە فیکر جەستەیی دەکەوێتەوە. کەواتە فیکر بەبێ جەستە هەرگیز ناتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی ڕابێتەوە. ئەگەر بێتو جەستە فەرامۆش بکەین، ئەوە بێگومان عەقڵ و ئاگایشمان فەرامۆش کردووە. دواجار هەر لە ڕێگای جەستەوە، دەشێ دەست بۆ ئاڕاستەکانی بەختیاری درێژ بکەین.

لە سەدەی ڕینیسانس و سەد ساڵی یەکەمیدا جەستەی ڕووت دەکەوێتە نێو هونەرەوە، ئەوەش بۆ خۆی کرانەوەیەکی دیکە بوو، بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی نۆرم و ترادیسیۆنە کۆنەکانی چاخی

ناوەڕاست، چونکە ئەو کات قسەیەکی جیدی لەسەر جەستە بوونی نەبوو. بەڵام دواتر لە ڕێگای هونەرەوە، نەبینراو و نادیارەکانی جەستەمان بۆ دەرکەوت، بۆ نموونە: (تابلۆی لە خاچدانی مەسیح، مایکل ئەنجیلۆ)... بەڵام جەستەی ڕووت هەر تەنها لە چوارچێوەی هونەردا نەمایەوە، بەڵکو هەر لە ڕێگای ئەو ڕووتبوونەوەیە دەرکەوت، کە جەستەی مرۆڤ زیاد لە پێویست شێوەیەکی جوان و تەواوی لەخۆ گرتووە، بەو مانایەش جەستەی ڕووت مەزنترین نموونەی گۆڕینی مادەیە بۆ شێوە؟! کەواتە هەرگیز ناشێ جارێکی دیکە نکۆڵی لە جەستە بکەین، وەك چۆن لە چاخی ناوەڕاست ئایینگەراییانی مەسیحی نکۆڵیان لێدەکرد. بەمجۆرە وەك حەقیقەتێك کە بە درێژایی ژیان خاوەندارێتیمان دەکات، لەگەڵ جەستە ئاشتبوونەوەمان ڕاگەیاند.

بێگومان مێژووی مرۆڤایەتی لە گەڕان بەدوای نادیار بەردەوامە، مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی گەڕانە بەدوای نەبینراو نادیار، مێژووی دۆزینەوە و داهێنان و بەخشینی جۆراوجۆرە. مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتای بوونەوە هەتا ئێستا بەردەوام هەوڵدەدا دەرگا لە نادیارەکان بکاتەوە، نادیاری سروشت، نادیاری کۆمەڵگا، نادیاری بوون و گەردوون... سەفەری گلگامێش بەدوای نهێنی ژیاندا.. گەڕانی زاناکان بەدوای مادەیەك کە شت بکاتە زێڕ.. یان مادەیەك کە هەڵوەشانەوەی جەستە ڕابگرێ و مردن دوور بخاتەوە...، بەڵام وێڕای ئەو هەموو دۆزینەوە و داهێنانە جۆراوجۆرانە کەچی نادیارەکان ئەوەندە زۆرن کە دیار لە چاو نادیار لە دورگەیەکی بچووك زێتر نییە. بۆ نموونە چۆن نەهەنگی (عەنبەر) دوژمنەکەی دەناسێتەوە، کام ئەندامی جەستە بەو کارە هەڵدەستێت؟ باڵندەکان چۆن دوای سەفەرگەلی دووورودرێژ، دوای بڕینی ئەو هەموو چیا و دەریا و دار و دەشتە.. بە لانەکانی خۆیان شاد دەبنەوە؟ گژوگیا چۆن هەست بە دوژمنەکەی دەکات و چۆن دژی دوژمنەکانیان دەجەنگن و دوژمنەکەیان دەخەنە تۆڕەوە؟

هەمیشە مەعریفەی جەستە دەلالەتی دووبارەبوونی لەخۆدا هەڵگرتووە، بۆیە پێویستە لەپاڵ ئەو هەموو نادیارانەوە مرۆڤ بەردەوام هەوڵی هاوگونجان بدات، بەردەوام ئاگایی و جەستە بە ئەرکی سەرەکی خۆی بزانێ...، چونکە جەستە بۆ خۆی ڕێگایەکە بۆ گەڕانەوە. بۆ نموونە: ئەگەر سەیری ئەفسانەی (ئەدۆنیس) بکەین، دەبینین سروشت تەنها بە مەرگی جەستەی ئەدۆنیس لەناو دەچێ و پەژمووردە دەبێت. لێرەدا ئەدۆنیس دەبێتە ڕۆحی سروشت. واتە ژیانی جەستەی ئەدۆنیس–لە کۆتاییدا– مەرگی ڕۆحی زیندووی سروشت دەگەیەنێت. ئەدۆنیس لە دوای کوشتنی دەبێتە (هادیس– واتە ماڵی مردووان) هەتا ئەدۆنیس لەو ماڵەدا بمێنێتەوە، سروشت بە مردووی دەمێنێتەوە، کاتێ جەستەش لەنێوان مردووان هەڵدەسێتەوە، دووبارە ژیان لە سروشتدا دەبوژێتەوە. لە دووتوێی ئەو ئەفسانەیە دەبینین ڕۆح لە دوا لێکدانەوە تەنها ڕەمزی چالاکی جەستەیە. تا ماوەیەك ڕۆح جەستە بەجێدەهێڵێ و پاشان بۆی دەگەڕێتەوە!

www.dengekan.com

سێوی مەعریفە
لەنێوان یەکسانی و جیاوازی

"لە دیدی من ئافرەت تێکەڵەیەکە لە شێوە و ڕەنگ"
(بیکاسۆ)

ئەگەر سێو ڕەمزی ژیان و مەعریفە بێ، لەوێوە دەلالەتەکانی ژیان لەخۆ بگرێ کە لە ڕێگای جەستەوە مەعریفە بەدەست دەهێنێ، ئەگەر سێو تەعبیر لە جەستە بکات، لەوێوە کە ڕەمزی خۆشەویستییە، ئەوە دەشێ بڵێین مرۆڤ لە ڕێگای جەستەوە بوونی خۆی لە جیهان ڕادەگەیەنێت، لە ڕێگای جەستەوە بە مەعریفە دەگات، لە ڕێگای جەستەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەویدیکەی دروست دەکاتەوە... کەواتە جەستە هەر تەنها ئامرازێك نییە بۆ ناسین، بەڵکو ئامرازێکە لە ڕێگایەوە مەعریفە ناس دەکەین، ئامرازێکە بۆ ئامادەگی لە جیهان و بوون بە بەشێك لە واقیع.. لێرەدا ئەوەی (مۆریس میرلۆپۆنتی) و فینۆمینۆلۆژییەکان دەیخەنە ڕوو هەر تەنها پرسێکی بوونگەرایی نییە، بەڵکو پرسگەلێکە تەواوی ژیان لەخۆ دەگرێت، هەر لە ڕێگای ژیانیشەوە دەشێ جەستە وەك سێوی مەعریفە ناس بکەین.

لێرەدا قسە لە ئازادکردنی جەستە و ڕیسوابوونی جەستە بە مانا گشتییەکەی ناکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ، جەستە بخوێنینەوە. ئەو خوێندنەوەیەش ڕاستەوخۆ بە ڕەهەندە جیاواز و یەکسانەکانی جەستەوە بەند دەکەین، بەو مانایەش هەوڵدەدەین سێوی مەعریفە وەك ناسنامەی جیاوازی و یەکسانی بخوێنینەوە. ئاشکرایە نێرایەتی و مێیایەتی دوو ڕووی جەوهەری بوونی مرۆیی لەخۆ دەگرن، هەر یەکەیان تایبەتمەندی و خەسڵەت و ڕۆڵی خۆی هەیە، بە هەردووکیشیان تەواوی لایەنەکانی ژیاری مرۆڤایەتی پێکدەهێنن.

پێناسەی فێمینیزم

کۆیلایەتی، ملکەچکردن، پەسەندکردن، جنێو، ڕاهاتن لەگەڵ گریان و درۆزنی، نەبوونی بانگەشە، خۆپێشکێشکردنو... هتد، تەواوی ئەو ڕەفتار و ڕاوەستانەی ئەخلاقی ئازادی پەسەندیان ناکات، بە پیشەی ئافرەت دەناسرێتەوە. لەو لایەنەوە ژن زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی ڕوخێنراوە، زەمینەی ڕاستەقینەی کۆیلایەتییە، کۆنترین زەمینەی دەزگاییە کە تەواوی کۆیلایەتی و ڕەفتارە بێ ئەخلاقییەکان لەسەر ئەو دەست بەکار دەبن.. لەو سۆنگەیەوە بە درێژایی مێژوو هیچ کۆیلایەتییەك هێندەی کۆیلایەتی ژن هەرس نەکراوە و ڕەوایەتی پێنەدراوە و درێژەی بەخۆی نەداوە. هەڵبەتە ئافرەت وەك کۆیلە و ئافرەت وەك بوونەوەرێکی ڕوخێنراو، یان بە مانایەکی دیکە پێکهاتەی ژن لە کۆمەڵگادا دوو جۆر کاریگەری وێرانکەرانەی هەیە، یەکەمیان: کرانەوەی کۆمەڵگایە بە ڕووی کۆیلایەتیدا. دووەمیان: بەڕێوەبردنی

www.dengekan.com

تەواوی کۆیلەکان، یان کۆیلایەتییەکانە لەسەر بنەمای بە ژن کردنیان.[16]

لەو خاڵەوەیە (هیتلەر) کۆمەڵگا وەکو ژن دەبینێ کە ئەسپی (دەوڵەت–نەتەوە) لێی سوار دەبێت.

بەکورتی هەر لە ئەفلاتون و ئەرستۆوە تا هۆبز و رۆسۆ، جیاوازی دەخەنە نێوان ژنان و پیاوانەوە.. بیرکردنەوەی فیودالی نێرینە بە نوێنەریکردنی دەسەڵاتی سیاسی دادەنێ، بیرکردنەوەی کۆماریخوازی ئافرەت لە مافی دەنگدان بێبەش دەکات، بیرکردنەوەی دیموکراسی لە مافی هاوڵاتیبوونیان دەکات. کەواتە وەك دیارە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەڵگری بنەمایەکی دیار و شاراوەی نێرسالارییە، ئەوەش بە پشتبەستن بە ویل دورانت کە دەڵێ: سوود وەرگرتن لە وشەی "پیاوان" بۆ دیاریکردنی تەواوی جۆری بەشەر بریتییە لە دەمارگرژی سەردەمی باوکسالاری.[17] بەڵام ئەگەر ئەمرۆ زاراوەی پیاوسالاری وەك کێشەیەکی خێزانی چاو لێبکەین، ئەگەر یاسا و سیاسەتە گشتییەکان بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ژنان و پیاوان وەك یەك مامەڵە بکەن، ئەگەر مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ نێر و مێ وەك یەك بکەوێتەوە، ئەوە دەتوانین بەسەر پیاوسالاریدا زاڵ بین.

لێرە لەو بە پەراوێزکردنانەدا، ژنگەرایی سەریهەڵدا. کەواتە ژنگەرایی یان فێمینیزم (Feminism) دەشێ هەموو ئەو کۆششە تیۆری و پراکتیکییە بگرێتەوە، کە ئامانجی خۆی لە چاوپێداخشانەوە و وەلامدانەوە، یان رەخنەگرتن و چاککاری بنەما کۆمەڵایەتییەکانی سیستمی باودا هەڵدەگرێتەوە، ئەوز سیستەمەی کە پیاو بە سێنتەر دادەنێ و ئافرەت بە رەگەزی دووەم یان ئەویدیکە نزمتر لە پیاو لە قەڵەم دەدات. یان بە مانایەکی دیکە ئافرەتگەرایی کۆمەڵە تیۆرێکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری بزاڤی سیاسی و فەلسەفی و ئەخلاقی دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە مەسەلەی ئافرەتانەوە، دوا ئامانجیان بنبڕکردنی فۆرمەکانی دەستبەسەراگرتنی رەگەزی مێیە، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ پیاوان بە ئازادی بەشداری لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و بەرەوپێشبردنی ژیاندا بکەن.[18]

بزاڤی ئافرەتان لە فیکری خۆرئاوادا لە سەدەی نۆزدەوە لە رێگای زاراوەی فێمینیزمەوە فۆرمەلە کراوە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1895 ئەو زاراوەیە تەعبیری لە شەپۆلێك دەکرد کە کۆمەڵێك رێبازی لەخۆ

[16] – مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتی، 1، عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، و، لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم،2009، ل206.

[17] – ژن، پیاو، ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانیەتەکاندا، ویل دورانت، وەرگێرانی لە فارسییەوە: دلشاد خۆشناو، لە زنجیرە بلاوکردنەوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، 2009، ل141.

[18] –زۆربەی زۆری ژنگەراکان پێیانوایە فێمینیزمگەرایی بزاڤێکی شەعبیە ئامانجی لابردنی ئەو تەگەرانەیە کە لەسەر بنەمای پشتاوپشتگەری و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئایینی جێگیر کراون. ئەو بابەتانەی کە فێمینیزم لە کۆمەڵگەی پەترپاکیدا بە ناوەرۆکی خۆی دەزانێ بەشتبوون و بەشتبوونی سێکسییە (واتە کردنی ژن بە کالای سێکسی) و چەوسانەوە... بۆ زێتر شارەزایی بروانە: ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة، انثوية، مارس 2010.

دەگرت و چەندین لقی لێجیا دەبۆوە. نیازی سەرەکی ئەو بزاڤە بەدەستهێنانی مافگەلێك بوو، کە پیاوان بە خۆیان ڕەوا دەبینی، بەڵام ئافرەتانیان لێ بێبەش کردبوو، ئەو بزاڤە بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانە جەختیان لەسەر یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان دەکردەوە، بەڵام شەپۆلی دووەمی ئەو بزاڤە فێمینیزمییە لە شەستەکان و بە تایبەت لە ئەمریکا بەدەرکەوت و بە پرنسیپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە بەند بوو. ئەو بزاڤە ئەمریکییە کە بە (فێمینیزمی نوێ) ناونرابوو، لە ڕووی فیکرییەوە پێگەییوو بوو، هەوڵی دەدا لە ڕووی تیۆرییەوە قووڵتر و بەرفرەوانتر خۆی بنوێنێ و هەر تەنها لە داوای یەکسانی نێوان پیاوان و ژناندا خۆی قەتیس نەکات، بەڵکو کەشفکردنی دووبارەی ژنبوونی لە ڕێگای ژنەوە بە هەند هەڵدەگرت و دواتر ناسنامەی ژنایەتی، واتە فێمینیزمی لە ڕێگای تیۆرەوە فۆمەلە کرد و توانی بەهۆی گەشەی مەعریفییەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەدەستبهێنێ و کۆمەڵێك توێژینەوەی ئەکادیمی بەرز لەو بارەوە بخاتە ڕوو. لە پشت ئەو شەپۆلە گەورەترین دایکی فەلسەفەی ژنایەتی هاوچەرخ بە کتێبی (ڕەگەزی دووەم 1945) هاتە قسە، ئەو نووسەرەش (سیمون دوبۆڤوار1908–1986) بوو، کە گووتی "مرۆڤ وەك ژن لەدایك نابێت، بەڵکو بۆ ژن دەگۆڕێت. بێگومان فێمینیزم لەوێوە لە فەلسەفەی بوونگەرایی جیا دەبێتەوە کە هەر تەنها بایەخ بە شارەزایی زیندووی هاوژیانی خودی فەرد نادات، بەڵکو بایەخ بە تیۆرگەلی گەورە دەدات، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ لەبەرفرەوان بوون و قووڵبوونی لقە مەعریفییەکانیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەوەی کە شەپۆلی فێمینیزمی نوێ جیا دەکاتەوە ئیشکردنە لەسەر پارادیمی عەقڵانیەتی نێرسالاری مرۆڤ، وەك سێنتەری ژیاری خۆرئاوایی، کە دەشێ ماوەی کۆلۆنیاڵی وەك نموونەیەکی هاوچەرخ و گشتگیری ئەو عەقڵانییەتە نێرسالارییە تەماشا بکەین. هەڵبەتە ئەو شەپۆلە لەگەڵ شەپۆلی یەکەم جیاواز و هاودژ دەکەونەوە لە جەختکردنیان لەسەر جیاوازی ژن و پیاو و کار. هەر لەوێشەوە وەك کەشفکەر و گەڵاڵەکەری ژنایەتی خۆی نیشان دەدات.

لێرەدا من نەمویستووە قسە لە پرسی فێمینیزم چییە بکەم، چونکە لە کتێبی (فێمینیزم) کە (جیەن فریدمەن) نووسیویەتی و (فەرشید شەریفی) لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، زۆر بە جوانی ئەو باسە خراوەتە ڕوو، لەوێ دەردەکەوێ کە فێمینیزم بە تەنها چەمکێك نییە، بەڵکو لە کۆمەڵێك بیروڕا و کردەی جۆراوجۆر و فرە ڕەهەند پێکهاتووە، هەر چەندە هەوڵی زۆر دراوە وەڵامی پرسی فێمینیزم چییە لە ڕێگای کۆمەڵێك دید و بۆچوون بدرێتەوە، کە تەواوی دیدە فیمینیستەکان لەخۆ بگرێت، بەڵام ئەو کارە بۆتە کارێکی ئەستەم، چونکە فینیمیزم زۆر جۆری جیاواز لەخۆ دەگرێت، سەرەڕای جیاوازییان هەندێکجاریش بە تەواوی دژ بەیەك دەکەونەوە. بۆیە ناتوانین بڵێین فێمینیزم چییە، بەڵام دەتوانین جەخت لەوە بکەین کە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤی فێمینیزم بۆ بارودۆخی نالەباری ئافرەتان لە کۆمەڵگاکان دەگەڕێتەوە.[19]

[19] – فیمینیزم، جیەن فریدمەن، وەرگێڕانی، فەرشید شەریفی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ، ل7، 15–16.

کەواتە دەشێ فێمینیزم بەپێی ڕێبازە تیۆرییە جۆراوجۆرەکان پۆلینبەندی بکەین، یەکێك لە گرنگترین ئەو پۆلینبەندییانە فێمینیزمی لیبرالی و مارکسی و ڕادیکاڵییە، بەڵام جگە لەو پۆلینبەندییە توێژینەوە تازەکان فێمینیزمی دەروونشیکاری، پۆستمۆدێرن، پۆستبونیادگەری، ڕەش، هەندێ شتی دیکەشیان پێوە زیاد کردووە.[20]

جیاوازی لەنێوان ستایش و نکۆڵیکردندا

لە ساڵی (1946) واتە بەر لە ڕاگەیاندنی پەیماننامە نێو دەوڵەتی مافی مرۆڤ بە دوو ساڵ لێژنەی ناوەندی بۆ بەرگریکردن لە ئافرەتان دامەزرا و دواتر چەندین دەستە و لێژنە و کۆمەڵە و ناوەندی دیکە لە سەرانسەری جیهان بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان هاتە ئاراوە. لە ساڵی (1952) کۆمەڵەی گشتی وڵاتە یەککگرتووەکان لە هاوڕاییەکدا بڕیاریان لەسەر مافی سیاسی ئافرەتان ڕاگەیاند، لە ساڵی (1967) بانگەشەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جیاکارییەك بڵاوبۆوە، لە ساڵی (1993) ڕاگرتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بڕیاری لەسەر درا، ساڵی (1995) لە کۆنگرەی لوتکەی زەوی کە تایبەت بوو بە ئافرەتان لە (پەکین) وشەی جێندەر لە بەیانی کۆتایی کۆنگرەدا (254) جار بەکارهێنرا، وەك چۆن هەر لەو کۆنگرەیەدا قسەیان لەسەر ڕەتکردنەوەی وشەی هاوسەرگیری داو لە جێگەی ئەو، وشەی (کەپڵ) بە مانای دووانیی، یان پێکەوەژیان بەرز کردەوە... ئەگەرچی مەبەستم نییە تەواوی ئەو کۆنگرە و بڕیارانە بخەمە ڕوو کە لە پێناو مافەکانی ژنان خراوەتە ڕوو، بەڵام دەمەوێ بڵێم ئەگەرچی کێشەی ئافرەتان هەنگاوێکی باشی لە بەرەوپێشچوونی جیاکارینەکردن و یەکسانی و مافی سیاسی و مافی هاوڵاتیبوون و بارودۆخی ئابوری و ڕاگرتنی توندوتیژی ناوە، کەچی هێشتا کۆمەڵێك ئیشکالییەتی جۆراوجۆری دیکە ماوە و نەیتوانییوە چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە! وەك دەزانین بزوتنەوە فێمینیزمەکان وەك یەك تەماشای ئەو کێشانە ناکەن و لە کۆمەڵێك پرنسیب و درووشم و بنەما.. نەك هەر جیاوازن، بەڵکو دژ بەیەك دەکەونەوە. ئەوەی لە کۆی ئەو کێشانەوە دەمەوێ قسەی لێبکەم مافی ئازادی سێکسی و سێکسکردن لەگەڵ مەحرەمەکان نییە، وەك چۆن هەوڵیش نادەم لەمیانی سڕینەوەی جیاکارییەکانی دژ بە ژنان قسە لە هۆمۆسیکواڵەکان[21] بکەم؟! هەروەها پێموایە تاکگەرایی ئافرەتان (واتە

---

[20] –ئایدیۆلۆژیاو بزاڤە فێمینیزمەکان چەندان جۆرن: فێمینیزمی رادیکاڵی، لیبراڵی، باشوری، ژینگەیی، ئەفسانەیی، توندگەرا، یەهودی، مەسیحی، ئیسلامی.. لە تیۆریسنەکانیشیان بۆ نموونە: جون ستیوارت مل، سیمون دی بوفوار، جیرمین غریر، قاسم امین.. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة، انثوية، مارس 2010.

[21] - مەسەلەی هۆمۆسێکسواڵەکان لەژێر ناوی (اتفاقية القضاء على كافة اشكال التمييز ضد النساء) جێگای بۆ کراوەتەوە، ئەوەش دوای ئەوە هات کە (نیکۆلاس تۆنون)ی ئوسترالی هۆمۆسێکسواڵ رەخنەی لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ

www.dengekan.com

تەماشاکردنی ئافرەت وەك تاك لە دەرەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دایك، خوشك، ژن، کچ...) یەکێکە لە مافەکان، بەڵام دەشێ کۆمەڵێك ئیشکالی سۆزگەرایی لە خۆدا کۆبکاتەوە !

بەکورتی ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم باسێکی یەکجار ئاڵۆز و دژوارە، ئەویش دوالیزمی یەکسانی و جیاوازییە ! هەندێ لە فێمینیزمەکان لەوێوە بەرگری لە یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان دەکەن، کە جیاوازی وەك هۆیەك بۆ تەماشاکردنی ژنان بە پلە دوو دەدەنە قەڵەم!، بەڵام هەندێکی دیکە لەوێوە بەرگری لە جیاوازی دەکەن، کە دەکەوێتە نێو تایبەتمەندییەکانەوە بۆیە بە پێویستی دەزانن بیپارێزن! بەڵام لەبەر ئەوەی ماناکانی یەکسانی و جیاوازی قسەوباسی زۆر دەوروژێنێ، بۆیە ڕێگای سێیەم، وەك هاوگونجانێ خۆی ڕاست دەکاتەوە، بە مانایەکی دیکە هەندێ لە فێمینیزمەکان لەو باوەڕەدان، کە دابەشکردن بەسەر یەکسانی و جیاوازی، دابەشکردنێکە سەبارەت بە بارودۆخی ئافرەتان هەر وەك خۆی ماوەتەوە، لێرەدا قسە ئەوەیە کەچی بکەن تاکو ئەو جیاوازییە نەبێتە هۆیەك بۆ سەیرکردنی ژنان لە پلەیەکی نزمتر؟

کەواتە یەکێك لەو نکۆڵیکردنانەی، کە ژنان ڕووبەڕووی جیاوازی دەکەنەوە، ئەوەیە، کە پیاوان پێیانوایە، کە ئافرەت بەهۆی دۆخی فیسیۆلۆژی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتییەوە بە پلە دوو سەیر دەکرێ، واتە هەر

گرت، کە هیچ پاراستنێکی مافی ئەوانی تێدا نییە و داوای جێکردنەوەی مافی هۆمۆسێکسواڵەکانی لە نێو مافی مرۆڤ کرد.

تەنها دەتوانێ کاروباری نێو ماڵ بەڕێوە بەرێت. (شێری ئۆرتینێز Sherry Ortenes) لەو بارەوە دەڵێ: "پلە دووەهەم بوونی ژنان لە کۆمەڵگادا ڕێسایەکی گشتی جیهانییە، واقیعێکە پەیوەندی بە کەلتورەکانەوە هەیە"، بەڵام ئایا پێویستە ئافرەتان نکۆڵی لە جیاوازی ڕەگەزی بکەن، بۆ ئەوەی لە پیاوان بچن؟ (هیستێر ئیزنستاین hester Eiesentein) لە پێشەکی کتێبەکەی (ئایندەی جیاواز، 1987) دەڵێ: "کلتوری خۆرئاوایی ئەوەی سەلماندووە،، کە ناتوانێت بیر لە "نایەکسانی" بکاتەوە، مەگەر ئەوەی بەهایەکە پۆزەتیف بە لایەنێك ببەخشێ و بەهای نێگەتیفیش بە لایەنێکی دیکە"[22]

بەمجۆرە لەنێوان ئەوانەی، کە لەژێر گوشاری بایۆلۆژی و مەیلی سێکسی ستایشی جیاوازی دەکەن و ئەوانەی لە ڕێگای بە هەند هەڵنەگرتنی بایۆلۆژی و پێداگرتن لەسەر ڕێسا کلتورییەکان نکۆڵی لە جیاوازی دەکەن، گروپی سێیەم لەو بڕوایەدایە، کە ئافرەت بەڕاستی جیاوازە، ئەو جیاوازییە وای کردووە لە پیاوان باشتر بن، بۆ نموونە ئافرەت وەك بەخێوکەر ڕێکوپێکتر لە پیاوان کارەکانیان بەڕێوە بەرن، بەڵام پێویستیان بە شوناسێك هەیە، کە لە ڕێگای ڕەگەزەوە دەستنیشان نەکرێ! ئیتر لێرەوە دوالیزمی یەکسانی و جیاوازی لەمیانی

[22] – بۆ زێتر شارەزایی و بەدواداچوون بڕوانە: فێمینیزم، جیەن فریدمەن، وەرگێڕانی، فەرشید شەریفی. هـ. س. پ. ل36،24.

چـەمکی (جێنـدەر Gander)[23] ڕوونـتر خـۆی دەنوێنـێ، بـەو مانایـە مێینە، یان مێیایەتی سەر بـە گروپێکـی بایۆلۆژییـە و ئـافرەت سـەر بـەو گروپەیە، بەڵام ڕەفتار و ڕۆڵی ئافرەتان پێکهاتەیـەکی کۆمەڵایەتییـە. بـە مانایـەکی دیکـە ڕەگـەز وشـەیەکە ئامـاژە بـە جیاوازییـە بایۆلۆژییـەکانی نێوان ژنان و پیاوان دەکات، جیاوازی ئاشکرا لە ئەندامـە سێکسـییەکان، لـە منـداڵبوون و زاوزێکـردن، بـەڵام "تەندروسـتی جیهـانی" پێناسـەی "جێندەر"ی بەوەکردووە، کە زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێ بۆ وەسـفی ئـەو تایبەتمەندییانەی، کە پیاوان و ئافرەتان هەیانە، پەیوەندی بـە جیـاوازی ئەندامەکانیانـەوە نییـە. "ڕێکخـراوی کـاری نێودەوڵـەتی" پێناسـەی جێندەری لە بـواری پەیوەنـدی و جیاوازییـەکانی ژن و پیـاودا لـە بـواری کـار و وەسـف کـردووە، بەوپێیـەی لـەنێوان کۆمەڵگاکانـدا ئـەم مەسـەلە بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی جیاوازی زۆری تێدایـە و لـە کۆمەڵگایـە، کـەوە بـۆ کۆمەڵگایـەکی دیکـە، کـار و پەیوەنـدی ژن و پیـاو جیـاوازی زۆری تێدایە، بەڵام لە یەکسانی جێندەردا ئـەم جیاوازیانـە بـەمجۆرەی لێـدێت: یەکسـانی جێنـدەر پشـت نابەسـتی بـە ڕەگـەز و بەرپرسـیارێتی و مـاف لەنێوان نێر و مێدا بەپێی ئەوەی یەکێکیان نێرە و ئەویدیکـە مـێ، بـەڵکو یەکسـانی لـە دابەشـکردنی بەرهـەمی ئابوورییـدا دەکەوێتـەوە سـەر دابەشکردنی یەکسانی فرسەتی کار و توانا و کاریگەریی کۆمەڵایەتی نەك نێریی و مێیی.[24]

---

[23] – جێندەرGander لە ڕۆشنبیریی ئینگلیزی هاتۆتە بەرهەم، ئەو وشـەیە ئەسـڵی لاتینییـە، لـە زمـانی عـەرەبی وشـەی (الجنوسـە)ی بـۆ بـەکاردەهێنن. ڕێکخـراوی "تەندروستی جیهان" پێناسەی جێندەر بەوە کراوە کە زاراوەیەکـە بـۆ وەسـفکردنی تایبەتمەندییـەکانی پیـاوان ئافرەتـان بـەکار دێـت، پەیوەنـدی بـە جیـاوازی ئەندامەکانیانەوە نییە، لەلایەکی دیکەوە مەوسوعەی بەریتانی لـەماددەی جێنـدەردا پێناسەی وشەکەی کردووە بەوەی هەستی مرۆڤ بەوەی نێرە یان مێ ناگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی ئەندامی نێرینـەی هەیـە یـان مێینـە، بـەڵکو ناسـنامەی جێنـدەریی لـەکاتی لەدایکبوونەوە دیاری ناکرێ بە نێرینە و مێینە بـەڵکو لایـەنی نەفسـی و کۆمەڵایـەتی دەبنـە پێکهێنـەری ناسـنامەی جێنـدەری ئـەو کەسـە کاتێـك لـە منداڵییـەوە گەشـە دەکات.

[24] – لێکۆڵینەوەیەکی خێرا لەسەر "جێندەر" ئامادەکردنی: سۆران عومەر، بڕوانە سایتی ماڵێك لە ئاسمان.

ئافرەت لەنێوان ڕۆشنبیریی نێر و ئابلۆقەی زماندا

ئافرەت وەك سێبەرە، دوای بكەوی لێت ڕادەكا، لێـی ڕابكـەیت دوات دەكەوێ.

(پەندێكی ئیسپانییە)

بەدرێــژایی مێــژوو جنێــو و نــاو و نــاتۆرە و قسـەی سـووك وەك توندوتیژییـەكی زاراوەیـی بـە تایبـەتی لـە میـانی ژیـانی خێزانیـدا و لـە كۆمـەڵگا دواكـەوتووەكان بـەرەو ڕووی ئـافرەت، یـان هەنـدێك جـار بـە شـێوەیەكی ناڕاسـتەوخۆ لەبەرانبـەر خـودی ئـافرەت بـەكار دەهێنـرێ. توندوتیژی زاراوەیی ڕەفتارێكی ناسروشتی پیاوە دژ بە ژن و لـە هـەموو دنیادا دەستەواژە و فەزای زمانی تایبەت بەخۆی هەیە و لە بوارە جـۆراو جۆرەكانی زمانەوانیدا بەرهـەم دەهێنرێتـەوە و درێـژ دەبێتـەوە بـۆ نێـو ئـەدەب و هونـەرەكانی دیكـەی ڕاگەیانـدنی بینـراو بیسـتراو، وەك چـۆن هەندێجار سازكردنی ئەو فەزایە، مەرج نییە لە ڕێگای هاتنەگۆی زمانـەوە بێت، بەڵكو دەشێ سیحری بێدەنگیش ئەو فەزایە بەرێوە بەرێت.

جیاكردنەوەی نێر و مێ

جیاكردنەوەی نێر و مێ لە نێو خێزان بە ڕەگەزی پێكهێنەری هـەموو خێزانێك دادەنرێت، نـەك هـەر هێنـدە بـەڵكو بـە بنەمایـەكی قبـوڵكراوی كۆمـەڵگاش دێتـە ژمـاردن. ئـەو جیاكردنەوەیـە لـە هـەموو ئاسـتە جیاوازەكانی ژیانی گشـتیدا دەبێتـە ڕێگرێك لـە تێكـەڵبوونی نێـر و مـێ. (پییێـر بۆردیـۆ1930–2002)[25] شـیكردنەوەیەكی تێروتەسـەلی لەبارەی نێو ماڵی تیرە و هۆزەكان كردووە و لەوێوە بـۆی دەركـەوتووە، كـە دنیـای كۆمەڵایـەتی لەسـەر بەرانبەریـەكی (نێـر/مـێ) هـەروەها (دەرەوە/نـاوەوە) و (گشـتی/تایبـەتی) خـۆی جـێگیر دەكـات. دەبـێ بـزانین، كـە ئامـاژەكردن بـە بەرانبەریـەكبوون، سـەرەڕای ئـەوەی جێگیربـوونی بـاوك لـە نـاوەوە دەسـەپێنێ، بەدیوەكـەی دیكـەش پەیوەندییـەكی نایەكسـان، لـەنێوان تاكـەكانی خێـزان نیشـان دەدات و لەوێشەوە زاڵبوونی نێر بە شێوەیەكی بەرفرەوان بەرجەستە دەكات. هەڵبەتە بەشێكی بەرفرەوانی ئـەو شـێوە پرۆسیسـەكردنەش ڕاسـتەوخۆ بە ڕۆشنبیریی تەقلیدی و ئایینەوە دەلكێ.

لەبەرانبەر نێر– مێ مەسەلەیەكی دیكە خـۆی دەخاتـە ڕوو، ئـەویش مەسـەلەی شـەرەفە و ئـەو مەسـەلەیەش ڕاسـتەوخۆ پیـاو دەگرێتـەوە، خاڵی لاوازی ئەو مەسـەلەیەش بـە ئافرەتـەوە بەنـدە، یـان بـە مانایـەكی دیكـە دەكەوێتـە بـواری سێكسـەوە. پیـاوان سـنووری شـەرەفییان لـە حـوكمكردن بەسـەر ژنانـەوە دیـاری دەكـەن. لێـرە مەسـەلەی شـەرەف لەسەر بنەمایەك چەسپاوە ئەویش ئەوەیە، كە دەبـێ كۆمـەڵێك پیـاو دان

[25] - **بڕوانە**: جلبير غرانغيوم، الأب المقلوب واللغـة الممنـوعة، ترجمة: محمد أسليـم، صدرت هذه الترجمة بمجلة الفكر العربى المعاصر، ع. ؟؟؟، 1990.

به پیاوەتی یان نێرایەتی ئەو پیاوە دابنێن، کە بانگەشەی شەرەف لەنێو کۆمەڵێ پیاوی دیکە بەرز دەکاتەوە. شەرەفی ژنیش لەو شوێنەیە، کە بەختی ئەو ژنە لەنێو ژنانی دی دیاری دەکات، بەڵام ئەو شوێنە لە بنەڕەتدا دوای ئەو شەرەفە دێت، کە پیاو لە دەرەوە، بەختی خۆی لەسەر هەڵدەنێ. لەبەر ئەوەی شەرەف لەگەڵ نێرایەتی وەکیەك و هاوشان دێتەوە، بۆیە دەشێ بڵێین ژن بە ئەندازەی دانپیانانی کۆمەڵێك پیاوەوە نەبێ، دان بە پیاوەتی مێردەکەیدا نانێ. نەریتی ڕۆشنبیری لە بارەی شەرەفەوە پێماندەڵێ شەرەفی پیاو پێداویستییەکی ژنانەیە، چونکە ئەوە پیاوە سنووری دانپیانی ژن بە نێرایەتی خۆی دیاری دەکات و هەموو ژنێکیش لە ونبوونی مێردەکەیەوە هەست بە کەموکوڕی و بێ نرخی دەکات. بەگشتی داننان بە شەرەف لە یەککاتدا لە بەرژەوەندی ژن و پیاودایە. لەلایەکی دیکە گرفتی ئەو مەسەلەیە هەر تەنها پەیوەندی بە نێرایەتی مێردەوە نییە بەڵکو بە مێیایەتی ژنیشەوە دەلکێ.

دەشێ بەشێکی دیکەی ڕۆشنبیری نێرایەتی بە دەستەواژەی توندوتیژی پیاوانەوە، یان ڕۆشنبیری شەعبییەوە پەیوەست بکەین، ئەو ڕۆشنبیرییە بەشی هەر گەورەی لە هەژموونگەرایی نێرەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تایبەتی لە زۆر بواری دیکەی ژیانی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان، بۆ نموونە لە کلتوری شەعبی مەغریبیدا وەك (فاتیمە مەرنیسی)[26] لە وتاری (تێگەیشتنی ئیسلام لەبارەی سێکسگەرایی ئەکتیڤی مێیینەوە) دەیخاتە ڕوو، دەڵێت: ترس لە مێیینە لە ڕێگای بیروباوەڕێکەوەیەوە، کە پێیوایە جنۆکەیەکی بێزراو لە شێوەی ئافرەتێك بە ناوی "عایشەی قەندیش" خۆی دەردەخات، بە ڕاستی ئەو ژنە ترسناکە، چونکە شەهوانی و ئاڵۆش و داوێن پیسە، بەو مەمکە بەرجەستە و لێوە شەهوانیەی بە ڕێگای تاریك و شوێنە تاریکەکاندا دەخولێتەوە، پیاوان دەخاتە داوی خۆیەوە، گەورەترین ئارەزووشی ئەوەیە، کە کردەی سێکسییان لەگەڵ ئەنجام بدات، تاکو هەتا هەتایە لەنێو جەستەیاندا بمێنێتەوە.ئینجا پێیاندەڵێت "ئێوە دانیشتووی ئێرەن". ترسان لە عایشەی قەندیش لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی مەغریبی ئامادەگی تەواوی هەیە.. هەڵبەتە بە کەم سەیرکردنی مێیینە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دنیادا لە ڕێگای ڕۆشنبیرییەکەوە دەخرێتە بەر چاو، کە بە ڕۆشنبیریی پیاو ناو دەنرێت. دەشێ بڵێین ڕۆشنبیری شەعبی لە ڕێگای زاڵبوون و هەژموونی نێرایەتییەوە تەواوی مرۆڤایەتی دوچاری جۆرێك لە شۆك و سەرسامی دەکات، هەڵبەتە ئەوە هەر تەنها ڕۆژهەڵات ناگرێتەوە، بەڵکو لە خۆرئاوا و تەواوی کۆمەڵگاکانەوە ئەو ڕۆشنبیرییە نێرینەیە تەواو بەرجەستەیە، بۆ نموونە پەندێکی یۆنانی دەڵێت: پەیمانەکانی ژن لەسەر ئاو دەنووسرێ. یان لە پەندێکی بولگاریدا دەڵێت: نە بڕوا بە ڕۆژی زستان بکە نە بە دڵی

[26] - فاتیمە مەرنیسی توێژەر و بیریاری عەرەبی لە وڵاتی مەغریبی عەرەبی لە شاری "فاس" لە ساڵی 1940 لەدایکبووە.

ئافرەت. یان پەندێکی ئیسپانی دەڵێت: ئافرەت وەك سێبەرە دوای بکەوی لێت ڕادەکا لێی ڕابکەیت دوات دەکەوێ... ئەگەرچی مەبەست لەو نووسینە خوێندنەوەی ئەو دەستەواژە و زاراوە و پەندە جۆراوجۆرانە نییە، کە نێرگەرایی بە درێژایی مێژوو بەرهەمی هێناوە، بەڵام کاتێك قسە لە **ئافرەت لەنێوان ڕۆشنبیریی نێرایەتی و ئابڵوقەی زماندا** دەکەین، ناتوانین پەنجە بۆ ئەو دەستەواژە و زاراوە و پەندانە ڕانەکێشین، بە دیوەکەی دیکەش فیکر و فەلسەفەش لەو نایەکسانییەدا ڕۆڵی یەکجار گەورەی بینیووە و بێ پەروا پەیڕەوی هەژموون و دەسەڵاتی باو دەکات. کەواتە دەشێ بڵێین بە درێژایی مێژوو توندوتیژی زاراوەیی دژ بە ئافرەت، وەك دابێکی کۆمەڵایەتی خۆی جێگیر کردووە.

دەسەڵاتی باوکایەتی

شوێنی باوك لەنێو خێزاندا دەچێتە میانی ئەو هێلکارییەی، کە تاکە نێرەکانی بنەچەی لەسەر وەستاوە، هەڵبەتە ئەو هێلکارییە بە هێلکاری نێرانە ناو دەنرێت. لە زۆربەی جار ئەو مەسەلەیە هەر تەنها لە چوارچێوە خێزاندا ناخولێتەوە، بەڵکو بە خزم کەسوکاریشەوە پەیوەست دەبێت و هەندێکجاریش دەکەوێتە دەرەوەی پەیوەندی خزمایەتییەوە، کەواتە بنەچە لە ڕێگای باوکەوە دیاری دەکرێت، نەك دایك.

لە کتێبی (شوێنی باوك)دا دکتۆر ألدو ناعوری (1985)[27] لە دووتوێی دەرئەنجامی نێوان گوتن و بیروڕادا لە بڕگەیەك لە بڕگەکان دەگاتە ئەوەی، کە ئەگەر دایك وەرگیراو بێت، ئەوە باوك داواکراوە، ئەگەر دایك پێدراوێکی سروشتی بێت، ئەوە باوك پێویستە بەردەوام جەختی لێ بکرێتەوە، ئەوەش مەیسەر نابێ تەنها بە دانپیانانی دایك نەبێت. بە مانایەکی دیکە باوك باوك نییە، ئەگەر دایك دانی پیادانەنێت.

وەك دەزانین یەکێك لە خەسڵەتەکانی دەسەڵاتی باوکایەتی، خەسڵەتی کەم قسەکردنی نێوان تاکەکانی خێزانە، جا چ ئەو قسەکردنە ڕووبەڕووی باوك لەلایەن ژنەوە بێت یان منداڵەکان... بەو مانایەش وەك (نفیسە زردومی)[28] دەڵێت: ڕێزگرتنی باوك بەر لە هەموو شتێك لەو بێدەنگییەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەست بەسەر تەواوی خێزاندا دەگرێت. بێگومان هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وشە تەنها لەنێوان هاوشاناندا نەبێ، قسەی پێناکرێت، ئەوەش بە مانای ئاڵوگۆڕی وشە دێت. بەمجۆرە لە میانی ڕۆشنبیریی تەقلیدیدا کاتێك یەکێك لە تاکەکانی خێزان، یان ژن لە ڕێگای وشەوە ڕووبەڕووی مێرد دەوەستێ، هەست بە وشە ناکات، تەنها وەك نکۆڵیکردنی دەسەڵات نەبێت، بەو مانایەش دواندنی باوك وەك جۆرێك لە نکۆڵیکردنی دەسەڵاتی باوك دێتە ژماردن، بەڵام ئەو نەریتەی نێو خێزان، واتە دانانی ماوەیەکی جەستەیی لەنێوان قسەکەراندا، ئامانجیش ئەوەیە، کە نەبادە لە ڕێگای دەنگەوە

---

[27]- جلبير غرانغيوم، الأب المقلوب..

[28] – هـ. س.پ.

www.dengekan.com

ئاژاوە و سیحرێك بێتە ئاراوە، یان لە ڕێگای نائاگاییەوە جۆرێك لە وڕوژان و تێکچوون و شڵەژان بکەوێتەوە.

یەکێکی دیکە لە خەسڵەتەکانی دەسەڵاتی باوکایەتی کە بشێ ئاماژەی بۆ بکەین خۆی لە نواندنی توندوتیژییەکی جیاوازدا هەڵدەگرێتەوە، ئەویش توندوتیژی بێدەنگییە، جگە لە توندوتیژی جەستە، کۆی ئەو توندوتیژییانەش لە تەواوی بوارەکاندا دەرکەوتنیان زۆر بە جوانی دیارە، ئەگەر لە خێزاندا ئەو توندوتیژییەش لە ئارادا نەبێت، ئەوە پیاوی ئەو خێزانە بە پیاوێکی کەم و بێ شەرەف دەژمێردرێت. هەڵبەتە لە پشت ونبوونی وشە و ئامادەگی توندوتیژی پەیوەندییەکی پتەو هەیە، بە دیوەکەی دیکەش دەشێ بێدەنگی جۆرێك بێت لە قسەکردنی ناوەکی، کە ناشێ جگە لەو شێوەیە، شێوەیەکی دیکە لە دەرکەوتن لەو جۆرەوە هەبێت. وەك دەزانین دەلالەتی توندوتیژی لەو ناوکۆییەدا زۆر بەرتەسکە و ئەوەی، کە ممارەسەی توندوتیژی لەو مەجالەبەرتەسکە دەکات، هەمیشە دوچاری تەگەرەی خودی یان تەگەرەی ڕۆشنبیریی دەبێتەوە. بەمجۆرە لە ڕۆشنبیریی تەقلیدیدا ترس کلیلی وشە و تێگەیشتن لە ڕێزگرتنی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە، ترس یەکێکە لە جێگیرەکانی پەروەردەی تەقلیدی شەعبی، بۆ ئەوەی باوك شکۆی خۆی بپارێزێ، پێویستە وێنەی پیاوێکی بە شکۆ و بەرێزی هەبێت. جیاوازی منداڵەکانیش لەلای باوك لە تەرجەمەکردنی ڕێزلێگرتن و ئەو مەسافەیەدایە، کە دەکەوێتە نێوان منداڵ و باوکەوە.

بەڵام وەك دەزانین ئەو جۆرە توندوتیژییە، واتە توندوتیژی بێدەنگی لەگەڵ بەرفرەوانبوونی خێزان بەرە بەرە کەم دەبێتە، واتە هەر چەندە خێزان بەرفرەوانتر بێت، ئەوەندە ئەو جۆرە لە توندوتیژی سنوری تەسك دەبێتەوە.

گۆڕینی دەسەڵاتی باوك بە دەسەڵاتی دەوڵەت

بونیادنانی دەوڵەت لە قۆناغی نوێدا و بە تایبەتی دوای سەربەخۆبوون، بووە هۆی کەمکردنەوەی ئەو پایە بەرزەی، کە باوك لە خێزاندا بە جۆری جیا جیا بەدەستی هێنابوو. دەشێ گەورەترین ئەو کاریگەرییانەی کەمکردنەی پایەی باوك لە هەڵوەشانەوەی (باوکی کۆ) یان سیستمی باوکسالاریدا بەرجەستە بکەین، وەك دەزانین کارفرمای باوك لە ڕابردوودا لە پرۆسیسەکردنێکی نیمچە کۆدا خۆی هەڵدەگرتەوە، واتە لەلایەن کۆمەڵێك باوك، مام، خاڵ، کوڕی مام و خاڵ هەتا نێری دراوسێش، جێبەجێ دەکرا، بەڵام ئەو پێشکەوتنەی، کە داگیرکەر لە ڕێگای دەستبەسەراگرتنەوە بەدەستی هێنا و گەیشتن بە ڕەتاندن و کۆچپێکردن، وای کرد، کە باوکان کارفرماکانی خۆیان زێتر وەك تاك جێبەجێ بکەن. وەك چۆن ئەو مینیتالیەتە کۆنەش هەر لەو ڕێگایەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری فرەچەشنی بەسەرداهات، ئیدی عەقڵیەتی باوکسالاری شێوەیەکی دیکەی لە دەسەڵات هێنایە ئاراوە، کە لە

مامۆستای قوتابخانه و دەمودەزگاکانی دیکەی کار و فەرمانگەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە.

لەلایەکی دیکەش ئەمڕۆی مۆدێرنە ڕاستەوخۆ نکۆڵی لەو بەها تەقلیدییانەی بۆماوە دەکات، هەر لەوێشەوە وەك دەبینین بەهای سامان شوێنی بەهای شەرەف دەگرێتەوە، ئیتر پیاوەتی چیدیکە لە ڕێگای ئەو بۆ بۆماوەیەی، کە لە باب و باپیرانەوە بۆی ماوەتەوە، یان لە ڕێگای کرداری چاکە و پاراستنی پیاوەتی و دەسەبەسەراگرتنی ئافرەت وەك شەرەفی بنەچە پایەی خۆی بەرز ڕاناگرێت، بەڵکو وەك تاکێك و بەرهەمهێنانی شایستە و وەبەرهێنان و سەرمایە چ وەك بەدەستهێنان لە ڕێگای کارەوە یان لە ڕێگای بەختەوە پایەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵگادا دەسەپێنێ، ئەو ئاڵوگۆڕییە سیستمی تەقلیدی وەك بزوێنەرێکی بنەڕەتی و دینامیکی، دەخاتە دواوە.

سێنترالیزمی نێرایەتی
لەنێوان کەلتور و حەقیقەتی بایۆلۆژی

لە کتێبی "ژن، پیاو، ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانیەتەکاندا" نووسینی "ویل دورانت 1885–1981" وەرگێڕی کوردی "دلشاد خۆشناو"[29] لە پێشەکیەکی کورتدا بیروڕایەك لە ڕستەیەك دەئاخنێ و دەڵێت: ژن و پیاو ئەو دوو نیوە ناتەواوەن، کە بە یەکگەیشتن و ئاوێتەبوون، یەك مرۆڤی کامڵ پێکدەهێنن. بێگومان تێگەیشتن لەو ڕستەیە و مانا چەپێنراو و پەنهانەکانی هەر تەنها قورسایی خۆی ناخاتە سەر دوو بوونەوەری ناتەواو، بەڵکو لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو بوونەوەرە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو درێژ دەبێتەوە. من لێرەدا هەوڵدەدەم پرسی سەرەکی ئەو بەدواداچوونە لە دووتوێی پرسێکی سەرەکی دیکەوە، کە "پییەر بۆردیۆ"[30] لە کتێبی "هەژموونی نێرایەتی"[31] دەیخاتە ڕوو، ورد بکەمەوە. پرسیاری "بۆردیۆ" لەبارەی مێژووی پیاو و مێژووی ئافرەت لە بونیادی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا خۆی ڕوون دەکاتەوە، هەر لەوێشەوە هەوڵی شۆڕشێکی مەعریفی دەدات، بۆ ئەوەی هاوسەنگی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە بە شێوەیەکی دیکە بەرجەستە بکاتەوە و چاوێکی دیکە بۆ سەیرکردنی پەیوەندییەکان بخاتە ڕوو. وەك چۆن پرسیار لەو میکانیزمە مێژووییەش دەکات، کە لەبەرانبەر هەتا هەتابوونی دابەشکردنی ژن و پیاو کار دەکات. بەو مانایە پرسی بۆردیۆ خستنەڕوو و بەدواداچوونی ئەو بیرکردنەوە ترانسندنتالەیە، کە گوتەزا فیکرییە جیاوازەکانی لەخۆدا ون کردووە. لێرەدا پرسی بۆردیۆ وەك (ئەمیل دۆرکایم 1858–1917) دەڵێ گەڕانە بەدوای شێوەگەلەکانی پۆلینکردن، ئەو شێوەگەلەی کە دنیای نێر و دنیای مێ دەکێشێ، بەڵام شێوە تێڕوانینی وەرگێری کوردی پشت بە بیرکردنەوەیەکی ئایینی (لەسەر پرنسیبی لێکبوردن) دەبەستێ. من لەو نووسینەدا بە هاوکاری (پۆل ڕیکۆر1913–2005) هەوڵدەدەم ئەو پرسە لەلایەك لە ڕێگای ناوکی ئەفسانە و دواتر مێژوو و لەلایەکی دیکە لە ڕێگای ڕووە بایۆلۆژییەکەیەوە بخوێنمەوە.

بونیادی کۆمەڵایەتی/ بونیادی مەعریفی

[29] – ژن، پیاو، ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانیەتەکاندا، ویل دورانت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلشاد خۆشناو، لە زنجیرە بڵاوکردنەوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، 2009 ل23، ل19.

[30] – یەکێکە لە گەورەترین ڕۆشبیرانی فەرەنسی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، لە 22ی یەنایەری ساڵی 2002 لە تەمەنی 72 ساڵیدا کۆچی دوای کردووە. بۆردیۆ بە سیاسەتەوە پەیوەست بوو، وەك چۆن بە قووڵی چووبووە نیو فیکر و مەعریفەوە.

[31] - بيار بورديو، الهيمنة الذكورية، ترجمة: د. سلمان قعفراني، مركز دراسات الوحدة العربية، الحمراء- بيروت، ط 2009.

www.dengekan.com

"ویل دورانت" لە کتێبی ناوبراودا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە لە دوای قۆناغی دایکسالاری، دەرکەوتنی قۆناغی باوکسالاری گورزێکی توند بوو لە دەسەلاتی ئافرەت درا، دواتریش، کە خاوەنداریتی تایبەت هاتە ناو ڕەوتی ژیانەوە، ئیتر ئەو گۆڕانکارییە هەر تەنها تەماشای ئافرەتی وەك کەلوپەل بۆ خۆشی وەرگرتن، نەدەکرد، بەڵکو خاوەندارییەکە گەیشتە ماوەی پێش هاوسەرگیری و پەردەی کچێنیشی گرتەوە، بۆیە نرخی کچ لە نرخی ژن زێتر بوو. دواتریش ئەوە دەدرکێنێ، کە لەنێوان زۆربەی هۆزەکان بارودۆخی ئافرەت جیاوازییەکی وای لەگەڵ کۆیلەدا نەبووە.[32]

لێرەدا دەمەوێت ئەو تێڕوانینە بۆ ئافرەت (بەتایبەتی لە دوای قۆناغی دایکسالاری) بە ئەفسانەکانەوە بەند بکەم، بەو مانایەی، کە مانەوەی ئەفسانە و دووبارە تەئویلکردنی وەك "پۆل ریکۆر" بۆی دەچێ شێوەیەکی تازە بە عەقڵ دەبەخشێ.[33] کەواتە بەپێی بیروڕای ریکۆر کۆمەڵگاکان بە گوێرەی ئەفسانەکان جێگیربوونە و ئەفسانەکانیش مێژووی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەو مانایە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگاکان هەم بونیادین و هەم مێژوویی، ئیتر پەرەسەندنیان هەم دایکرۆنییە و هەم سایکرۆنی، بەمجۆرە لە هەر کۆمەڵگایەکی تایبەتدا دابەشکردنی وەزیفەکان ڕەهەندێکی مێژوویی دیاریکراوی خۆیان هەیە.

[32] - ژن، پیاو، ئاکاری سێکسی، ل 19، 45، 46.

[33] - پول ریکور، زندگی در دنیای متن، ترجمە، بابك احمدی، چاپ چهارم، ص 97-111. و: دانا لەتیف شوانی.

لێرەوە هەڵوەستە لەسەر بە موڵکبوونی ئافرەت دەکەم، وەك ئەوەی "ویل دورانت" قسەی لەبارەوە دەکات، لە هەمان کاتیشدا هەڵوەستە لەسەر کتێبی "هەژموونگەرایی نێرایەتی"ی "بۆردیۆ"[34]

[34] - گلبەر گرانگیۆم،گفتوگۆ لە بارەی (کتێبی هەژموونگەرایی نێرایەتی- پییێر بۆردیۆ) دەکات.

چۆن ئافرەت ئازاد دەکەین

هەژموونگەرایی نێرایەتی جەخت لە چی دەکاتەوە؟ ئایا پێدراوێکی سروشتییە یان بونیادێکی مێژوویی هەیە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە بۆردیۆ لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە دەیخاتە روو، هەڵبەتە ئەو پرسیارە پرسیارێکی بنەڕەتییە و دەشێ پرسیاری دیکەی لێ زیاد بکەین: ئایا ڕێگە بەوە دەدرێ دەسەڵاتی بیرکردنەوە لە پێگەی مێیایەتی نزیك بکەینەوە؟

بۆ چوونە نێو ئەو لێکۆڵینەوەیە، پێویستە خوێنەر تەجاوزی هەموو ئەو ئاڵۆزییانە بکات، کە بۆردیۆ لە ریگەی شێواز و سەرچاوەگەرییەوە لەسەری ڕاهاتووە...کەواتە بۆ ئەوەی خوێنەر بەشێوەیەکی زۆر وڕوژاو لە ڕێگەی ئیتنۆلۆژیاوە، بە "سوسیولۆژیای شیکاری حەقیقەت" هەڵبسێ، دەبێ واز لەو تێکەولێکە ئاوێتە ئامێزە بهێنێ. چونکە بۆردیۆ لەو هەوڵەی کە بۆ لادانی پەردەی نەستی مێژوو دەیدا، بەرەو کۆمەڵگەی هۆز (کۆمەڵگەی هەستی زانستی) دەبێتەوە، بە مانایەك لە ماناکان لە ڕێگەی لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو حاڵەتە هەڵبژێردراوانەی کەناری ئەتڵەسییەوە وەك گەشتیارێك خۆی دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی هاوشانەکەی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی خۆرئاوایی بدۆزێتەوە، ڕەنگە کورتکردنەوەی بەرهەمێك بەو هەموو وەزنە، کە لە بەرانبەردا خۆی لە مشتومڕێکی گەورەدا دەبینێتەوە، مشتومڕێك کە دەکەوێتە هێڵی ڕاستی کارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلیژی (دو فرانس)ەوە هێندە ئاسان نەبێ.

هەژموونگەرایی سروشت

هەژموونی نێرایەتی کە پرۆسیسەکردنی لەسەر ئاستی گەردوونی شێوەیەکی بەربڵاوی لەخۆ گرتووە، خۆی وەك دیاردەیەکی سروشتی پێشکەش دەکات و ریشەکەشی بۆ جیاوازی رەگەزی نێر و رەگەزی مێ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو هەژموونە لە راستیدا دەرئەنجامی بونیادی مێژووییکە کە پێگەکەی لە (رەگەزگەلێکی هاوشێوە)ەوە هەڵقوڵاوە. لەسەر ئەو بنەمایە بیر لە هەژموونگەرایی گوتەزاکانی فیکر دەکەینەوە، کە خۆی بە دەرئەنجامی ئەو هەژموونە دەزانێ. ئەگەر لەسەر ڕێسای جیاوازی فیسۆلۆژی سەرنج بدەین، دەبینین سیستەمێك لە پۆلینکردنی گەردوونی لەنێوان هەموو بوارەکاندا جیاوازی لە نێوان سەروو/خواروو، سارد/گەرم، چالاك/خاو، بەهێز/ بێهێز... دەکات، بۆ بونیادنانی ئەو (ئەرکۆلۆژیا بابەتگەرایەی نەستمان) بۆردیۆ تەقلیدی هۆزگەرایی بەکاردەهێنێ، ئەو تەقلیدەش لە (بۆچوونێکی فالۆنەرگسی) (کۆزمۆلۆژی ئەندرۆی سێنتەرگەرا)ی هاوبەشی نێوان هەموو کۆمەڵگەکانی دەریای سپی ناوەڕاست دەچێ. ئینجا بە وردی دەردەکەوێ کە ئەو کۆمەڵگەیەی سەرمایەی رەمزی (شەرەف) لە بەرانبەر نێر- مێ کارپێدەکات، لە ڕێگەی راڤەکردنی پێدراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رەمزی چۆن دەکەوێ. دەسەڵاتی پیاو و شەرەف بە پێویستی دەزانن کە ژن لە ماڵەوە کار بکات. بەڵگەشیان ئەوەیە کە ژنان لاوازن و توانای بەرەنگاربوونەوەی دوژمنیان نییە: بە دڵنیاییەوە سروشت درووستکەری شتەکانە.. لێرەدا ئەسالەتی بۆردیۆ لە خستنەرووی "سەرەوژێرکردنی پەیوەندی نێوان هۆ و ئامانج" کە ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە وەك مەسەلەیەکی سروشتی پێشکەش دەکات، دەردەکەوێ... هەروەها جیاوازی بینراو لەنێوان جەستەی نێر و جەستەی مێ دەبێتە دابینکەری ئەو بەها دەستکردانەی کە خۆیان دەخەنە دەرەوەی دەمەتەقێوە. هەتا نەتوانین ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە بە مۆرِککراوەی کە پەیوەندی هەژموونگەرایی وەك تۆمارێکی سروشتی بایۆلۆژی تەماشا دەکات، "راڤە بکەین" لە وێناکردنە ترسێنەرەکە رزگارمان نابێت.

هەژموونگەرایی هاوبەش

لە ڕاستیدا ئەو "کارەی کە جەخت لەبارەی ڕەمزییەتەوە" دەکات، ژن و پیاو وەك یەك تەماشا دەکات و بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەمزی لە توندتیژی سروشتیدا دەبینێتەوە. ئەوە هەمان ئەمجۆرەی قسەکردنە کە ژن لەبارەی خۆیانەوەی دەکەن و بەو مانایەش پشت بە پێوانەی ئایدیۆلۆژی نێرانەی هەژموونداری دەبەستن و خۆیان لە مەسەلەکان بەدوور دەگرن. پییر بۆردیۆ بەپشت بەستن بە سەرژمێرەکان، بۆی دەردەکەوێ کە زۆربەی ژنان تا چ ڕادەیەك لە پێوانەکردنی رەفتارەکانیاندا خۆیان لەسەر دیدی پیاوان هەڵدەنێن و بەگشتی چۆن نەستیان بەکار دەهێنن. بەمجۆرە زۆر بە ڕاشکاوی سێیەکی ژنانی فەرەنسی نکۆڵی لە نزیکبوونەوەی ئەو پیاوانە دەکەن کە بە تەمەن لەوان بچووکترن. هەڵبەت ئەو تێڕوانینە بە نیشانەکانی پەروەردەی سێکسییەوە پەیوەستە

ژن وەك بابەتی ئاڵوگۆڕکردن

لە کۆندا، کە تیۆری (کلۆد لیڤی ستراوس) دەیگوت "پیاوان ژنانیان دەگۆڕنەوە" هاواری ژنانی دەوروژان... کەچی ئەو ئەنسرۆپۆلۆژیستە بە ناوبانگە مەبەستێکی خراپی لەوەدا نەبوو، ئەو دەیدیت کە پیاوان ژنانیان دەگۆڕییەوە، بەڵام ئەو گۆڕینەوەیە لە ڕێگەی گۆڕینەوەی نیشانەکانەوە بوو، ئەو نیشانانەش پێداویستییەکانی خۆیان لە دامەزراوە ناوەندگەراکانی مرۆییەوە وەردەگرت بۆ ئەوەی لەنێو ئافرەتانی ماڵ (مەحرەمەکان) داوێنپیسی ڕێگەی پێ نەدرێت. هەندێ لە نووسەرانی دیکە ئەو ئاڵوگۆڕییە لە گۆشەیەکی زۆر مادییانەوە تەماشا دەکەن، تا ئەو پلەیەی کە لە ڕاستیدا پارادیمی گشتی (نێر- مێ) دەبووە کۆپی بۆ خودی بابەت، واتە دەبووە بکەر- ئامراز. لەنێوان ئەو دوو دیدە بۆ ئاڵوگۆڕی ژنان وەك ئەوەی کە ژنان نیشانە یان کاڵا بن، پییر بۆردیۆ بە "تەمومژی بنەڕەتی کە ئابوری خاوەندارێتی ڕەمزی بە مۆرِك دادەنێ " دێتە ناوەوە: ئەو ئابورییە "ئامرازی جۆراوجۆری خاو، لە پێش هەمووشیان ژنان... بۆ پێبەخشراو (نەك بەرهەمهێنراو) واتە بۆ نیشانەی بەیەکگەیشتن دەگۆڕێ، ئەو نیشانەیەی کە ناشێ لە ئامرازی هەژموونگەرایی جیای بکەینەوە". لە گەمەی ئەو ئاڵوگۆڕییەی زۆرانبازییە بە گشتکراوەدا، ئەوەی کە هەوڵدەدا نوێنەرایەتی ئەو

www.dengekan.com

ستراتیژە نێرانەیە بۆ شەرەف و دەسەڵات بەدەست بهێنێ، ئەوانەن کە ژنان وەك کاڵایەك بۆ ئاڵوگۆڕی دەبینن، هەر لەوێشەوە پیاوان بە تایبەتی داوا لە ژنان دەکەن کە خۆیان وەك بکەر نەخەنە روو (بۆ ئەوەی کە بە روونی دەربکەوێ کە تواناییان هەر ئەوەندەیە...) بە دڵنیاییەوە نموونەی ئەو تێنوویەتییە بۆ هەژموونگەرایی ئاسودەیی تەواومان پێنابەخشێ... ئەگەر تووندوتیژییەك لەبەرانبەر ژنان پرۆسیسە بکرێ، ئەوە لە نێو پیاوانیشدا تووندوتیژی هەیە "جیاکاری نێرانە کە ئەویش بۆخۆی تەڵەیەکەو لە بەرانبەریدا گرژی و ململانێی بەردەوام و هەندێکجار تا پووچگەرایی پاڵ بە پیاوانەوە دەنێ " خۆی بەسەر هەموو پیاوێکدا دەسەپێنێ. هەروەها "ئەرکە پیاو پیاوەتی خۆی لە هەموو بۆنەیەکدا بسەپێنێ ". پیاوەتی پێگەیەکە بە ترس دەوردراوە: لە دەستە راست دەبێ رووبەڕووی پیاو بیتەوە، لە باکور دەبێ گومان لە ژنان بکات "بەهێزەکان بە هەموو چەکە بێهێزەکانیانەوە": بە ئەفسوونن. ئەوەش هیچ گومانی تێدا نییە، بەڵام بە تایبەتی بەو ترسەی کە نادیار دەیوروژێنێ، نەك کتێب.

بەشی دووەم، ناونیشانی "پێشینەی چەسپاوە نادیارەکان"ی لەخۆدا هەڵگرتووە، دانەر لەوێدا دەستی بۆ هەموو ئەو کردارە جۆراوجۆرانە بردووە کە دەشێ لە ڕێگەی دیدی نێرایەتییەوە نەستی تاك و نەستی کۆ لە ڕێگەی دەستەمۆکردنی جەستەکانەوە ببرێ، بۆ نموونە: چەسپاندنی نێرایەتی وەك ئەوەی کە خانەدانییە (جوامێرییە)، چەسپاندنی بوونەوەری مێینە وەك ئەوەی کە لەلایەن پیاوەوە دەرك دەکرێ. بۆ دووبارە دەستبردن بۆ ئەو مەسەلەیەش لە ڕێگەی ڕۆماننووس (فرجینیا وولف) بەو ناونیشانە "دیدی مێیانە بۆ دیدی نێر" هاتۆتە ناوەوە.

بەڵام لە بەشی سێیەم، بۆردیۆ دراسەی فاکتەرەکانی بەردەوامیێتی و فاکتەرەکانی گۆڕان دەکات. دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەهای نێرایەتی خۆی لە کۆمەڵێك بارودۆخی مێژووییدا درێژە پێدەدات و پشت بە دامەزراوە پەروەردەییەکان دەبەستێ: بە دڵنیاییەوە یەکێك لەوانەش خێزانە، دەوڵەتە، کەنیسەیە، پاشان دامەزراوەکانی دیکە: کە لە رووبەڕووبوونەوەی تێکۆشانی ئافرەتان بواری بەرفرەوان و کراوەن.

جیاوازی هەردوو ڕەگەز: هەمیشە ئیشکالی سروشتین

ناشێ ئەو کتێبەی بەر دەستمان بخەینە دەرەوەی سەختی ئەو بونیادە عەقڵانییەی کە تەجاوزی ئەبستراکیانەی (The race theory) دەکات، ئەوەی کە بۆردیۆ لە ئەویدیکە بەدەستی دەهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناشێ بەشدارییەکانی لە سۆسیۆلۆژیای شیکاری بە هەند هەڵنەگرین، لەبەر ئەوەی کە هێلکارییەکانی زۆر ڕێژگەراین و بە هەمان ئەندازەش زۆر سەرکوتکەرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارێك لەنێوانماندا دەمێنێتەوە، ئەو پرسیارە دەماخاتە نێو قەناعەتی ئەو بونیادنانە و لە هەمان کاتدا بە گشتی ڕێگەمان لێدەگرێ بچینە ناوییەوە: ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو کتێبە بە قووڵی چارەسەری ئەو پرسەی کردووە، واتە: ئایا ئەو تیزەی بۆردیۆ ڕێگەی ئەوە بۆ ژن خۆش دەکات، کە بتوانێ پێگەی خۆی بدۆزێتەوە؟ ئایا ئەو نەستە چییە کە پییر بۆردیۆ لەژێر پەردەوە بۆ ئێمە کەشفی دەکات؟

ئەگەر بەدوای ئەو هێلە لە شیکارکردندا بچین کە نووسەر هەڵیبژاردووە، ئەوە کامە تێڕوانین ڕێگەی خۆی بۆ ئافرەتان دەکاتەوە؟ ئایا دەشێ بە پێی یەکسانی لەو پێشبڕکێیەدا بەشداریکردن لە دەسەڵاتێك بکەین، کە چارەنووسی مرۆکانی لەسەر بونیاد دەنرێ؟ ئەگەر ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە وەك کورتکردنەوە نمایان بکەین، ئایا ئافرەت دەبێ بە پیاو؟ خوێنەر لەو ئاستەدا لەپڕ بە تەواوی تێدەگات کە سیاقی هەژموونگەرایی و دەسەڵات بە جیاوازی هەردوو ڕەگەز بۆ خۆی بینینێکی نێرانەیە: ئەوە دەگەیەنێ کە (پیاو خانەدانترە)، بەڵام ئەویدیکە "مێ" چییە؟ ئایا مێیایەتی نەبوونی نێرایەتی دەگەیەنێ؟ بە دڵنیاییەوە پییر بۆردیۆ کاتێ ئەو نێرایەتییە پێناسە دەکات- لە ڕێگەی تەبەنیکردنی تیزەکانی فرۆید و ژمارەیەکی زۆر لە شیکارکارانی دەروونی ئەمرۆی نێر- ئەوەی کە لە چووك (کیر- phallus) بێبەش کراون، خۆی پشت راست دەکاتەوە. بەمجۆرە ئیتر لەویوە بە شێوەیەکی سروشتی ڕێگە لە مێ دەگرێ، وەك ئەوەی کە رووداوێك بێ، کودەتایەکی سەرسوورهێنەری شتەکان بێ، تەڵەیەکی

ئایدیۆلۆژی بێ. لەو حاڵەتەدا گومانێك دەورمان دەگرێ، گومانی ئەوەی کە بشێ ئافرەت لە سۆسیۆلۆژیای پیاو دوور بخەیتەوە.

وەڵامی پرسیارێك لە پرسیارانی پێشوو، یەکێك لە شیکاکەرانی دەروونی پێشکەشمان دەکات ئەویش (فرانسۆ دولتۆ)ە کە دووبارە بە بڵاوکردنەوەی بەشێك لە بەرهەمەکانی شیکەرەوەی دەروونی (مۆریل دجیریبی) هەڵساوە. لە پەرچەکرداری دژ بە فرۆید، فرانسۆ دولتۆ ئەو نێوانەی پیاو کە خاوەن (چووکە) و ئافرەت کە (خاوەن چووك نییە) وەك یەك لێدەکات. بۆ ئەو کارەش پشت بە پێوانەی تیۆری نابەستێ، بەڵکو گوێ لە ئافرەتە نەخۆشەکانی دەگرێ. بۆ ئەو شڵەقاندنەش لە(représentation) سێکس لای منداڵی نێر و منداڵی مێ دەکاتە بنەما. بەو مانایەش لە بەرانبەر چووکی مناڵی نێر، ئەوە منداڵی مێ شتێکی هەیە ئەویش (کونیلە و گۆپکەیە): بەمجۆرە ئێمە لە ئەلتەرناتیڤی (خاوەنداری/بێخاوەنداری) رزگار دەبین. لەوەش زێتر، ئەو جیاکاری لەنێوان چووکی دەرکەوتوو (چووکی منداڵی نێر و چووکی منداڵی مێ "چووکی دەرنەکەوتوو" ئەوەی کە دەشێ منداڵی مێ بێتە خاوەنی) دەکات. بە پێچەوانەی ئەوەی فرۆید بڕوای پێیەتی... چووکی دەرکەوتوو دواتر بە خێرایی تێپەڕاندنی بە کۆتا دەگات... هەروەها لە حاڵەتەکانی تەندروستی ویژدانی، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە مشتومڕ لەسەر هەستی شانازی پێوەکردن ناکرێ، بەوەی کە کچان لەبەر ئەوەی خاوەنی زێ (ئەندامی زاوزێی ژن)نن کە شێوەی لە "کوون-گۆپکە" دەکات، ئیتر نیگەرانییەك دەوری داون.

لێرەدا لای هەر یەکێك لەو دوو رەگەزە میکانیزمێك بۆ تەواوکردن هەیە، بەڵام واقیعییە: لای هەردوو رەگەز لەو پەیوەستبوونەو بەو پشت بە نەست بەستنە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین لە زمانی فەرەنسیدا، کردەی (کێشکردن-attractive) مانای جۆراوجۆر بەپێی رەگەزەکان لەخۆ دەگرێ. بە نسبەت منداڵی نێر واتە (راکێشان-draft)... لێرەدا میکانیزمییەتی کێشکردن لای کچ هەیە بە وشەی ڕاکێشانەوە بەندە، هەروەها دینامیکیەتی پشتبەستوو لای منداڵی کوڕ هەیە، کە بە هەمان وشەوە بەندە. شیکەرەوانی دەروونی نکۆڵی لەو جیاوازییەی نێوان ئەو دوو رەگەزە ناکەن و لە قۆناغی ئامادەیی ئەو شتانە دەخوێنرێت. کەواتە هۆشیاربوون بە جیاوازی پاشان بەو رادەیە رێگە دەدا، کە لە وەهمی ئەو هێزە-رەهایە و شێتیەتی دەسەڵات دوور بکەوینەوە. بەو مانایەش ئەو ناوەڕۆکە پۆزەتیفەی نەست ناتوانێ کرانەوە بسازێنێ تەنها بە تەواوبوون نەبێ - واتە نە بە کورتکردنەوە و نە بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو مەیسەر دەبێ. لێرەدا بە دڵنیاییەوە جۆرێك لە حەزکردنی نێرانە بۆ (قسەلێکردنی ریشەیی) تەجاوزکردنی ژنانەش هەیە. حەزکردن بۆ ئەوەی لە شوێنی ژنان منداڵ بنێنەوە، وەك ئەوەی پییر بۆردیۆ ئاماژەی بۆ دەکات.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئافرەت لە کردەی منداڵبوون، دڵنیاییەکی وا بە دەست دەهێنێ کە پیاوان لێی بێبەشن: ئافرەت هەمیشە لە دایکایەتی خۆی ڕازییە، بۆیە بە پێویستیشی نازانێ کە منداڵ بخاتە سەر ناوی خۆی، ئەوەش بە پێچەوانەی پیاو کە باوکایەتی تەنها لە زاری ژنەکەیەوە نەبێ ناس ناکات. ئەو مەسەلەیەش لای منداڵی کوڕ بە هەمان شێوە دەکەوێتەوە: ئەویش نازانێ کێ دایکیەتی، بەڵام لەسەر زاری دایکی دەزانێ کێ باوکییەتی. بۆ ئەوەی ئافرەت ژن بێ، پێویست بەوە ناکات ئەوانیدیکە بەردەوام پێیبڵێن تۆ ژنی. ئەوە تەنها شتێك دەردەخات کە ئەویش بەرەوپێشچوونی بارانۆیای ئەو دەسەڵاتە چەسپاوەیە کە لە دیدی نێردا رەنگی داوەتەوە. بەمجۆرە ئازادکردنی ئافرەت بە جیدی تەنها لە ڕێگە داننپێانی هەردوو رەگەزەوە نەبێ، جێبەجێ نابێت.

1ژێدەر: ترجمة الى اللغة العربية الناقد المغربى محمد اسليم ونشرت فى جريدة الأحداث المغربية، يوم الخميس 19 نونبر 1998

سەرچاوەکان:
1- بيار بيرنبوم، معجم علم السياسة والمؤسسات السياسية
2. د. العطرى عبد الرحيم العلوم الاجتماعية و التحولات السياسية: فى الحاجة إلى السؤال السوسيولوجي"
3- على سالم/ عن جريدة: النهار، الجمعة 8 شباط 2002
4- صبحى درويش كاتب سورى عن انترنيت.
5- شبكة النبأ المعلوماتية- الثلاثاء 24 نيسان/2007 -7/ربيع الثاني/1428

دەکەم، کە زۆر بە جوانی قسە لە بە کەلوپەلکردنی ئافرەت لە لایەن پیاوەوە دەکات بۆ خۆشی وەرگرتن، دواتریش هەوڵدەدەم وەک مێژووی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا، قسە لە ئاکار بکەم! بەڵام ئایا دەبێ لە کۆمەڵگای باوکسالاری ئاکار بە چ شێوەیەک پێوانە بکرێ؟ کامەیە ئەوەی کۆمەڵگای باوکسالاری بە خێر و کاملبوونی خۆی دەزانێ؟

وەک دەرکەوتووە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەڵگری بنەمایەکی دیار و شاراوەی نێرسالارییە، ئەوەش بە پشت بەستن بە ویل دورانت، کە دەڵێ: سوودوەرگرتن لە وشەی "پیاوان" بۆ دیاریکردنی تەواوی جۆری بەشەر بریتییە لە دەمارگرژی سەردەمی باوکسالاری.[35] لە هێنانەوەی ئەو تێگەیشتنەوە دەمەوێ مانا شاراوەکانی ڕستەی وەرگێڕی کوردی بخوێنمەوە و ڕەوتگەرایی و ئاڕاستەکانی هەڵوەشێنمەوە. هەر لەوێشەوە بە خوێنەران بڵێم مەبەستی ئەو تێڕوانینەی، کە ئەو دوو بوونەوەرە هاوشان دەکات و دەیانکات بە مرۆڤێکی کامڵ جگە لە سێکسکردن و بەکارهێنانی ئافرەت وەک کەلوپەلێک بۆ خۆشی وەرگرتن شتێکی دیکە نییە. نیازی ئەو تێڕوانینەی ئەو دوو بوونەوەرە وەک یەک دەبینێ تەنها لە بەخاوەنبوونی ئافرەت و بەکارهێنان و ئاڕاستەکردنیدا وەستاوە. بەو مانایەش ئەو ڕستەیەی وەرگێری کوردی ئەگەر وەک ڕستەیەکی بێ کردە بکەوێتە میانی چەمکی لێکبوردنەوە، ئەوە لێکبوردنی پیاو لە ئافرەت نەک هەر تەنها هاوسەنگی دروست ناکات، بەڵکو لە هێزەوە خۆی دەنووسێتەوە. کەواتە لە پشت ئەو ڕستەیە ماناکانی هەژموونی نێرایەتی بە شێوەیەکی ڕەمزی خۆی دەنوێنێ.

توندوتیژی ڕەمزی توندوتیژییەکی نەرم و بەزۆریش شاراوە و دەسەڵاتخوازانەیە، لە پەیوەندیگەلی بەرهەمهێناندا چ وەک مەسەلەیەکی بایۆلۆژی بۆ نموونە: لاقەکردن، یان کۆمەڵایەتی (ماڵ، کێڵگە، قوتابخانە، کارگە) دەردەکەوێت. هەژموونی نێرایەتی شێوەیەکی بەرزی شێوەگەلی توندوتیژییە. تێگەیشتن لەو شێوە پەیوەندییەی نێوان نێر و مێ، دەکرێ وەک دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا تەماشای بکەین، لەوانەش پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر، خاوەن کار و کرێکار...، بەڵام توندوتیژی ڕەمزی بەپێی گوزارشتی بۆردیۆ هەتا بە نسبەت قوربانییەکانیش نەرم و هەستپێنەکراو و نەبینراوە.

بۆردیۆ هەژموونی نێرایەتی بە پێدراوێکی ئەنسۆپۆلۆژی دادەنێ ئەویش لە ڕێگای بونیادی نەستی، کە "کلۆد لیڤی ستراوس" لەنێو ئەدەبیاتدا قسەی لێکردووە و دەڵێ: کۆمەڵگا دێرینەکان هەژموونی پیاوی وەک تەبەنیکردن هەڵبژاردووە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم لەبەر ئەوەی هەژموونی نێرایەتی لە تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەرکەوتە و شوێنکەوتەی جیا جیا و بەفرەوانی هەیە، بۆیە ناشێ قسە لە پرنسیبی هاوشان بوون و هاوتابوونی ئەو دوو ڕەگەزە لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ملکەچبووندا بکەین. ئەگەر هەر لەو بارەشەوە لە کۆمەڵگاکان ورد

[35] – ژن، پیاو... هـ. س.پ. ل141.

بینەوە دەبینین ئەو هەژموونە وەك دیاردەیەكی سروشتی ڕیشەی خۆی لە جیاوازی نێر و مێدا هەڵدەگرێتەوە و لەسەر ئاستی گەردوونی پرۆسیسە دەكرێ. لە ڕاستیدا ئەو هەژموونە وەك دەرئەنجامی بونیادی مێژوویی لە كۆی ڕەگەزە هاوشێوەكانەوە بەرجەستەیە و هەر بەمجۆرە بیر لە هەژموونی گوتەزا فیكرییەكان دەكەینەوە و بە بناغەی جیاوازییە فسیۆلۆژییەكانەوە بەندی دەكەین، ئەوەش بۆ خۆی بە جۆرێك لە پولینكردنی گەردوونی دێتە ژماردن: جولەكردن و بەرزكردنەوە.. یان دابەشكردنی شتەكان و چالاكییەكان و هەموو ئەوانەی بەپێی بەرەنگاری نێوان نێر و مێ دەركەوتنەكانیان دەبینرێ وەك: (لەسەر/لەژێر، لەپێش/لەپاش، وشك/تەڕ، ڕەق/شل... یان بازاڕ بۆ پیاو و ماڵ بۆ ئافرەت، ئافرەت لە "چاو" زاڵە، پیاو لە "زیهن"... لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین تەواوی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر واقیعی سێكسی خۆی بونیاد دەنێت، لە ڕێگای پرنسیب و بۆچوون و دیدی سێكسی كۆی بەرنامە كۆمەڵایەتییەكان جوله دەكەن، یان بە مانا "بۆردیۆ"ییەكەی تەواوی گەردوون بە سێكسكراوە. ئەو بە سێككردنە بە پلەی یەكەم لەسەر خودی جەستە وەك واقیعێكی بایۆلۆژی و لەسەر مێژووگەرێتی وەك بنەمایەكی ڕۆشنبیریی خۆی دەنوێنێ. كەواتە كۆی بەرنامە كۆمەڵایەتیەكانی ژیان پشت بە بنەمای بایۆلۆژی و ڕۆشنبیریی و مێژوویی دەبەستێ، دواجار دەشێ كۆی ئەو پشت پێبەستنە لە ناوكی ئەفسانە جیهانیەكان بدۆزینەوە.

كەواتە ئەگەر بەشێكی ئەو دابەشكردن و پۆلینكردنە پەیوەندی بە توێكاری جەستەوە هەبێ، ئەوە وەك حەقیقەتێكی كۆمەڵایەتی لە دابەشكردنی كاردا خۆی دەنوێنێ. واتە ئەو نەخشەسازییە مەعریفییەی نێوان پیاو و ژن لەسەر دابەشكردنی ڕەگەزی بۆ كار و توێكاری جەستە وەك بنەمایەكی بایۆلۆژی ئیش دەكات، نەك لەسەر هاوشان بوون و هاوتا بوون. بەو مانایەش نەخشەیەكی مێژوویی و مەعریفی نییە ئەو دوو بوونەوەرە ناتەواوە، كامل و تەواو بكات. بە قەد ئەوەی مێژووییەكی دوور و درێژ هەیە هەژموونی نێرایەتی و بەكارهێنانی مێیینە، لە شێوەیەكی بازنەییدا درێژ دەكاتەوە.

بەمجۆرە پیاوەتی بە ڕواڵەتە ئێتیكیەكەی خۆی وەك ماهیەتی هێز و پەیوەست بە شەرەف و بەرزێتی... نیشان دەدات، ئەوەش وەك ناوەڕۆك لە پیاوەتی جەستەیی دەلالەتەكانی هێزی سێكسییدا خۆی دەدۆزێتەوە: كونكردنی پەردەی كچێنی، پیتاندن، ئامادەگی و ڕەپبوونی ئەندامی نێرینەو... كەواتە ئەگەر ئامادەیی و قەڵەمڕەوی پیاو و ئەو شوێنەی پیاوی لێیە بە ئاسایی دابنرێ، لۆژیكیانە بكەوێتەوە، ئەوە ملكەچبوونی ئافرەت و بەكارهێنانی و ئەندامەكانی زاوزێی ئافرەت جێگەی ڕەشبینییە، ئەو خەسڵەتە شەیتانیەیە، ئەو شوێنگەیەیە، كە بیركردنەوە تێیدا دەكەوێتە بۆشاییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ وەك كودەتایەك بەسەر ئەندامی نێرینە تەماشای بكەین.

ئەفسانەی نێرینەی هەمیشەیی و مێینەی هەمیشەیی

ژنایەتی و پیاوەتی، نێر و مێ، بە شێوەیەکی گشتی بە چەمکی "ڕەگەز/جەندەر–Gender"ەوە دەلکێن. جەندەر چەمکێکە لە لەسەر بنەمای ڕەگەز، جیاکاری لەنێوان پیاو و ژندا دەکات. بە مانایەکی دیکە دەشێ جەندەر هەڵوێستێکی دیار لەخۆ بگرێ یان ڕەفتاری کەسێك بێت. بە شێوەیەکی ڕوونتر جەندەر کردەگەلێکی جیاوازی ڕەگەزێکە لەسەر حیسابی ڕەگەزێکی دیکە، بە شێوە تەقلیدییەکەش ئەو شێوازگیریەیە، کە ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ جیا دەکاتەوە.[36] بەڵام بە هەتا هەتایی کردنی هەژموونی نێرایەتی بەوەی، کە هەمیشەیی و جێگیرە، ترسەکەی تەنها بەسەر مێینەدا نییە، بەڵکو ترسەکە لە توندوتیژی ئەفسانەی مێژووییەوەیە.

ئەگەر سەیری جەستەیی ژن و پیاو بکەین جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە، ئەو جیاوازییە بۆ خۆی دەبێتە بەهایەکی دەستکرد، کاتێ قبوڵی گفتوگۆ ناکات. کەواتە ئەگەر بونیادی هەژموونی نێرایەتی بونیادێکی مێژوویی بێ و بەشێکی زۆری ئەو بونیادە مێژووییە بەرهەمی کار بێ، ئەوە بەرهەمێکە کە مێژوو بەردەوام بەرهەمی هێناوەتەوە و نەیتوانیوە بە شێوەیەکی دیکە لە دەرەوەی نێرایەتی ڕاڤەی بکاتەوە.

[36] ـ التنمط الجنسي في المجتمع و في ادب الاطفال، ترجمة: لميس كنجي، مراجعة: سليمان حسين، جريدة الاسبوع الادبي، العدد 832 في 2002/11/9.

بەمجۆرە جێگیربوونی کۆمەڵگا بە گوێرەی ئەفسانەکانی نێرسالاری و بایۆلۆژییەوە، دوو خەسڵەت لەخۆ دەگرێ: خەسڵەتی ڕەمزی و خەسڵەتی مێژوویی. یەکەمیان لە ڕێگای شیکردنەوەی بونیادی ئەفسانەکانەوە دەردەکەوێ. دووەم لە ڕێگای کردەی دووبارە ڕاڤەکردنەوەی مێژوو. ئەگەرچی ئەفسانەکان مێژووی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بونیادی ئەفسانەی هەمیشە نێر و هەمیشە مێ لە کۆی ئەفسانەکاندا هاوبەشییەکی تەواو لێکنزیکیان هەیە، هەر لەو ڕووەشەوە دەتوانین بڵێین ئەفسانەکانی هەمیشە نێر و هەمیشە مێ، هەم بونیادیین و هەم مێژوویی. بەمجۆرە تاکی مێی نێگەتیف و تاکی نێری پۆزەتیف لە ڕێگای هەلومەرجی دیاریکراوی ڕەمزی و مێژووییەوە ئەزموون دەکرێتەوە. کەواتە هەژموونی نێرایەتی لەلایەك بە شێوەیەکی ڕەمزی لە ڕێگای ئەفسانەکانەوە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، ئەگەر کۆمەڵگا لێی بەئاگا بێ یان بێ ئاگا، لەلایەکی دیکە لە ڕێگای قەڵەمڕەوی عەقڵی نێرینەوە دەست بەسەر مێژوو و دووبارە ڕاڤەکردنی مێژوودا دەگرێ و خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.

بەڵام هەندێ لە نووسەران بیروڕای دیکە لە بارەی "ڕەگەز/جەندەر–Gender" دەخەنە ڕوو و جیاکارییەك دەخەنە نێوان مەسەلەی بایۆلۆژی و ڕۆشنبیرییەوە، بە بڕوای ئەوان چەمکی نێر و مێ لە ڕێگای جەستەوە وەك مەسەلەیەکی بایۆلۆژی دیاری ناکرێ، بەڵکو ئەوە کلتورە ئەو مەسەلەیە یەکلا دەکاتەوە و لەوێوە نرخ و بەهای نێر و مێ دیاری دەکات، واتە دەیانەوێ بڵێن ڕاستە "مێ –Female" مەسەلەی ڕەگەزە، بەڵام "مێیایەتی–Femininty" مەسەلەیەکی ڕۆشنبیرییە.

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش هەندێ لە ئافرەتان ڕووبەڕووی مەسەلە بایۆلۆژییەکان دەوەستن، وەك توانایەك، کە ئاڕاستەکانی مێ دیاری دەکات. وەك چۆن هەندێکی دیکە لە ڕۆشنبیران حەقیقەتی بایۆلۆژی مێ وەك: سکپڕی، شیردان، بێنوێژی... بە بەشێکی جیاوازی ژنانە دەژمێرن و هانی ئافرەتان دەدەن ئەو جیاکارییەی خۆیان بە هەند هەڵگرن و نەیشێوێنن.

ئەفسانە/ڕاڤەكردن

قسەكردن لە دووبارە ڕاڤەكردنی مێژوو، پێویستە قسەكردن بێ، لە هەڵوەشانەوەی كۆی ئەو تێزە تەقلیدی و دۆگمایەی، كە چەمكەكان و چەمكی نێر و مێی لەسەر بونیاد نراوە. بە مانایەكی دیكە دەمەوێ بڵێم ئەو گوتەزایەی "ریكۆر"، كە دەڵێ "كۆمەڵگاكان بە گوێرەی ئەفسانەكان جێگیر بوونە" و "كۆمەڵگاكان بە ئاگا بن یان بێ ئاگا بن، ئەفسانەكان ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەگێڕن" لەوێوە بەشێك لە كۆنەپارێزی دەنوێنێ، كە ناتوانێ بە شێوەیەكی دیكەی مۆدێرن و جیاواز درێژە بە خۆی بدات، وەك چۆن لە عەقڵییەتێكی چالاك و زیندووەوە دەتوانێ ڕاڤەی سەردەمییانە بۆ ناوكی ئەو ئەفسانانە بكات و بە ئیقاعی سەردەم و پرسی سەردەم بارییان بكات. كەواتە مانەوەی ئەفسانەكان بەو شێوەیەی، كە "ریكۆر" باسی دەكات، پێویستی بە دووبارە تەئویلكردنەوە هەیە، بەو مانایەی، كە دووبارە تەئویلكردن دەقێكی دیكەی جیاوازە.

ئەگەر دووبارە تەئویلكردن دەقێكی نوێی جیاواز بێ، كەواتە كرۆكی مانەوەی شێوە تەقلیدییەكەی چەمكی نێر لەنێو كۆمەڵگاكاندا ڕاستەوخۆ بەو عەقڵییەتەوە بەندە، كە هەمیشە وەك كۆنەپارێزێك خۆی دووبارە كۆپی دەكاتەوە، نەك وەك تێڕوانین و دەقێكی دیكەی جیاواز، نەك وەك ئیقاعی سەردەم و پرسی سەردەم. چونكە عەقڵی كۆنەخواز ئەو توانایەی تێدا نییە، كە لەگەڵ پرسی سەردەم و ئیقاعی سەردەم بێتەوە.

لێرەدا عەقڵییەتی نێرسالاری هەمیشە ڕەگەزی مێ وەك بوونەوەرێكی كەم دەبینێ و پێیوایە تەواوبوون و كامڵبوونی مێ هەر تەنها لە ڕێگای ئەویدیكەی نێرەوە نەبێ مەیسەر نابێ، ئەو فیكرەیە بەشێكی زۆری لە كۆنەخوازی لەخۆدا هەڵگرتووە، بۆیە دێ لە ڕستەیەكی ڕەمزی و لە هێزێك، كە پێیوایە توانیویەتی هاوسەنگی لەو نێوانەدا دروست بكات,,, لە هەژموونێكەوە، كە خۆی بە لێبوردەخواز دادەنێ، كامڵبوونی مرۆڤ لە ئاوێتەبوونی دوو نیوە ناتەواو "ژن و پیاو" دەبینێتەوە. ئایا هەر ئەو عەقڵییەتە كۆنەخوازە نییە، كە جیاوازییەكانی ئافرەت "بێنوێژی مانگانە، سكپڕی، شیردان..." بە هۆی لاوازی ژن دادەنێ؟!

"مانۆ"ی هیندی دەڵێ: ژنی وەفادار دەبێ بە شێوەیەك خزمەتی سەروەرەكەی بكا وەك بڵێی ئەو خوایە، هەرگیز كارێك نەكات، كە ئازارێك لەوەوە بە مێردەكەی بگات، باری كۆمەڵایەتی پیاو و هەبوون و نەبوونی باشی زۆر كاریگەری زۆری لەسەر ئەو مەسەلەیە نییە، هاوسەنگی ئەگەر لاساری لە ملكەچی مێردەكەی بكات لە دۆنادۆنی دواتر دەبێتە چەقەڵ.[37] پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو عەقڵییەتە بەو هەموو مەزنایەتییەی خۆیەوە دەتوانێ بە شێوەیەكی دیكەی جیاواز خۆی تەرجەمە بكاتەوە... ئایا هەر ئەو عەقڵییەتە نییە لە كۆمەڵگا

---

37 – ژن، پیاو، ئاكاری سێكسی لە لانكەی شارستانیەتەكاندا، ویل دورانت، وەرگێرانی لە فارسییەوە: دلشاد خۆشناو، لە زنجیرە بڵاوكردنەوەكانی یەكێتی ژنانی كوردستان، ل112.

تەقلیدییەکان جا چ بە ئاگابن یان بێ ئاگا دووبارە خۆی بە هەمان شێوەی کۆن و پێشوو بەرهەم دەهێنێتەوە.... دواجار دەمەوێ بڵێم لەو نێرسالارییە پڕ شکۆیەدا کێ باوەڕ بە ڕستەی وەرگێڕ: "ژن و پیاو ئەو دوو نیوە ناتەواوەن، کە بەیەکگەیشتن و ئاوێتەبوون یەک مرۆڤی کامڵ پێکدەهێنێ" دەکات؟! کەواتە لە کوێ ئەو دژ بەیەکبوونە گەردوونی و ڕۆشنبیرییە دیاریکراوەی پەیوەندی نێوان نێر و مێ بۆمان دەردەکەوێ، کە عەقڵییەتی کۆنەخواز و ڕۆشنبیریی شەعبی کۆمەڵگاکان وەک پێویست ناتوانن عەقڵ و بیرکردنەوەیان بە ئیقاع و پرسی سەردەم بارگاوی بکەن، بۆیە هەتا ئێستاش شکۆی خۆیان لە هەژموونی نێردا دەبینن و کۆی ئەو هەژموونەش بە دیاردەیەکی سروشتی ڕەگ داکوتاو سەیر دەکەن، هەرگیز بیر لە تەرجەمەکردنێکی دیکە و تەئویلکردنێکی دیکەی جیاواز ناکەنەوە، بەو مانایەش لەنێو کۆمەڵگای کۆنەخواز و ئاڕاستەکراو بە ڕۆشنبیریی شەعبی، دەسەڵاتی نێر ڕەهەندێکی مێژوویی دیاریکراو لەخۆ دەگرێ و بە هەمان شێوە تەقلیدی و دۆگمەکە، خۆی لە ڕێگای دامەزراوە پەروەردەییەکان: خێزان، دەوڵەت، مزگەوت، کەنیسە، هەروەها دامەزراوەکانی دیکە کۆپی دەکاتەوە. دەمەوێ بڵێم لە ڕێگای ئەو کۆپی کردنەوەیەدا دووبارە دەرکەوتنی ئەفسانە سەرەتاییەکان بە هەمان شێوەی پێشوو دەبینین، کە لە ڕێگای عەقڵییەتی بنبەستوو دەسەڵات دەگرێتە دەست، بە دیوەکەی دیکەش بە عەقڵکردنی ئەفسانەی هەژموونی نێرایەتی، خۆی چەشنێکە لە زیندووبوونەوەی شێوە کۆنەخوازەکەی ئەفسانە. کەواتە وەک "بۆردیۆ" دەڵێ: نێرایەتی وەک ئەوەی دەیبینین گوتەزایەکی عەقڵانییە تا ڕادەیەکی توند لە پێناو پیاو و دژ بە ئافرەت لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە، ئەوەش هەر ترسان لە ئافرەت ناگەیەنێ، بەڵکو یەکەمجار ئەو ترسە لە خودی ئافرەتیشدا بوونی هەیە.[38]

هەژموونی ڕەمزی

هێزی ڕەمزی شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵات و لەسەر جەستە پراکتیزە دەکرێ و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دەرەوەی ڕقلێبوونەوەی جەستەیی و پشت بە بزوێنەرە هەستییەکان دەبەستێ و دەکەوێتە ناوەوە، واتە قوڵاییەکانی جەستە. هێزی ڕەمزی هەستی ناوەوەی جەستە کۆنترۆڵ دەکات، بۆ نموونە: عەیبە، شەرم، نیگەرانی... یان شێوەکانی سۆز و خۆشەویستی وەک: سەرسامبوون، ڕێزگرتن... هەڵبەتە ئەوەی دووەم هەستێکی زیاد لە پێویست ئازاردەرە هەر بۆیەشە سووربوونەوە و بەدحاڵیبوون و لەرزین و تووڕەیی... تێدا دەبینرێ. وەک دەزانین هەموو ئەوانەش شێوازی جیاوازن بۆ ملکەچکردنی مێ و جۆرێک لە ململانێی ناوەوە و دوولەتبوونی "من"ی مێ و دابەزین و کەوتنە بۆشایی و شکست و خاوبوونی مێ نیشان

[38] - يوسف المحسن، الهيمنة الذكورية كبنية سوسيو- ثقافية، موقع محمد اسليم، 27/يناير 2002.

دەدەن، لەبەرانبەر ئەوەشدا دەلالەت لە گەیشتن بە پلەی چێژی پیاوانە دەکەن، ئەو چێژەی کە پیاو بە نیشانەی پیاوەتی خۆی ناسی دەکات.

کەواتە ئەگەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر هەژموون وەستا بێ و هەژموونیش لەسەر پرنسیبی دابەشکردنی جەوهەرییانەی نێوان نێری چالاك و مێی خاو بونیاد نرابێ، ئەوە ئەو پرنسیب و ڕێکخستنە تەعبیر و ئاڕاستەی ئارەزووی نێر لە بەخاوەنبووندا دەبینێ و هەر لەوێشەوە بەرەوە شەبەقییەت (ئیرۆتیزم) هەنگاو دەنێ، وەك چۆن بە دیوەکەی دیکەش ئارەزووی مێینەش لە ڕێگای هەژموونی پیاو و ملکەچبوونی مێ ڕوو لە ئیرۆتیزم دەکات. بێگومان هەموو ئەو دید و تێڕوانینانەش لە عەقڵیەتێکەوە سەرچاوە دەگرێ، کە نێر ڕابەرایەتی دەکات، بەڵام وەك دەزانین بنەمای ئەو تێڕوانینە لەسەر فیکرەی پێناسەکردنی کۆمەڵایەتیانەی جەستە دروست نەبووە، بەڵکو بەپێی جۆرەکانی پەیوەندی نێوان نێر و مێ ڕێکخراوە. کەواتە چ نێر چ مێ، دەتوانن ڕەمزی نێرایەتی بە شێوەی جیاواز دابمەزرێنن، دروستکردنی ئەو جۆرە کەشە لە ڕەمز زۆرجار پێویستی بە ئامادەگی پیاوەوە نییە، بۆ دژەکەش هەروایە. بە دیوەکەی دیکەش وەك ئاشکرایە دەتوانین جیاوازییەکانی جەستە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە نیشان بدەین. کەواتە دەکەوینە بەرانبەر دوو جۆر لە دیدی کۆمەڵایەتی یەکێکیان پەیوەندی بە کۆپیکردنی کۆنەخوازانەی ئەفسانەکان و کلتورەوە هەیە، ئەویدیکە لەسەر بنەمای بایۆلۆژی بەرجەستە دەبێت. ئەگەر یەکەمیان بشێ لە ڕێگای عەقڵیەتێکی مۆدێرنەوە قابیلی دووبارە ڕاڤەکردن بێت و دەقێکی جیاواز بخاتەوە، ئەوە دووەمیان دەشێ وەك دەرکەوتی جیاواز و تایبەت تەماشا بکرێ.

بەکورتی کۆپیکردنی کۆنەخوازانەی کلتور و پرۆسیسەکردن و درێژەدان بە شێوەی ڕەمزییانە، بۆتە سروشت و سیمای کۆمەڵگا کۆنەخوازەکان و لەوێشەوە وەك جۆرێك لە توندوتیژی ڕەمزی خۆی دەنوێنێ، بەو مانایە توندوتیژی ڕەمزی جەخت لە عەقڵییەتی کۆنەخوازانە دەکات و پەنجە لەسەر قوربانییەکانی توند دەکاتەوە. لێرەدا عەقڵییەتی کۆنەخواز وەك کردەیەك، ڕێگا بە هێز و دەسەڵاتی خەوتووی ناوکی ئەفسانەکان دەدات و تەواوی ئاماژە و نیشانە و هەڕەشە و وڕوژن و فەرمانەکانی ڕێکدەخاتەوە و درێژە بە پراکتیزەکردنی بداتەوە.

ئافرەت لەنێوان ئابوری و چێژی ڕەمزی

بازاڕی ژن و مێردایەتی دەکەوێتە میانی مامەڵەکردن و ئاڵوگۆڕی ڕەمزی و پانتایی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەی ڕەمزییەوە. بە شێوەیەکی گشتی لەو سیستمە کۆمەڵایەتیەدا ئافرەت وەك شت یان باشتر بڵێین وەك ڕەمز سەیر دەکرێ و بەمجۆرەش مانای ئافرەتبوون دەکەوێتە دەرەوەی ئەو خودەی، کە بە ئافرەت ناوزەد کراوە و وەزیفەکەشی لە دووتوێی بەشداریکردن و زیادکردنی سەرمایەی ڕەمزی پیاودا خۆی هەڵدەگرێتەوە. کەواتە دیاریکردنی حەقیقەتی ئافرەت و

شوێنگەی ڕێگاپێدانی لە دژەکەیەوە کەشف دەکرێ، بۆ نموونە لەوێوە ئافرەت وەك شت تەماشا دەکرێ، کە بەرەو ماڵە مێرد دەیگوازنەوە، وەك چۆن یەکێك لە وەزیفە سەرەکییەکانی ژن منداڵ لەسك هەڵگرتن و بەخێوکردنە، بەو مانایەش ئافرەت وەك شت و ئاڵوگۆڕی پێویستە بەردەوام لەبەرژەوەندی پیاودا بێ و سەرمایەی پیاو زیاد بکات.

کەواتە خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد خۆی لە پەیوەندی هێزی ڕەمزییدا دەبینێتەوە و تەواوی ئامانجەکانیشی پێویستە لە زیادکردنی هێزی پیاودا بێت، سەرەڕای ڕاڤەکردنی ئابوری ڕووت، کە شێوازی بەرهەمهێنانی ڕەمزی لەگەڵ شێوازی بەرهەمهێنانی ئابوری نێکەڵ بەیەکتر دەکەن و وا مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکەن، وەك ئەوەی کاڵایەك بێت و بەشداریەکی بنەڕەتی لە ئابوری چێژی ڕەمزییدا هەبێ، یان بە مانایەکی دیکە لەو ئاڵوگۆڕییەدا وەك کاڵایەك پیاو بیکاتە هی خۆی و چێژی لێوەرگرێ و بەکاری بهێنێ. بەمجۆرە لەوێوە پیاو، ئافرەت بە شەرەفی خۆی دەزانێ، کە وەك کاڵایەك خاوەنداریێتی دەکات و بە سەرمایەی ئابوری ڕەمزی خۆی دادەنێ. کەواتە ئافرەت لەنێوان پیاواندا بابەتی ئاڵوگۆڕییە، پیاویش بەردەوام خۆی بە لێپرساو و بەرهەمهێن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دادەنێ.

ئافرەت بەردەوام بۆ کاری ئاڵوگۆڕی لەلایەن پیاوانەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئافرەت وەك سەرمایەی ڕەمزی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەلایەن پیاوانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و قۆرخ دەکرێ، لەلایەکی دیکە ئابوری چێژی ڕەمزی دەلالەت لە ئامادەگی ژنانە دەکات، ئەوە ئامادەگی ژنانەیە، کە تێڕوانینی ئابوری بۆ شتەکان (واتە ئافرەت وەك شت) دەگۆڕێ، ئەوە ئامادەگی ژنانەیە بەشداری لە ئاڕاستەکردنی ئەو تێڕوانینە دەکات و بۆ ئەو بەشدارییەش دەشێ مەرجی دیاریکراوی هەبێ، هەر لەوێشەوە دەشێ ئاڵوگۆڕی ژن و مێردی لەسەر ڕێك بخات.

بەڵام وەك دەزانین ئەگەر ئافرەتان بۆ کاری کۆمەڵایەتی ملکەچ بکرێن و بە بچووك دابنرێن و نکۆڵییان لێبکرێ و نەتوانن فەزیلەتی خۆیان پرۆسیسە بکەن، ئەوە پیاوانیش بە بڕوای "بۆردیۆ" دەکەونە نێو هەمان زیندان و دەبنە قوربانی، نەك لەبەر ئەوەی هەژموونیان بەسەر ژنانەوە هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی داواکراون هەژموونیان هەبێ، لەبەر ئەوەی بوونی خۆیان لەو ئەرکەدا دەبینێتەوە.[39] کەواتە لەنێوان فەزیلەتی پیاو و ڕەزیلەتی ژندا هەموو ئەو کارانەی، کە ژن پێی هەڵدەسێ بەهەند هەڵناگیرێ، بەڵام هەموو ئەو کارانەی پیاو پێی هەڵدەسێ بە گرنگ سەیر دەکرێ، هەتا ئەگەر چێشتلێنان و بەرگدوورینیش بێت. بەمجۆرە ئەو پێوانەیەی، کە ژنانی پێهەڵدەسەنگێنرێ گەردوونی ناکەوێتەوە، بەڵام ژنان لە بزاڤی ژنانەیاندا بە گەردوونی لە قەڵەمی دەدەن، بێ ئەوەی بیر لەو هەژموونە کاریگەرییەی پیاوان بکەنەوە.

لێرەدا ئامانجی هەژموونداری نێرینەیی هەمیشە ژن وەك بابەتێکی ڕەمزی دەخاتە ڕوو، وەك ئەوەی بوونی ژن لە پێناو تەماشاکردنی پیاواندابێ، بۆیە بەردەوام ئەوە ئافرەتی نەرم نیان و جوان و

[39] - بيار بورديو، الهيمنة الذكورية، ترجمة: د. سلمان قعفراني، ص82.

سەرنجراکێش و دەم بە خەندە و ملکەچە تەواوی خەسڵەتە تایبەتییەکانی ڕەگەزی مێی تێدا بەرجەستەیە و قابیلی ئاڵوگۆڕی زێتری پیاوانن، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەو خەسڵەتانە بکەونەوە، ئەوە پیاوان ناتوانن وەك پێویست هاوگونجانیان لەگەڵدا دروست بکەن. کەواتە ئەگەر ژنان نەتوانن وەك پێویست خۆیان بۆ تەماشکردنی پیاوان ئامادە و ملکەچ بکەن، ئەوە تەگەرەیان هەیە و وەك مەسەلەیەکی بونیادی ناتوانن وەك شت بۆ بازاری چێژی ڕەمزی خۆیان بنوێنن. وەك دەزانین فیکرەی ئاڵوگۆڕی ژنان لەسەر دەستی "فرۆید" و "ستراوس" پەرەی سەندووە و ئەو تیۆرە وای دەبینێ، کە ژنان دەشێ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان پیاوان بەکار بهێنرێ.

بەڵام لەمڕۆی مۆدێرنەدا ئەوە هەوڵی فیکری و مەعریفی و ئایدیۆلۆژی بزاڤی ژنانە، کە دەیەوێ کۆی جیاوازییە ڕەگەزییەکان بە ناسروشتی بژمێرێت و چواچێوەکان و پۆلینکردنەکان بە دەستکردی نێرسالاری بداتە قەڵەم و لە جیاوازی ڕۆشنبیریی و ژیارییدا هەڵیگرێنەوە، هەروەها هەموو ئەوانی دیکەی وەك پیرۆزیی و پیسی، گشتی و تایبەتی، ئەسڵی و بێگانەیی... وەلا دەنێن و بە ئاژاوەی سیستمی ناوی دەبەن.

" لاێریك زیمور" لە کتێبێکی بە ناوی "ڕەگەزی یەکەم "[40] جیاوازی لەنێوان دوو جۆر لە دینامکیەتی بزاڤی ژنانە لە خۆرئاودا دەکات و بەمجۆرە دەیخاتە ڕوو: ژنان لە نیوەی دووەمی چەرخی ڕابردوو هەوڵیاندا ببنە پیاو، بەڵام کاتێ سەرکەوتنیان لەو دەرفەتەدا بەدەست نەهێنا، گوتییان لەسەر پیاوانە، کە ببنە ژن! لە قۆناغی یەکەمی هەڵسانەوەی ئافرەتاندا، ئافرەتان توانیان مافی هەڵبژاردن و تەڵاق و لەباربردن و هۆیەکانی سکپڕنەبوون و ئازادی سێکسییان بەدەست بهێنن... بەڵام هەموو ئەو بەخششانە دواجار کپبوونی نەوەی "89" لێکەوتەوە، ئیتر دایکان بە تەنها لەگەڵ منداڵە بێ باوکەکانیان مانەوە، چێژی سێکسی لە ئاستێکی نزمی یانەکان پرۆسیسە دەکرا، کۆمەڵێکی زۆر وەك هۆمۆ بە دڵتەنگی ژیانیان بەسەر دەبرد... هەندێ لە ژنانیش دەیانەویست بگەنە ناوەند و شوێنگەی کۆمەڵایەتی و پیشەیی و سیاسی بەرز بەدەست بهێنن و ڕێز بۆ خۆیان بگێڕنەوە و هەوڵیاندەدا سیستمی دایکسالارییان بەسەر سیستمی باوکسالاریدا بسەپێنن، بۆیە دەکەوتنە مشتومڕی ئەوەی، کە پیاوان بە کاری نێو ماڵ هەڵسن... لەلایەکی دیکە گرفتە جەوهەرییەکە کەوتە نێو کاری سێکسکردن و دواجار وای لێهات ژنان هەتا ڕووخساری دەرەوەشیان وەك پیاوان لێدەکرد، گرنگییان بە

[40] - الجنس الأول، لإيريك زيمور: لم تترجل المرأة فتأنث الرجل، رودولف ضاهر، هەڵبەتە ئەو ناونیشانە لە ناونیشانی کتێبەکەی سیمۆن دۆبۆڤوار بە ناوی ڕەگەزی دووەم وەرگیراوە, بڕوانە سایتی گۆگڵ لە ئینتەرنێت.

جـوانی خۆیـان نـەدەدا، بـۆ ئـەوە ئـارەزووی پیـاوان لـەخۆیان دوور بکەنەوە.

بەڵام قۆناغی دووەم، کە ئەمڕۆ خۆرئاوا پراکتیزەی دەکات، قۆنـاغی بە ژنبوونی پیاوانە، ئـەو قۆناغـە لەگـەڵ هەرەسـهێنانی قۆنـاغی یەکـەم، واتە بە پیاوبوونی ژن دەستی پێکرد، ئەو کاتەی، کە ژن دانی بـەوەدانا، کە وەك ڕەگەزێکی بنەڕەتی لـە ژیانیـدا پێویسـتی بـە پیـاو هەیـە، بـەڵام نـەك وەك ئـەوەی وەرگێـڕی کـوردی بـیری لێدەکاتـەوە! وەك چـۆن ئافرەتی ئەمڕۆ پیاوی نێری وەك کـازانۆف (Casanova) و دۆن جـوان (Don Juan) ڕەتدەکاتەوە. ئافرەتی ئەمڕۆ پیـاوێکی دەوێ، کـە وەك پێویست بە خۆشەویستی و وەفاوە بەشداری لە ژیانیدا بکات.

چەمکی توندوتیژی لەنێوان فیکر و زانستدا

پێشەکی:

بە گشتی توندوتیژی بۆتە جێگەی بایەخی کۆمەڵێك لە توێژەرانی کۆمەلایەتی و سیاسی و دەروونی، ئەوەش بەشێکی زۆری ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕەنگدانەوەی فیکری ئەورووپی و ڕابوونەوەی فیکری ئوسوڵییەوە هەیە. هەڵبەتە فیکری ئەورووپی دەستی بەسەر ئەو سێ سەدەیەی دواییدا گرتووە و هەر لەوێشەوە بایەخ بە سروشتی مرۆیی و پەیوەندی تاك بە دەوڵەت... دەدەن. بێگومان ئەو دەستبەسەرداگرتنەش بۆ خۆی کۆمەڵێك گرفتی جۆراو جۆری هێناوەتە بەرهەم..

(فریدریك ئینگلز)ی زانا، ئاشکرای کرد، کە تیۆری (ناتوندوتیژی) لەمیانی کۆی ئەو ڕاڤەکردنانەوە دەرکەوتووە، کە بۆ مەسەلە ئابوری و سیاسییەکان تەرخانکراوە.. بەمجۆرە دەشێ ئەو توندوتیژییەی، کە تاکو ئێستاش لە دەزگاکان وەك شتێکی باو ماوەتەوە و بەکاری (دوورخستنەوە) سەرەتاییەکان هەڵدەسێت، دووبارە وەك دیاردەیەکی ئابوری سیاسی ڕاڤەی بکەینەوە.

لێرەوە ئەو گەلانەی، کە لەژێر باری بێبەشکردن لە ژیان دەناڵێنن توندوتیژی زێتر قبوڵ دەکەن لەبەرانبەر ئەوانەی، کە بەو ژیانە ناچار نەکراون، یان لەپەنای سۆز و خۆشیدا ژیان بەسەر دەبەن. پسپۆران بۆ بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی جەخت لە سروشتی مرۆیی دەکەنەوە ئەویش دەبەستنەوە بە:

(سروشتی مرۆیی چاکەخواز، سروشتی مرۆیی شەڕخواز)

(ئیبن خەلدون 1332–1406)ی بەناوبانگ، توندوتیژی وەك بەشێك لە سروشتی خودی مرۆڤ دەبینێت (زوڵم و دوژمنکاری لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەژمێردرێت). هەروەها فەیلەسوف ئینگلیزی (تۆماس هۆبز 1588–1679) پێیوایە سروشتی مرۆڤ پڕ لە توندوتیژییە، نائاسودەیی ڕقەبەرایەتی مرۆڤ بەرەو شەڕی هەمووان بەدژی هەمووان دەکاتەوە.

چەمکی توندوتیژی:

توندوتیژی ڕەفتارێکە یان کردەیەکی دوژمنکارییە تاك یان کۆمەڵ یان چینێکی کۆمەلایەتی یان دەوڵەتێك لە چوارچێوەی هێزێکی ناهاوتای ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی، دەروونی... لەبەرانبەر تاك یان کۆمەڵ یان چینێکی کۆمەلایەتی یان دەوڵەتێکی دیکە پێی هەڵدەسێ، بۆ ئەوەی دەستی بەسەردا بگرێت.

چەمکی زمانەوانی توندوتیژی:

توندوتیژی لە زمانی عەرەبیدا واتە جیاوازی لە فرمان، کەمی لە سۆز و میهر. توندوتیژی سۆز و میهرەبانی تێدا نییە، دەکەوێتە بەرانبەر سۆز و میهر، یان بەسەر سۆز و میهردا دەکرێت، تەعبیر لە مامەڵەکردنێکی بەد دەکات. توندوتیژی ماناکانی لە سەرزەنشتکردن، زەبر، سەختی وەرگرتووە. سەختی تا ئەوپەڕی... بەمجۆرە توندوتیژی بۆ ئەو کۆمەڵە کردەیە دەگەڕێتەوە، کە لێرە ئاماژە پێکراوە، هەروەها کۆمەڵێك مانای زێتریش لەخۆ دەگرێت...

لەژێر ئەو ڕۆشناییە دەتوانین بڵێین توندوتیژی لەگەڵ مرۆڤدا لەدایکبووە، لە میانی ئەو مێژووە دوور و درێژەیشەوە کۆمەڵێك شێوەی جۆراوجۆری لەخۆداهەڵگرتووە. بەپێی پێناسەکردنی (ئیسکۆپیدیای زانستە کۆمەڵایەتیەکان) مەبەست لە توندوتیژی، کە لەمیانی ناوکۆیی کۆمەڵایەتیدا خۆی لە بەکارهێنانێکی نایاساییانە یان ناڕەوایی هۆیە ناپەسەندە مادییەکاندا هەڵدەگرێتەوە چ لەپێناو مەبەستی تاکە کەسی یان مەبەستی کۆ بێت.

بەڵام (مەوسوعەی زانستی) ئاماژە بەوە دەکات، کە چەمکی توندوتیژی لەلایەن تاك یان کۆمەڵ بە دژی تاك یان کۆمەڵێکی دیکە دەکرێتەوە، جا چ وەك قسە پێگوتن بێت یان بە بەجێهێنانی کردە بکرێت. بەمجۆرە توندوتیژی کردەیەکە لەبەرجەستەکردنی هێزەوە دێتە بەرهەم، جا ئەو هێزە فیزیکی بێت یان ڕەمزی.

(بیرفیۆ) وای دەبینێ، کە توندوتیژی فشارێکی جەستەییە یان مەعنەوییە و سروشتێکی تاکخوازانە یان کۆمەڵخوازانەی هەیە، لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤە. بەڵام هەردوو زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی (گراهام) و (ت. جیر) دەگەنە ئەوەی، کە بڵێن توندوتیژی ڕەفتارێکە بەرەو ئازاردانی جەستەی کەس یان زیان گەیاندن بە ماڵ و موڵك دەبێتەوە، جا چ سروشتێکی تاکخوازانە یان کۆمەڵخوازانە لەخۆ بگرێت.

دکتۆر (فیولیت داگر) پێناسەی توندوتیژی وەك فشارێك دەکات، کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەبەرانبەری ڕابگرێت، ئەو فشارەش لە دژی ئازادی کەسی جێبەجێ دەکرێت. هەموو ئەوانەش تەعبیر لەوە دەکەن، کە توندوتیژی لە پێناو سەرپێشۆڕکردنی لایەنێك لەلایەن لایەنێکی دیکە ممارەسە دەکرێ. بەو مانایەش توندوتیژی دەکەوێتە نێو پەیوەندی هێزی ناهاوتای سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتییەوە... جا ئەو جیاوازییە لەسەر بنەڕەتی سێکسی بێت یان بنەچە و تەمەن و ئەواندیکەوە بێت. وەك چۆن بەر کەسێتی مرۆڤ دەکەوێت دواتریش دەبێتە تەگەرەی گەشەکردنی کەسێتی و ئازادییەکانی...

بەڵام دکتۆرە (لەیلا عەبدولوەهاب) بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی توندوتیژی بەمجۆرە دەکات: توندوتیژی ڕەفتار یان کردەیەکی دوژمنکارانەیە لایەنێك بە دژی لایەنێکی دیکە ئەنجامی دەدات.

پێناسەی بایۆلۆژی بۆ توندوتیژی:

وەك دەزانرێ کاریگەری بۆماوە لە ڕێگای خانە زیندووە ئالۆزەکانی کرۆمۆسۆمەوە بە ئەنجام دەگات، ئەو کاریگەرییەش وەك چۆن لەسەر

ئاستی بایۆلۆژی دەردەکەوێت، لەسەر ئاستی زهن و دەروونیشەوەیە.

زۆربەی پسپۆران لەوانەش (کرۆك) لەسەر ئەو کاریگەرییانە ڕێککەوتوون، بەڵام کاریگەری گۆڕانکارییە سێکسیەکان ڕەتدەکەنەوە.

بەمجۆرە کردەی دوژمنکاری لەژێر کاریگەری نموونەیەك لە دنەدانەوە لەدایك دەبێت، بەڵام ئەو دنەدانە وەك خەسڵەتێکی بۆماوەیی خۆی دەنوێنێ یان وەك هەندێ لە فاکتەری خۆرسکی بۆ نموونە: پەرچەکردار، هەڵچوونە دەروونییەکان و هێزی فیزیکی و چالاکیە هۆرمۆنییەکان... کە ئاراستەیان بەرەو ڕێڕەوی دوژمنکارانە دەچێت.

توێژەران لە نیویۆرك لە ساڵی (1998) ڕایانگەیاند، کە گەیشتوونەتە کۆمەڵێك کرۆمۆسۆم، کە پەیوەندییان بە توندوتیژی و دوژمنکاری و تاوانەوە هەیە، بەمجۆرە توندوتیژی بیۆلۆژی، لەو نەخۆشانەدا دەردەکەوێت، کە سکاڵا لە نۆرە تەقینەوەی توندوتیژی یان هێرشئامێز، یان کاولکاری دەکەن. هۆی سەرەکی توندوتیژی بایۆلۆژی بە پێکران یان برینداركردنی دەماغ لە کاتی ڕووداو، یان پێکران و برینداربوونی دەماغ لە کاتی لەدایکبوون وەسف دەکرێت.

پێناسەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بۆ توندوتیژی:

هەڵبەتە لایەنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەنێو تەواوی لایەنەکانی دیکەدا بەگشتی لایەنێکی دیارە، و پێناسەی تایبەتی خۆی بۆ توندوتیژی هەیە. (لۆنیز و فیلش) لە کتێبی (تلفزیۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا) بەمجۆرە پێناسەی توندوتیژی کردووە، کە کردەیەکە بە پێکران یان برینداركردن یان مەرگی کەسی ئەویدیکە دێتە ژماردن.

(ئامال کەمال) پێناسەی توندوتیژی میدیایی بەمجۆرە دەکات: هەر هەڕەشەیەکی ئاشکرا بەهۆی بەکارهێنانی هێزی جەستەیی یان کردەوە بە ئەنجام بگات و ئامانجی ئازارگەیاندن بێت بە جەستەی هەر کەسێ یان کۆمەڵێ، ئەو ئازارگەیاندنە بخرێتە ڕوو یان شاراوە بێت بە توندوتیژی ناوزەد دەکرێت. هەروەها توندوتیژی هەندێ لە دیمەنەکانیش دەگرێتەوە، کە لە وێناکردنی ئەنجامدانی ئازارەوە ڕوو دەدات، بەو مانایەش توندوتیژی کۆی ئەو هەڕەشەو ڕەفتارە توندانە دەگرێتەوە، کە ئەگەرچی لەسەر شاشە دەرناکەون، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی زیانبەخشیان هەیە دەچنە میانی توندوتیژی میدیاییەوە.

پێناسەی ئابوری بۆ توندوتیژی:

دیارە پێناسەکردنی ئابوری بۆ توندوتیژی لە هەموو پێناسەکانی دیکە جیاوازترە و بەمجۆرە پێناسە دەکرێت: توندوتیژی دەرئەنجامی ئەو بۆشاییە نەشیاوەیە، کە دەکەوێتە نێوان پێداویستییەکانی خەڵك و ڕازیبوونیان بەوەی، کە دەستیان دەکەوێت، یان بە مانایەکی دیکە توندوتیژی ئەو جیاوازییەیە، کە دەکەوێتە نێوان واقیع و ئەوەی، کە لە ڕووی ئابورییەوە بەدەست دێت.

(سامیه قـەدری) توندوتیـژی ئـابوری بـەو جـۆرە پێناسـە دەکـات: بەکارهێنانی هێزی فیزیکییە بە مەبەستی ئازاردان و زیان پێگەیاندن، بـە بێبەشـبوون لـە مافەکانـەوە بەنـدە و دەچـێتە خانـەی بـەکارهێنانی دەسەڵاتێکی ناپەسەند، لە پاڵ ئەوەشدا کۆمـەڵێك مانـای دیکـەی لـەخۆ گرتووە، هەموو ماناکانیش لـە هێرشـکردن و دوژمنکـاری و نوانـدنی هێـز بەسەر جەستەو ڕەتکردنەوەی ئەویدیکەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە.

توندوتیژی خێزانی:

توندوتیـــژی خێزانـــی ڕەفتـــار یـــان کردەیـــەکی دوژمنکارانەیـــە لـــە لایەنێکەوە بۆ لایەنەکەی دیکە بە ئەنجام دەگـات، هـەروەك دەشـێ تـاك یـان کـۆ یـان چـینی کۆمەڵایـەتی یـان دەوڵـەت بـە ئـەنجامی بگەیـەنێت، ئـــەوەش دەکەوێتـــە چوارچـــێوەی هێزێکـــی ناهاوتـــای ئـــابوری یـــان کۆمەڵایەتی یان سیاسی لـە پێنـاو دەستەبەسـەراگرتن و ملپێکەچـکردنی لایەنەکەی دیکە لە ئاکامیشدا ئەو لایەنە ناچار بە زیانی مـادی مەعنـەوی و دەروونی دەکرێت.

توندوتیژی خێزان شێوەیەکە لە شێوەکانی بەکارهێنانی ناڕەوایانـەی هێز لە لایەن یەکێك یان زیاتر لە ئەندامەکانی خێزان دژ بە ئەویدیکە یـان ئەوانیدیکە، بە مەبەستی ئازارپێگەیانـدن و ملپێکەچـکردن و ڕاونـان، بـە شێوەیەك، کە لەگەڵ ئازادی و ویستی تاکە کەسی یەکناگرێتەوە.

توندوتیژی خێزانی ڕەفتارێکە یەکێك لە ئەندامەکانی خێـزان بەرانبـەر یـەکێکی دیکـەی ئەنـدامی خێزانەکـە ئـەنجامی دەدات، بـێ ئـەوەی هـیچ بەڵگەیـەکی بەدەسـتەوە بێـت. ئـەوەش بـەدیاریکراوی زیانگەیاندنـە و هەموو جۆرەکانی بێبەشـکردنی پێداویسـتییە بنەڕەتییـەکان و ئـازادی و ناچارکردن (واتە کەسێك ناچار بکرێت بێ حەزی خۆی کردەیـەك ئـەنجام بـدات) هــەروەها جنێــودان و لاقــەکردن و برینــدارکردنی جەســتەیی و دەروونی دەگرێتەوە.

www.dengekan.com

تیۆری توندوتیژی ڕەمزی
لای پییێر بۆردیۆ

چەمکی توندوتیژی وەك مەسەلەیەکی مێژوویی بەو هێزەوە بەندە، کە لە سروشت، یان خواوەندەوەیە، وشەی (violence) لە وشەی لاتینی (violentia) وەرگیراوە و مانای توندوتیژی دەگەیەنێت. وشەی ناوبراو لە فۆرمە فیزیکیەکەیەوە لە وشەی (vis) هەڵێنجراوە و تەعبیر لە هێز دەکات. ئەو مانایەش لە زۆربەی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی زمان بە ئەسڵی وشەی یەکەمەوە بەندە، وەك فەرهەنگی (لاروس Larousse) ئەو فەرهەنگە توندوتیژی وەك خەسڵەتێك بۆ هەموو ئەو کارانەی، کە بەهێز و توندیی پەرگیرو دڕندەییەوە بەندە دەخاتە ڕوو، بە خەسڵەتێکی دوژمنکارانەی دادەنێت، خەسڵەتێك، کە تەعبیر لەوپەڕی توندی دەکات و بە زاراوە و ڕەفتاردا گوزەر دەکات و لە بەکارهێنانی هێزدا ڕەنگدەداتەوە. مەوسوعەی (Universalis) فەرهەنگی، توندوتیژی لە کردەیەکی دیاریکراودا دەبیینێ کردەیەك چ وەك قسە یان کردار، کە لەلایەن تاکێك لەبەرانبەر تاکێکی دیکە، یان چەند تاکێك و لایەنێك لەبەرانبەر چەند تاکێك و لایەنێکی دیکە پرۆسیسەی دەکەن... ئەو کردە توندە خۆی لە هێزدا هەڵدەگرێتەوە جا چ فیزیکی بێ، یان ڕەمزی.

توندوتیژی ڕەمزی

توندوتیژی ڕەمزی لای (بۆردیۆ) توندوتیژییەکی لەسەرەخۆی ڕازیکەر و شاراوە و نەبینراوە، خۆی وەك ڕێکخستنێك لە دەرککردنی ڕەوا و چێژی هونەری و بنچینەکانی ئەدەب هەڵدەگرێتەوە... بۆردیۆ ئەو پێناسەیە وەك ئەزموونێکی خودی و ژانوژواری تاك نیشان نادات، بەڵکو وەك کۆمەڵێك دیاردەی سیاسی بەرجەستەی دەکات، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بایەخی توندوتیژی ڕەمزی سەرنجمان بۆ خۆی ڕادەکێشێ، لە شێوەکانی **توندوتیژی ڕەمزی** بۆ نموونە: گوتاری دژ بە بێگانە و ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی ئەرستۆکراتی، ئایدیۆلۆژییەتی شەعبی هەڵبژاردە، یان چینی حاکم، هەژموونگەرایی نێرانە....

پێناسەی توندوتیژی ڕەمزی

بۆردیۆ لە بارەی توندوتیژی ڕەمزی وەك توندوتیژییەکی نا فیزیکی قسە دەکات و پێیوایە هەر لە بنەڕەتەوە دەشێ ئەو توندوتیژییە لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنی مەعریفە و ئایدیۆلۆژییەوە پرۆسیسە بکرێ، ئەو توندوتیژییە شێوەیەکی نەرم وەردەگرێ و هەستی پێناکرێ، وەك چۆن بە نسبەت قوربانییەکانیش بە نەبینراوی دەمێنێتەوە. بۆردیۆ ڕەخنە لە فیکری مارکسی دەگرێ، چونکە بە ڕای بۆردیۆ فیکری مارکسی بایەخی بە شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی ڕەمزی نەداوە و

زێتر شێوەکانی توندوتیژی مادی و ئابوری بە هەند هەڵدەگرێ. چونکە بۆردیۆ پێیوایە توندوتیژی ڕەمزی بە شێوە جۆراوجۆرەکانییەوە کاریگەری لە بواری ئابوریشدا هەیە.

وەك دەزانین توندوتیژی ڕەمزی لەسەر دوو بکەری کۆمەڵایەتی و بە ڕەزامەندییەوە پرۆسیسە دەکرێ، بۆیە ئەو توندوتیژییە دانپێنەنراوە و هەر تەنها وەك مەسەلەیەکی بەلگەنەویست تەماشا دەکرێ و دەکەوێتە نێو هۆیەکانی پەروەردە و نماکردنە کۆمەڵایەتی و شێوەکانی پەیوەندیکردنی نێو کۆمەڵگاوە. لەو ڕوانگەیەوە دەشێ وەك بۆردیۆ لەو بنەڕەتە حەقیقییە بگەین، کە دەسەڵاتی سیاسی یان هێزی زاڵ بۆ دەستبەسەراگرتن و هەژموون دروستکردن پشتی پێدەبەستێ، هەڵبەتە پشت بەستن بەو میکانیزمەی، کە لە میانی توندوتیژی ڕەمزییەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە بە ئاسانترین شێوە پراکتیزە دەکرێ، بە تایبەتی وەك دەزانین هەمیشە هاوگونجانێك لەنێوان بونیادە بابەتگەرایە باوەکان و ئەو بونیادە عەقڵییانەوە هەیە، کە لە ئاستی فیکردا بەدەست دێت.

بەمجۆرە دەبینین توندوتیژی دوو شێوەی سەرەکی هەیە، یەکەم توندوتیژی مادی، بە دیاردە جۆراوجۆرەکانی. دووەم توندوتیژی ڕەمزی، کە بۆردیۆ لە میانی هەندێ هۆکار و بواری چالاکییەکاندا ڕوونی دەکاتەوە و پێیوایە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بۆ کۆنترۆڵکردن و هەژموونگەرایی پشتی پێدەبەستێ. بەو مانایەش مەحاڵە قسە لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی بکەین، کە خاڵیی بێت لە توندوتیژی ئەوەش دیاردەیەکە لە دیاردەکانی مێژووی کۆمەڵگای مرۆیی.

توندوتیژی ڕەمزی دامەزراوە فێرکارییەکان

توندوتیژی ڕەمزی لە نمایانکردن و پێناسەکردنی بە دەوڵەتەوە واتای ئەو پاڵەپەستۆ، یان سەپاندن یان کاریگەرییە، کە دەوڵەت بە شێوەی فەرمانی ناڕاستەوخۆ بەسەر تاکەکان و گروپەکانیدا پرۆسیسەی دەکات. ئەوەش زۆر بە جوانی لە پەروەردە و فێرکردن بەرجەستەیە، بەو مانایەش دەشێ بڵێین سیستمی خوێندن تەعبیر لە بیروباوەڕە بەلگەنەویستەکانی سیستمی سیاسی دەکات. یان خستنە نێوەوەی پەیوەندی دەسەڵاتە بۆ نێو دەروونی تاکەکان، وەك ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی سروشتی نێوان ئەو دوو لایەنە بێت.

هەڵبەتە بۆردیۆ بەردەوام دژی سیستمی پەروەردەو فێرکردن و میتۆدی خوێندن دەبێتەوە. بەپێی بیروباوەڕی ئەو ئیتر دەوڵەت با واز لە فێرکردنی فێرکردن و ڕاهێنانی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفە بهێنێ. قوتابخانە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا وەك یەکێك لە دامەزراوە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خۆی دەنوێنێ، کە بەردەوام لە ناوکۆییەکی تەواو گشتگیر لە کۆمەڵگادا بەپێی ڕێسایەکی دیاریکراو خۆی ڕێکدەخاتەوە و تایبەتمەندی قوتابخانەش بەشێوە مێژووییەکەی دەکەوێتە کایەی پرۆسیسەکردن و فێرکاری و

ڕۆشنبیرییەوە، بەمجۆرە قوتابخانە لە بواری نماکردنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی لەگەڵ دامەزراوی خێزان کارفرمای خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت. کەواتە قوتابخانە لە کۆمەڵگای مرۆییدا شێوەیەکە لە شێوەکانی دەوڵەت و وەك ئەلتەرناتیڤی خێزان خۆی ڕادەگەیەنێت. بەو مانایەش فوتابخانە لە بواری کردەی فێرکارییەوە یەکێکە لە پیداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت. مارکس دەڵێت: فیکرە باوەکان فیکری چینە باوەکانە، هەر ئەوانیشن، کە هەژموونیان هەیە. ئەو خەسڵەتە باو و ستەمگەرانەی، کە دەست بەسەر دامەزراوە فێرکارییەکاندا دەگرن، ئەو خەسڵەتە ستەمگەرایەیە، کە لە سیستمی فێرکاری تەقلیدی ماوەتەوە و بورژوازییەت لەدوای سەربەخۆبوونی درێژەی پێدەدات. بەمجۆرە سیستمی پەروەردە و فێرکردن لەسەر ئاستی مۆبیلیزەکردن و ئاراستەکردندا وەك پاشکۆی سێنتەری کۆلۆنی بە پارچە پارچەیی ماوەتەوە، بەدیوەکەی دیکەش چینی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی بەرفرەوان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕیکوپێکییە بەردەوام لە ڕێگای ئەو دامەزراوەوە دەسەڵاتی خۆی درێژ دەکاتەوە و هەر لەویشەوە سانسۆری خۆی پیادە دەکات.

کەواتە ئەمڕۆ قوتابخانە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دووبارە بەرهەمهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی نێو کۆمەڵگا دەگێڕێ، لە ڕێگای هەژموون و هێزی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە و ئەوەش هەمیشە شێوەی ڕازیکردن و قبوڵکردن لەخۆ دەگرێ وەك (ئەنتۆنیۆ گرامشی 1891-1923)[41] دەڵێ. یان لە ڕێگای توندوتیژی و زۆرلێکردن بەشێوە ڕەمزییەکەیەوە، وەك بۆردیۆ قسەی لێدەکات.

توندوتیژی و جیاکاری

هەموو توندوتیژییەکی دژ بە ئافرەت وەك پێویست جۆرێکە لە جیاکاری. وەك دەزانین لە بنەڕەتدا ئەو جیاکارییە دەلالەت لە ڕەگەز دەکات، یان ئەو توندوتیژییە دەگەیەنێت، کە ڕەگەزی نێر بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ پیادەی دەکات. کەواتە ئافرەت لەبەر ئەوەی وەك ڕەگەز جیا دەکەوێتەوە و جۆرێکی دیکەی تایبەتە، بۆیە ئەویدیکەی نێر وەك سەرچاوەی فیتنە سەیری دەکات. کەواتە لە نێوان جیاکاری و توندوتیژی پەیوەندییەکی بنەڕەتی هەیە، ئەو پەیوەندییەش خۆی لەو خاڵانەی خوارەوەدا دەدۆزێتەوە:

- کردەی توندوتیژی دژ بە ژنان وەك جیاکارییەك خۆی لە بێنرخکردنی ژناندا دەبینێتەوە.
- هەموو جیاکارییەك بەرەو توندوتیژی دەچێ... پرنسیبی ملکەچبوونی ژن بۆ مێردەکەی دەرفەتێکی بەرفرەوان بۆ پیاو دەکاتەوە

---

41 - فەیلەسوف و خەباتگێری مارکسی ئیتالی لە ساڵی 1891 لە دورگەی "ساردینیا" ی ئیتالی لەدایکبووە، لە 26 ئەپریلی 1937 لە زیندان لەژێر ئازار گیانی لەدەستداوە بە تەواوی لە ستالین جیابۆتەوە و هەر لە زیندان "دەفتەرەکانی زیندان"ی نووسیووە.

تاكو لەوێدا بە شێوەیەك لە شێوەكان ئازار بە ژنەكەی بگەیەنێت، ئەو ئازاردان و توندوتیژییەش لە بواری یاسای تاوان بە تایبەتی لە سیستەمە باوكسالارییەكاندا دەكەوێتە میانی "تاوانی شەرەف"ەوە، ئەوەش وەك بەڵگەیەك بۆ توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و هاندانی پیاوان بۆ نواندنی توندوتیژی دژ بە ڕەگەزی مێبنە خۆی دەنوێنێ.

– توندوتیژی دەبێتە پشت و پەنای جیاكاری، زۆربەی پیاوان ئەو توندوتیژییە جەستەییە وەك ئامرازێكی تەقلیدی و شێوازێك لە شێوازەكانی تەمێكردنی ژنان بەكار دەهێنن.

توندوتیژی ڕەمزی تلفزیۆن

هەڵبەتە ئەمڕۆ تلفزیۆن ڕۆڵێكی بنەڕەتی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەگێڕێ، ئەویش لە ڕێگای بەدواداچوونی ڕۆژانە و سەیركردنی بەرنامەكان و هەواڵ و یان بە مانایەكی دیكە تەماشاكردنی بەپێی ئارەزوو... بۆیە ئەو ئامێرە بە "میوانی ناچاری" ناو دەبرێت. بێگومان زیادەڕۆی نییە ئەگەر بڵێین تلفزیۆن بەشدارییەكی ئەكتیڤانەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی لە پەروەردەكردن و ئاراستەكردن و دوارۆژی منداڵەكانماندا هەیە، لەلایەكی دیكەش دەشێ ئاماژە بە زنجیرەیەك میكانیزم بكەین، كە دەیسەلمێنن تلفزیۆن دەستی لە جۆرێك لە جۆرەكانی توندوتیژی ڕەمزی ئازار بەخش و خراپەكاردا دەبینێ، یەكێك لەو دیاردانەی ئەو توندوتیژییە ڕەمزییەی، كە تلفزیۆن ڕۆڵی تێدا دەبینێ ئەوەیە، كە كاتەكان بە كۆمەڵێك شت پڕ دەكاتەوە، كە نە هیچ بایەخێكیان هەیە و نە هیچ سوودێك و نە وەك پێداویستییەكی ژیانیش تەماشا دەكرێن، بەڵكو هەموو هەر تەنها كاتێكی بە نرخی ئێمە بە شتی بێ نرخ ئیستهلاك دەكەن، بەو مانایەش تلفزیۆن دەستی لە وێرانكردنی ئاگایی و هوشیاریدا هەیە و لە هەمانكاتیشدا ئاگاییەكی درۆزنانەمان پێدەبەخشێ، یان كۆمەڵێك زانیاری لەژێر پەردەی یارییەك دەشارێتەوە، كە بە "یاریی شاردنەوە بە هۆی نمایشكردن" ناو دەبرێت.

هەندێجار كۆمەڵێك شت لە تلفزیۆن دەبینین، بەڵام ئەو شتانە هیچ ڕوون نین، یان بە شێوەیەك نمایان دەكرێن، كە هەست بە شاردنەوە و پەناكردن و پێچاوپێچییان دەكرێ، هەڵبەتە هەموو ئەو مەسەلانە لە ڕێگای وشەی گەورە و وێنەی سەرنجڕاكێشدا، وێنە و وشەیەك، كە بشێ زۆرترین سەرنجی خەڵك بۆ خۆی ڕابكێشێ، بەمجۆرە وشە و وێنە هەژموونی خۆی بەسەر بینەردا دەسەپێنێ، هیچ وێنە و وشەیەك نییە بەبێ بەكارهێنانی جولە بتوانێ ڕاڤە و لێكدانەوەی پێویست و خوێندنەوەی پێویست هەڵگرێ، كەواتە تلفزیۆن هەمیشە بە جولەكانی بەرەو خۆی كێشمان دەكات.

بۆردیۆ پێیوایە تلفزیۆن ئامرازێكە بۆ سەركوتكردنی ڕەمزی. ئەوەش وەك دەزانین بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی لە سەیركەرێكەوە بۆ سەیركەرێكی دیكە دەگۆڕێ... بەڵام ئایا دەشێ وەك ئامرێكی دیموكراسی ڕاستەوخۆ هێزێك بێ بۆ سەربەخۆیی و هەر لەوێشەوە

ئاستی مەعریفەی زانستی بینەران بەرز بکاتەوە؟ بێگومان هەموو ئەو مەسەلانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو دیوو بینینەوە هەیە، واتە دەکەوێتە پشت تلفزیۆنەوە و پێویستی بە بەرنامە داڕشتن و کەسانی پسپۆر و شارەزای بوارە جیا جیاکانی کایەکانی مەعریفە و ڕۆشنبیرییەوە هەیە، بە مانایەکی دیکە دەکەوێتە دووتوێی ئەو سیستمە ڕەمزییە نەبینراوەی، کە تلفزیۆن لە ڕێگایەوە دەجولێتەوە، دەبێتە بینین بۆ بینەران. کەواتە ئەوەی لە پشت تلفزیۆن ڕاستەوخۆ ئامادەیی دەنوێنێ ئەو بیروباوەڕ و شێواز و نۆرمەیە، کە دەسەڵاتەکان هەر یەك بەپێی جیاوازییەکانی خۆی پراکتیزەی دەکات، بەو مانایەش دەشێ بڵێین لە پشت تلفزیۆن سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکی پیادە دەکات. لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە تلفزیۆن هەر تەنها ئامرێك نییە بۆ تۆمارکردنی واقیع، تلفزیۆن هەر تەنها ئامرێك نییە بۆ نیشاندانی حەقیقەت و دروستکردنی حەقیقەت و تەحەکومکردنی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، هەر تەنها ئامرێك نییە بۆ گەیاندنی بیرکردنەوەی خێرا و خۆراکی ڕۆشنبیریی خێرا... بەڵکو لە زۆربەی کاتەکاندا دەسەڵاتی سیاسی ئەو ئامێرە بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی بەکاری دەهێنێ و هەمیشە لە ڕێگای ئەو ئامێرەوە جوانییەکان و بەخششەکانی خۆی بە چەندان ڕەنگ و دەنگی جیاواز نیشان دەداتەوە و ئەگەر پێویستیش بکات ڕاستییەکان بە شێوەیەك دەشێوێنی، کە زۆرانێك بە هەڵە بڵێین ڕاستی و بە ڕاستی بڵێین هەڵە، تلفزیۆن لە زۆربەی کاتەکاندا پرۆژەی ئەو هێزە زاڵەیە، کە دەستی بەسەر کۆی کەناڵەکانی ژیاندا گرتووە و بە ئارەزووی خۆی خەڵکی ئاڕاستە دەکات و بە ئارەزووی خۆی ڕایدەهێنێ.

بۆردیۆ لە کتێبی (تلفزیۆن، میکانیزمێك بۆ گەمەکردن بە عەقڵ) دەڵێ: یەکێك لەو کێشە گەورانەی، کە تلفزیۆن دەیخاتە ڕوو، پەیوەندی نێوان بیرکردنەوە و خێراییە. ئەو دەپرسێ ئایا دەشێ لە هەڵپەکردندا بیر بکەینەوە؟ وەك دەبینین لە زۆربەی جاران بەرنامەکانی تلفزیۆن داوامان لێدەکات بە خێرایی بیر بکەینەوە، واتە دەرفەتێك کورتمان پێدەدا بۆ بیرکردنەوە و وامان لێدەکات لەو ماوە کورتەدا بیر بکەینەوە، بەڵام ئەوە نەك هەر کوشتنی بیرکردنەوەیە، بەڵکو ستەمێکە لە بیریاران دەکرێ، هەر لەو ڕێگایەشەوە دەیانەوێ بیرکردنەوە و بیرکەرەوە بخەنە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، یان بە مانایەکی دیکە دەیانەوێ بیرکردنەوەکان بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری بکەن و بچووك بکەنەوە.

بونیاد/هاپیتوس/ پرۆسیسەکردن
لای پییێر بۆردیۆ

"مرۆڤ بە ئازادی لە دایك نابێ، بەڵكو دەتوانێ ئازاد بێ"

(سپینۆزا)

بێگومان زمان لە کۆیی پەیوەندییە جیاوازەکانیدا زۆربەی جاران بەکارهێنەرانی دوچاری جۆرێك لە دووبارەکردنەوە و گواستنەوە دەکات، هەندێکجار ئەو بنبەستبوون و گواستنەوەیە لە ڕێگای پلان و ڕێتم و بەرجەستەکردنی نیازی دیاریکراو، یان خەفەکردن و چەپاندنی جیاوازەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەر شێوەی دەربڕینی زماندا دەهێنێت، بەو مانایە زمان بەوە دەناسرێت، کە ئێمە ناچار بە گوتنی دەکەین، بۆیە (سارتەر) زمان وەك وەسیلەیەك بۆ ئیلتیزامبوون دەخاتە ڕوو. کەواتە زمان وەك بەها، ئایدیۆلۆژیەتێکی هەژموندار پێکدێنێ و مرۆڤ والێدەکات لەلایەك بەدوای بکەوێت و لەلایەکی دیکەش لە دووتوێیدا دابخرێت.

(پییێر بۆردیۆ 1930–2002) زمان تەنها وەك ڕێگایەك بۆ پەیوەندیکردن سەیر ناکات، بەڵکو وەك میکانیزمێك بۆ دەستبەسەراگرتن، قسەی لێدەکات. بەو مانایەش بەکارهێنانەکانی زمان بەهۆی جێکەوتەی زمان لەنێو پەیوەندییە جیاوازەکانەوە دیاری دەکرێن.

(1)

تیۆری پرۆسیسەکردن(practice) لە گەڕانەوەی ئەرزش بۆ کارای کۆمەڵایەتی خۆی هەڵدەگرێتەوە، گەڕانەوەی ئەو ئەرزشەش ڕاستەوخۆ وەك پەرچەکردارێك لەبەرانبەر تیۆری بونیادگەریدا وەستاوە، چونکە بونیادگەری خود وەك بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی ڕووت سەیر دەکات، نەك وەك دەربڕی واقیع. هەر لەوێشەوە بونیادگەری بونیاد بە هێزی بڕیاردەر دادەنێت و مرۆڤ پشتگوێ دەخات و ملکەچی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات و وەك بەرهەمێکی ئەو بونیادە تەماشای دەکات، بە مانایەکی دیکە هەموو هەوڵدانێکیان بۆ ئەوەیە، کە هەڵسوکەوتی تاکەکان لەبەر ڕۆشنایی بونیادە دەرەکییەکان ڕاڤە بکەنەوە، وەك ئەوەی بونیاد بتوانێ بە شێوەیەکی میکانیکی کار بکات و بتوانێ تەجاوزی ئیرادە و ڕۆحی تاك بکات.

چەمکی پرۆسیسەکردن لای بۆردیۆ جەخت لە پەیوەندی تاکی کارا بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە دەکات، ئەو پەیوەندییەش لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو بونیادەوە خۆی دەبینێتەوە، کە تاکی کارا پێی هەڵدەستێت. لەلایەکی دیکەش بۆردیۆ هەرگیز توانای تاکی کارا لە گۆڕین و گواستنەوە بەدوور نابینێ، بەڵام پێیوایە گۆڕان پێویستییەکی

www.dengekan.com

زۆری بە مەرجی بونیادەوە هەیە. واتە سەرەڕای ئەوەی، کە تاک لە بەرهەمی بونیادی ناوبراودا کاران، بەڵام دەشێ ئەو خودە (واتە خودی کارا) هەم لە کلتوری فەلسەفەی ئاگایی (باو) دوور بکەوێتەوە و هەم لە بەرژەوەندی بونیادیش دابێت (واتە لەبەرژەوەندی بونیادێکی دیکەی بەرهەمهێنراودا بێت) هەر بۆیە بۆردیۆ پرۆسیسەکردنی تاکی کارا لە بەرهەمهێنانی بونیاد لەنێو کایە کۆمەڵایەتییەکان بەهەند هەڵدەگرێت و پێیوایە ئەوە تاکە کاراکانن، کە بەردەوام بونیادی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێننەوە و دروستی دەکەن و دەیگۆڕن.

بەمجۆرە کردەی بەرهەمهێنانەوەی بونیاد، لەبەرهەمهێنانەوەیەکی میکانیکانە دوور دەکەوێتەوە و زێتر دەکەوێتە سەر هاوکاریکردنی تاکە کارەکان، ئەو تاکە کارایانەی، کە بونیادی بەرهەمهێنانەوە لە فۆرمی (هاپیتوس Habitu)دا دەبینن.[42] بەو مانایە هاپیتوس سیستمێکە تاکەکان لە ڕێگایەوە هەم لە جیهانی دەرەوە دەگەن، هەم هەڵیدەسەنگێنن. لای بۆردیۆ واقیعی ژیانی کۆمەڵگا دوو ئاستی هەیە، یان دوو بوون دەژی: یەکەمیان کایە کۆمەڵایەتییەکانن، کە دەکەونە دەرەوەی تاکەکانەوە و بونیادی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە. ئاستی دووەم بریتییە لە واقیعی کۆمەڵگا لە ژیانی تاکەکاندا بەو شێوەیەش هاپیتوش لەیەککاتدا بوونی واقیعی کۆمەڵگا و کایەکانە لە جەستەی تاکدا.[43]

کەواتە بکەری کۆمەڵایەتی نەك هەر فەزای کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەو کایە (**Field**) کۆمەڵایەتییەش داگیر دەکات کەپرۆسیسەکانی خۆی تێدا دەنوێنێ، ئەوەش لای بۆردیۆ بەو شێوە دەخرێتە ڕوو: پرۆسیسەکردن =(هاپیتوس – سەرمایە)[44] +کایە، بەمجۆرە پەیوەندی دیالۆگئامێزی نێوان بونیاد و پرۆسیسەکردن بەرجەستە دەبێت، ئەو پەیوەندییەش لە ڕێگای هاپیتوسی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەنجام دەگات:

بونیاد هاپیتوس پرۆسیسەکردن

هەمەڕەنگی ئەو پرۆسیسەکردنەش بە هەمەڕەنگی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و هەمەڕەنگی بونیادی عەقڵی هاپیتوسەوە بەندە. هەڵبەتە لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا ئەو هەمەڕەنگییە کەمتر بەرچاو دەکەوێت و زێتر هاوگونجان قەڵەمڕەوی دەکات، بەڵام لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان هەمەڕەنگی زێتر دەبینرێت.

[42] - بوردیو، بيير، أسباب عملية، ت: أنور مغيث، طرابلس: الدار الجماهيرية للطبع والنشر، 1966. ص: 202 – 203. هەڵبەتە چەمکی هاپیتوس لەلایەن بۆردیۆ دانەهێنراوە بەڵکو بەرفرەوانکراوە، چونکە ئەو چەمکە لە کارەکانی ئەرستۆ، نۆربێرت ئەلیاس Norbert Elias، ماکس فیبێر، ئەدمۆند هۆسرەل Edmund Husserl.

[43] – بڕوانە: پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی، ڕێبوار سیوەیلی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ 2010 هەولێر ل67.

[44] – بۆردیۆ پێیوایە هەموو جۆرێك لە سەرمایە دەبێتە شوێنی ململانێی لە کایەکەی خۆیدا.

(2)

کۆمەڵگای هاوچەرخ لای بۆردیۆ لە چەندین کایەی هەمەڕەنگ (سیاسی، ئابوری، ڕۆشنبیریی، پەروەردەیی، ئەکادیمی...) پێکهاتووە، کۆی ئەو کایە سنوردار و بێ سنوورانە، یان سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆیانە سەر بە یاسا و شێواز و گەمەی تایبەت و بەرژەوەندی بابەتیانەی خۆیانن. هەر یەك لەو کایە جۆراوجۆرانە بکەری تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو بکەرانەش سروشتی کارەکانیان بەپێی کایەکان دەگۆڕێت، وەك چۆن هەندێجاران تێکەڵ بەیەکتریش دەبن، بەڵام ئەوەی چەمکی کایەکان قووڵتر دەکاتەوە چەمکی جیاوازییە و ئەو چەمکەش لە ڕێگای چەمکی ستراتیژییەتەوە (Strategy) زێتر بەرجەستە دەبێت. بەو مانایەش بۆردیۆ دەیەوێ بڵێت پرۆسیسەکردنی بکەرە کاراکان ناکەوێتە بەرانبەر یاسای دیاریکراو و سەپێنراوەوە، بەڵکو بە پلان و ستراتیژییەتەوە بەندە. واتە پلان و ستراتیژییەت نە بە ئاراستەکردنەوە بەندە، نە بە شێوە میکانیکییەکانەوە... ستراتیژییەت لەلایەن بکەرەکانەوە ئاراستەکردنێکی بێ مەبەستانە و بێ هۆ لەخۆ دەگرێت.

بۆردیۆ ستراتیژییەت لە دوو شێوازدا دەبینێ: ستراتیژییەتی دووبارە بەرهەمهێنانەوە و ستراتیژییەتی گوازتنەوە. یەکەمیان ئامانجی پارێزگاریکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و باشکردنییەتی، پشت بە قەبارەی سەرمایە و حاڵەتی میکانیزمی دووبارە بەرهەمهێنانەوە دەبەستێت: وەك یاساکانی بۆماوە، بازاڕی کارکردن، سیستمی فێرکردن.. حاڵەتی ئەو میکانیزمەش بە حاڵەتی پەیوەندی هێز، لەنێوان چینەکانەوە دەلکێ. بەڵام ڕەهەندی دووەمی ستراتیژییەت لێپرسراوی بزاڤە ناوەکییەکانی فەزای کۆمەڵایەتییە، لەوانەش: دووبارە گواستنەوەی سەرمایەی ئابوری بۆ سەرمایەی فێرکردن (سەرمایەی فێرکردن کۆی ئەو ساڵانە دەگرێتەوە، کە فێرکار لە سیستمی فێرکردندا بەسەری دەبات، ئەوەش بەرە بەرە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە زیاد دەبێت) گواستنەوەی ناوبراو کردارێکە زێتر دەوڵەمەندەکان بۆ پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندییە جیاکارەکانیان بایەخی پێدەدەن جا چ بەشێوە ڕەواکەی یان بەشێوەی جۆراوجۆری ناڕەوا. مەبەستی بۆردیۆ لە بەرژەوەندی هەر تەنها بەرژەوەندی ئابوری نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر لەو چەمکە دەڕوانێ و دەیخاتە دووتوێی بەرژەوەندی ڕەمزی و قازانکردنی ڕەمزییەوە.[45]

(3)

هەموو کۆمەڵەیەك بارودۆخی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە و پەیوەندی بە بارودۆخەکانی دەوروبەرەوە دەکات، ئەوەش بە کایەکانی فەزا دەچوێنێ، بۆیە کۆمەڵگا بە زاراوەی فەزای کۆمەڵایەتی ناو دەنێ،

45 - بورديو، بيير، أسباب عملية، مرجع سابق، ص: 176.

بارودۆخی ڕێژەیی لەنێو ئەو فەزایەدا دەبێتە دیاریکەری ناسنامەی بکەر و کۆمەڵی کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە. کەواتە زاراوەی کایە لای بۆردیۆ دەکەوێتە سەر حاڵەتی ململانێی نێوان دوو بکەری کارای نایەکسان لە هێز بەسەر سەرمایەدا، جا ئەو سەرمایەیە هەر جۆرێك بێت، بۆیە کۆمەڵگا لە پەیوەندی هێزدا دەبینێتەوە هێزێك، کە دەکەوێتە نێوان چینەکانی کۆمەڵگاوە، ململانێ بۆ بەدەستهێنانی ئەو هێزەش لەپێناو جیاکاری ئابوری و ڕۆشنبیریی زاراوەی کایەی کۆمەڵایەتی گشتییە، ئەو کایە گشتییانەش بەرەو کایەی فەرعی دابەش دەبن، وەك کایەی فێرکردن، ئابوری، کایەی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریی، کایەی ئایین...

بۆردیۆ سێ قۆناغ بۆ شیکردنەوەی کایەی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو:

یەکەم، پێویستە ئاستی کایەکە لە بەرژەوەندی بە کایەی بڕیاردەر، کە کایەی سیاسییە دەستنیشان بکەین، چونکە ئەو کارە ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەو کایەیە چ مانا و بایەخێکی لەبەرانبەر کایەکانی دیکەدا هەیە.

دووەم، پێویستە لەپاش ئەوە وێنەیەکمان لەسەر پەیوەندییە بابەتییەکانی نێوان پێگە جیاوازەکان لەبەر چاو بێت، کە لە کایەیەکدا هەن. واتە پێویستە بزانین شەڕە ڕەمزییەکانی ناو کایەکە لەسەر چین.

سێیەم، دەبێت لە هاپیتوسی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان بکۆڵینەوە. واتە پێویستە بزانین چ هەڵوێستێك لە ناو کایەکەدا بڕیاردەرە و توانای دەستنیشانکردنی جۆرەکانی سەرمایەی ناو کایەکەی هەیە.[46]

[46] - پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی، هـ. س.پ. ل60-61.

(4)

هەڵبەتە تێڕوانینی بۆردیۆ بۆ سەرمایە (Cabital) زۆر بەرفرەوانترە لەوەی، کە لە ئابوریناسی مارکسیدا دەبینرێت، چونکە چەمکی سەرمایە وەك بەدیهێنەری پەیوەندی و ئاڵوێری و سەودا تەماشا دەکات، ئەو تێروانینەی بۆردیۆ بۆ سەرمایە بۆ تێگەیشتن لە دنیای کۆمەڵایەتی زۆر بە سوودتر دەکەوێتەوە. بۆردیۆ پێیوایە هەموو ئەو هێزەی، کە وەك میکانیزم لە پرۆسەی ململانێی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێت بۆ سەرمایە دەگەڕێتەوە. بۆیە چەمکی سەرمایە هەموو جۆرە خاوەندارییەك لەخۆ دەگرێت، کە بکەرەکان پرۆسیسەی دەکەن.[47] بۆردیۆ جگە لەسەرمایەی ئابوری قسە لەسەر شێوەی جۆراوجۆری سەرمایە دەکات لەوانەش سەرمایەی ڕۆشنبیریی، ئەو سەرمایەیەش دابەشی دوو جۆر دەکات، یەکێکیان بۆماوەیە و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە تاك لەمیانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە بەدەستی دەهێنێت، وەك ڕەگەزەکانی بونیادی عەقڵی و دەستەواژەی زمانەوانی. ئەویدیکەشیان وەرگیراوە و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە تاك لە ڕێگای توانا و بەها و فێربوونەوە بەدەستی دەهێنێت.

هەڵبەتە بۆردیۆ پێماندەڵێت چۆن سەیری سەرمایەی ئابوری دەکەین، بە هەمان شێوەش سەیری سەرمایەی ڕۆشنبیریی بکەین، بە

[47] - أنصار، بيار، العلوم الاجتماعية المعاصرة، ت: نخلة فريفر، ط1، بيروت: المركز الثقافي العربي، 1992. ص: 97.

www.dengekan.com

تایبەتی ئەوەی، کە پەیوەندی بە کەڵەکردنەوە هەیە. بەو مانایەش دەیەوێ بڵێ سیستمی ئابوری لەپشت سەرمایەی ڕۆشنبیرییەوەیە، بەڵام سەرمایەی کۆمەڵایەتی کۆی بەیەکەوە بەندبوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بکەرەکان لەخۆدەگرێت. ئەو پەیوەندییە بەرانبەرانەی تاك بە ئەوانیدیکەوە بریتییە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی، کە بەهۆی سەرمایەی گشتییەوە پشتیوانی لە تاکەکان دەکات، بنەمای ئەو ڕەوایەتی و پشتیوانییەش بۆ بیروباوەڕ و بڕوابوون دەگەڕێتەوە. هەڵبەتە لەو بارەدا هەموو جیاوازییە چینایەتییەکان و جیاوازییەکانی دیکەش وەك سەرمایەی ڕەمزی تەماشا دەکرێت و مافی جیاکاری خۆی لە پەیوەندی و بڕوابوون دەخەملێنێ.[48] بەڵام سەرمایەی سیاسی، کە وەك یەکێك لە سەرمایە ڕەمزییەکان تەماشا دەکرێت، جگە لە سەرمایەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری شتێکی دیکە نییە، واتە ئەو جۆرە سەرمایەیە بەپێی شێوازێکی تایبەتی وەرگرتن بە فەرمی دەناسرێت و دانی پێدادەنرێت. بە مانایەکی دیکە هەر جۆرێکی سەرمایەی ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە پلەی جیاواز وەکو سەرمایەی ڕەمزیش بەرجەستە دەبن. بایەخی سەرمایەی ڕەمزی لە شیکردنەوەی کۆمەڵگادا جوانتر دەردەکەوێت.

48 - بورديو، بيير، الرمز والسلطة، ت: عبد السلام بنعبد العالى، ط2، الدار البيضاء: دار توبقال، 1990. ص: 76.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1- جان جاك لوسيركل، عنف اللغه، ترجمه و تقديم: د. محمد بدوى، النقمه العربيه للترجمه، بيروت- لبنان..

2- فلسفه الجسد، ميشيلان مارزانو، ترجمه، نبيل ابو صعب، بيروت.

3- علاقه الوعى و الجسد، 2/7/2007. و سبينوزا باروخ او بنديكت 1632-1677، بروانە ئینتەرنێت.

4- فلسفه الجسد، ميشيلان مارزانو...

5- فريديريك نيتشه، هكژا تكلم زرادشت، ترجمه، فلكس فارس، دار القلم، بيروت- لبنان.

6- رولان بارت، مغامره فى مواجهه النص، تاليف، فرانك ايفرار و اريك تينه، ترجمه، د. وائل بركات، دار الينابيع، ديمشق، گ1.

7- سعيد بوخليگ، سؤال الفلسفه ! فى أفق لعبه وجوديه صميميه، بروانە: سایتی گوگڵ.

www.dengekan.com

8- أمل فؤاد عبيد، جيل دولوز والسؤال الفلسفي، شبكه النبأ المعلوماتيه- الجمعه 8 /كانون الآول /2006 -16 / ژی القعده /1427.

9- بونتي, موريس ميرلو , المرئي واللامرئي , ت. د .سعاد محمد خجر, دار الشؤون الثقافيه العامه , بغداد.

10- حنا عبود، تفاحه ادم، دراسه في النقريه الفلسفيه عند د.ه. لورانس، دار المسيره- بيروت.

11- فروید سیغموند Freud Sigmund (1856- 1939) پزیشكی دەروونی نەمساوی، بە بەناوبانگترین زانای دەروونی لە فیكری نوێ دێتە ژماردن. دامەزرێنەری رێبازی دەروونشیكارییە (Psychoanalysis).

12- حنا عبود، تفاحه ادم، دراسه ڤ النقريه الفلسفيه عند د.ه. لورانس، دار المسيره- بيروت.

13- مانیفستۆی شارستانێتی دیموكراتی، 1، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، و: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی یەكەم،2009، ل.206

14- ژن، پیاو، ئاكاری سێكسی لە لانكەی شارستانیەتەكاندا، ویل دورانت، وەرگێرانی لە فارسییەوە: دلشاد خۆشناو، لە زنجیرە بڵاوكردنەوەكانی یەكێتی ژنانی كوردستان، .2009

15- زۆربەی زۆری ژنگەراكان پێیانوایە فێمینیزمگەرایی بزاڤێكی شەعبیە ئامانجی لابردنی ئەو تەگەرانەیە كە لەسەر بنەمای پشتاوپشتگەری و پلەوپایەی كۆمەلآیەتی و رۆشنبیریی و ئایینی جێگیر كراون. ئەو بابەتانەی كە فێمینیزم لە كۆمەڵگای پەتریاكیدا بە ناوەرۆكی خۆی دەزانێ بەشتبوون و بەشتبوونی سێكسییە (واتە كردنی ژن بە كاڵای سێكسی) و چەوسانەوە... بۆ زێتر شارەزایی بروانە: ویكیبیدیا، الموسوعه الحره، انبویه، مارس 2010.

16- فیمینیزم، جیەن فریدمەن، وەرگێرانی، فەرشید شەریفی، وەزارەتی رۆشنبیریی، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی كارۆ.

17- ئایدیۆلۆژیا و بزاڤە فێمینیزمەكان چەندان جۆرن: فێمینیزمی رادیكاڵی، لیبراڵی، باشوری، ژینگەیی، ئەفسانەیی، توندگەرا، یەهودی، مەسیحی، ئیسلامی.. لە تیۆریسنەكانیشیان بۆ نموونە: جۆن ستیوارت مل، سیمون دی بوفوار، جیرمین غریر، قاسم امین.. بۆ زێتر شارەزایی بروانە: ویكیبیدیا، الموسوعه الحره، انبویه، مارس 2010.

18- مەسەلەی هۆمۆسێكسواڵەكان لە ژێر ناوی (اتفاقیه القچاو علی كافه اشكال التمییز چد النساو) جێگای بۆ كراوەتەوە، ئەوەش دوای ئەوە هات كە (**نیكۆلاس تۆنون**)ی ئوسترالی هۆمۆسێكسواڵ رەخنەی لە پەیماننامەی نێو دەوڵەتی مافی مرۆڤ گرت، كە هیچ پاراستنێكی مافی ئەوانی تێدا نییە و داوای جێكردنەوەی مافی هۆمۆسێكسواڵەكانی لەنێو مافی مرۆڤ كرد.

19- بۆ زێتر شارەزایی و بەدواداچوون بروانە: فیمینیزم، جیەن فریدمەن، وەرگێرانی، فەرشید شەریفی. هـ. س. پ. ل36،24 .

20- جێندەرGander لە ڕۆشنبیریی ئینگلیزی هاتۆتە بەرهەم، ئەو وشەیە ئەسڵی لاتینییە، لە زمانی عەرەبی وشەی (الجنوسە)ی بۆ بەکار دەهێنن. ڕێکخراوی "تەندروستی جیهان" پێناسەی جێندەر بەوە کراوە کە زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی پیاوان ئافرەتان بەکار دێت، پەیوەندی بە جیاوازی ئەندامەکانیانەوە نییە، لەلایەکی ترەوە مەوسوعەی بەریتانی لەماددەی جێندەردا پێناسەی وشەکەی کردووە بەوەی هەستی مرۆڤ بەوەی نێرە یان مێ ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەندامی نێرینەی هەیە یان مێیینە بەڵکو ناسنامەی جێندەریی لەکاتی لەدایکبوونەوە دیاری ناکرێ بە نێرینە و مێینە بەڵکو لایەنی نەفسی و کۆمەڵایەتی دەبنە پێکهێنەری ناسنامەی جێندەری ئەو کەسە کاتێك لەمنداڵیەوە گەشە دەکات.

بەپێی ئەو پێناسەی مەوسوعەی بەریتانی: نێرنەیی و مێینەیی پەیوەندی بەلایەنی ئەندامیی نێرنە و مێنەوە نییە بەڵکو مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە، ناسنامەی ئەندامیی بۆ تاك هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی کە هەست بکات نێرە یان مێ، بەڵام ئەم ناسنامە ئەندامییە لەگەڵ سروشتی لایەنی نەفسی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هاوتەرب نییە. بۆ زێتر شارەزایی بروانە ئەو سەرچاوەیەی خوارەوە:

21- لێکۆڵینەوەیەکی خێرا لەسەر "جێندەر" ئامادەکردنی: سۆران عومەر، بروانە سایتی ماڵێك لە ئاسمان.

22- جلبیر غرانغیوم، الآب المقلوب واللغە الممنوعە، ترجمە: محمد أسلیم، صدرت هژە الترجمە بمجلە الفکر العربی المعاصر.

23- ژن، پیاو، ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانیەتەکاندا، ویل دورانت، وەرگێرانی لە فارسییەوە: دلشاد خۆشناو، لە زنجیرە بڵاوکردنەوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، .2009

24- یەکێکە لە گەورەترین ڕۆشبیرانی فەرەنسی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، لە 22ی یەنایەری ساڵی 2002 لە تەمەنی 72 ساڵیدا کۆچی دوای کردووە. بۆردیۆ بە سیاسەتەوە پەیوەست بوو، وەك چۆن بە قووڵی چووبووە نیو فیکر و مەعریفەوە.

25- بیار بوردیو، الهیمنە الژکوریە، ترجمە: د. سلمان قعفرانی، مرکز دراسات الوحدە العربیە، الحمراو- بیروت، گ 2009.

26- پول ریکور، زندگی در دنیای متن، ترجمە، بابك احمدی، چاپ چهارم، ص 97-111. و: دانا لەتیف شوانی.

27- التنمگ الجنسی فی المجتمع و فی ادب الاگفال، ترجمە: لمیس کنجی، مراجعە: سلیمان حسین، جریدە الاسبوع الادبی، العدد 832 فی 2002/11/9.

28- ژن، پیاو، ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانیەتەکاندا، ویل دورانت، وەرگێرانی لە فارسییەوە: دلشاد خۆشناو، لە زنجیرە بڵاوکردنەوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان.

29- یوسف المحسن، الهیمنە الژکوریە کبنیە سوسیو- پقافیە، موقع محمد اسلیم، 27/ینایر 2002.

30- بیار بوردیو، الهیمنە الژکوریە، ترجمە: د. سلمان قعفرانی.

31- الجنس الّول/ لآيريك زيمور: لم تترجل المرأه فتأنب الرجل، رودولف چاهر، هەڵبەتە ئەو ناونیشانە لە ناونیشانی کتێبەکەی سیمۆن دۆبۆڤوار بە ناوی ڕەگەزی دووەم وەرگیراوە, بڕوانە سایتی گۆگڵ لە ئینتەرنێت.

32- بيار بيرنبوم، معجم علم السياسه والمؤسسات السياسيه.

33- د. العگرى عبد الرحيم العلوم الاجتماعيه و التحولات السياسيه: فى الحاجه إلى السؤال السوسيولوجى"

34- على سالم/ عن جريده: النهار، الجمعه 8 شباگ 2002.

- صبحى درويش كاتب سورى عن انترنيت.

35- شبكه النبأ المعلوماتيه- الپلاپاو 24 نيسان/2007 - 7/ربيع اليانى/1428.

36- بورديو، بيير، أسباب عمليه، ت: أنور مغيپ، گرابلس: الدار الجماهيريه للگبع والنشر، 1966. ص: 202 - 203. هەڵبەتە چەمکی هاپیتوس لەلایەن بۆردیۆ دانەهێنراوە بەڵکو بەرفرەوانکراوە، چونکە ئەو چەمکە لە کارەکانی ئەرستۆ، نۆربێرت ئەلیاس Norbert Elias، ماکس فیبێر، ئەدمۆند هۆسرەل Edmund Husserl.

37- پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی، ڕێبوار سیوەیلی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ 2010 هەولێر.

38- بۆردیۆ پێیوایە هەموو جۆرێك لە سەرمایە دەبێتە شوێنی ململانێی لە کایەکەی خۆیدا.

39- أنصار، بيار، العلوم الاجتماعيه المعاصره، ت: نخله فريفر، گ1، بيروت: المركز الپقافى العربى.

40- بورديو، بيير، الرمز والسلگه، ت: عبد السلام بنعبد العالى، گ2، الدار البيچاو: دار توبقال، 1990.

شاعیر و ڕەخنەگر و وەرگێڕ

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

– سێبەری ئاو– کۆمەڵە شیعر، هەولێر/ 1995.

– بازەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەڕۆژووبین– قەسیدە، هەولێر/1996.

– ئاگایی زمان زمانی ئاگایی– لێکۆڵینەوە– لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/1999.

– تەنیا مەرگ – سێ دەقی شانۆیی وەرگێردراو لە عەرەبییەوە– لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ/1999.

– تەنیا ئاو تەنیا باران– کۆمەڵە شیعر، لە عەرەبییەوە– لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ/2001.

– پەیبردن بە ژیان, پەیبردن بەشیعر بوون– لێکۆڵینەوە– لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2001.

– شیعریەتی دەق– ئەدۆنیس– وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی/2002

– مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆید–وەرگێرانی لە عەرەبییەوە– دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2002.

– خەیاڵی زمان – لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2004.

– شوێنکاتی یەکەم لە دووەم و ئێستای سەرگوڕە، لێکۆڵینەوە– لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر/2004.

– ئەدۆنیس– دوو گفتوگۆی فیکریو ئەدەبییە– وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە– لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر/2005.

– خوێندنەوەی پەراوێز, پەراوێزی خوێندنەوە– نومایشکردنی فیکری سەردەم لە چەند پەراوێزێ– لێکۆڵینەوە– لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی،/2005.

– درید–رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی– وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە– لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/2005.

– نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو، کۆمەڵێك وتارو گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە– وەرگێرانی لە عەرەبییەوە– لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر/2006.

– ئەدۆنیس.. ئەفسوونکاری وشەکان، کۆمەڵێك گفتوگۆی ئەدەبی و فیکرییە– وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، هەولێر/2008.

– زمان/گێڕانەوە، کۆدی دافنشی، لێکۆڵینەوە، کتێبی گیرفان ژمارە 41، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان، بەرێوەبرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیریی،2010. هەولێر.

– شەڕی زمان، لەپێناو تەئویلکردنی دەق، لێکۆڵینەوە، بەرێوەیەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2010.

– میوانی ئاو، کۆمەڵە شیعر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، 2010.

– زمان/بوون/شیعر، لێکۆڵینەوە (خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموون و تایبەتمەندی شیعری هاشم سەراج) دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر 2010.

ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپکردنن:

– قەسیدەی وێنەیی، شیعری خەزعەل ئەلماجدی، وەرگێڕان.

– شیعرییەتی عەرەبی، ئەدۆنیس، وەرگێڕان.

– لەبەر باران، کۆمەڵە شیعر.

– خەیاڵی رەوانبێژی، دەق و پراکتیزەکانی وەرگر، لێکۆڵینەوە.